# ژنان ٦٩

ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەفرانباری ٢٧٢٤ کوردی






ئێران.. توندوتیژی دەوڵەتی دژ بەژنان



دیپلۆماسی ژنان پاڵنەرێ بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی



شەڕ و لێکەوتە دەروونی و توندوتیژیەکانی دژی ژنان و منداڵان

دیمانە: شاماران



توندوتیژی لەڕوانگەی یاسا و کولتوور و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا



ئاپارتایدی ڕەگەزی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



توند و تیژی دژی ژنان و کچان لە ئێران



# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ژماره ٦٩ی گۆڤاری «ژنان»

پێرستی بابەتەکان

١ـ پێریست و ناسنامەی گۆڤار

٢ـ ئێران.. توندوتیژی دەوڵەتی دژ بەژنان

**نەسرین یوسفزادە**

٤ـ شەڕ و لێکەوتە دەروونی و توندوتیژیەکانی دژی ژنان و منداڵان

**دیمانە: شاماران**

٧ـ دیپلۆماسی ژنان پاڵنەرێ بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی

**ئازاد مستۆفی**

١٢ـ توندوتیژی لەڕوانگەی یاسا و کولتوور و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا

**شلێر مەحموودی**

١٧ـ ئاپارتایدی ڕەگەزی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سەیران مەنووچێهری**

١٩ـ با توندوتیژییەکانی دژی ژنان بناسین و بەرەنگاریان بینەوە

**(نووسینی سارا صدرالدینی) وەرگێڕانی: فاتمە مەلەکی**

٢٤ـ ژنانی خۆر و شکاندنی بێدەنگی لە ژێر بەرداشی سیاسەت و نەریتدا

**لەیلا قادری**

٢٦ـ توندوتیژی دژ بە ژنان

**ژوان**

٢٩ـ چەند فاکت لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان

**دلێر خورشیدی**

٣٠ـ توند و تیژی دژی ژنان و کچان لە ئێران لە چەرخەی مێژوودا

**حەسەن حاتەمی**

٣٤ـ سۆشیالمیدیا و توندوتیژی دژی ژنان

**مەحبووبە ڕەحیمی**

٣٦ـ ٢٥ی نۆڤامبر و ئەرکی ژنان

**شەهێن زادئەحمەد**

٣٨ـ ڕاپۆرتی کار و چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٥ی نۆڤەمبرەوە هەتا ١٠ی دێسەمبەر

**ئامادەکردنی: سیمین روحانیزادە**

٤١ـ «ژنێک لە مندا پێدەکەنێ»

**فەوزیە سوڵتانبەیگی**

٤٢ـ شێعر

**شلێر ڕەشیدی**

٤٣ـپەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

سەرنووسەری گۆڤار:
نەسرین یوسفزداه
**دەستەی نووسەران**
نەسرین یوسفزادە
ش. ب
ئازاد مستۆفی

**هاوکاران**

شاماران
فاتمە مەلەکی

**کاری فەنی**

دیزاین: نەسرین یوسفزادە
بەرگ شەهلا حاجی ڕەحیمی

نووسەرانی ئازیز ئاگەدار دەکەینەوە کە بۆ ژمارەی داهاتووی گۆڤاری ژنان پێشوازی دەکەین لەو بابەتانەی کە لەم تەوەرانەدا خۆدەبیننەوە:

١. «٨ی مارس» ڕێگایەک بۆ دادپەروەری ئابووری بۆ ژنان»
٢. «ئابووری و ژنان، و چەڵێنجەکانی سەدەی بیست و یەک»
٣. «یەکسانی لە کار و ژیاندا»
٤. «ئابووری بەردەوام بە بەشداریی یەکسانی ژنان»
٥. «ژنان وبەهێزکردنی ئابووری»
٦. دیمانە لەگەڵ ژنانی سەرکەوتوو لە بوارەکانی ئابوورییدا.
٧. داتا و ئاماری پەیوەست بە باری ئابووری ژنان لە کوردستان، ئێران و جیهان.
٨. پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی سیاسەت و کولتوری ئابووری بۆ پاڵپشتیکردنی ژنان.
٩. چیرۆکی ئیلهامبەخشی ژنانی خاوەنکار یان چالاک لە بواری ئابووریدا.
١٠.بەهێزبوونی ژنان لە بواری ئابووریی و کاریگەریی لەسەر ژیانیان
١١–(کارآفرینی) ژنان و کاریگەریی لەسەر ژیان

**بۆ پێوەندی کردن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**
**لینکی گۆڤاری ژنان لە سایت:** https://www.kurdwomen.org/category
**٠٠٩٦٤٧٥٠١٢٢٠٨٧٣**
**٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩**

# ئێران.. توندوتیژی دەوڵەتی دژ بەژنان

توندوتیژیی دەوڵەتی دژ بە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی لە ئێران لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا دیاردەیەکی ئاڵۆز بووە کە لە سیاسەت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیای جیاوازدا سەرچاوەی گرتووە. ئەم توندوتیژیە شێوەی جۆراوجۆر دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەنجام دەدرێت. لێرەدا باس لە چەند لایەنێکی گرینگی ئەم مەسەلەیە دەکەم.

**یەکەم، سەردەمی پێش شۆڕشی ١٣٥٧هـ. لە سەردەمی قاجار هەتا سەردەمی پەهلەوی یەکەم:**

لەو ماوەیەدا، ژنان زۆرجار لە پەراوێزی سیاسەت و کۆمەڵگەدا بوون. مافەکانی ژنان سنووردار بوو بە دابونەریتی خێڵەکی و ئیسلامی کۆمەڵگە بەتەواوەتی پیاوسالار بوو و ئەوە پیاوان بوون قسەی یەکەمیان دەکرد و لێرەدا دەگمەن بنەماڵەگەلێک بوون کچیان بنێرنە قوتابخانە و یان ژنیان لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەرکەوێ. سیاسەتەکانی وەک لابردنی حیجاب بەزۆرەملێ لەلایەن ڕەزاشا، بە ئامانجی مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە فشارێکی زۆری خستەسەر ژنانی نەریتخواز و کێشەی کۆمەڵایەتی دروستکرد. ڕەزاشا بەبڕیاری کەشفی حیجاب واتە لابردنی سەرپۆش، بووە هۆی ئەوەی ژنان و کچان لە بنەماڵە باوەڕمەند و ئیسلامییەکان نەیەنەدەرێ و بەڕێژەیەکی بەرچاو خوێندنگە و زانکۆ و بەتایبەت کۆمەڵگە ژنی لێنەما و ئەوە خەسارێکی گەورە بوو کە لەو سەردەمەدا لە خەڵک و حکوومەتی ئەوکاتی ئێران درا.

لە کاتی فەرمانڕەوایی پەهلەوی دووەم واتە محەممەدڕەزای پەهلەوی، هەوڵ درا بۆ چاکسازیی یەکێک لە مافەکانی ژنان، وەک مافی دەنگدان، بهێننە بەرباس و لە ساڵی١٣٤١هـ (١٩٦٢ز.) لە ئێران مافی دەنگدان بە ژنان بەخشرا. ئەم ڕووداوە بەشێک بوو لە «شۆڕشی سپی» محەممەدڕەزای پەهلەوی.

لەم چاکسازییانەدا ژنان مافی بەشداریی لە هەڵبژاردندا هەبوو و مافی ئەوەیان هەبوو خۆیان بەربژێر بکەن و ئەوە بووە هۆی تووڕەبوونی ئایەتوڵڵاکانی قوم و مەشهەد. پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان لەو کاتەدا لەلایەن هەندێک گرووپی ئایینی دژایەتی لەگەڵ دەکرا بەڵام دواجار لە



نەسرین یوسفزادە

ڕیفراندۆمی شۆڕشی سپی لە ساڵی ١٣٤٢ پەسەند کرا و بۆ یەکەم جار ژنان لە ئێران توانیان بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٤٣ بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی بوو کە ژنان و پیاوان وێڕای یەک چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگیان بەو کەسەی کە خۆیان دەیانویست دا.

لەگەڵ ئەوەشدا، فشاری سیاسی و سەرکوتکردنی ژنانی بەرهەڵستکار، وەک چەپ و چالاکوانانی ئایینی، بەشێک بوون لە توندوتیژیی دەوڵەتی و ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە کوردستان نێزیکەی بیست ساڵ پێشتر واتە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە کۆماری کوردستاندا بە بڕیاری پێشەوا قازی محەممەد حیزبێک بە ناوی «حیزبی دیموکراتی ژنان» کە دوایی بووە «یەکیەتیی یایان» و ئێستاش بە ناوی «یەکیەتیی ژنان» کار دەکا، دەمەزرا و هەر ئەوکات ژنی کورد لە کوردستان بیست ساڵ پێش ژنانی دیکەی ئێران بوون. لەو سەردەمدا بوو کە ژنانی فارس لە نێو سینەماکاندا خۆیان بینییەوە و تەنانەت ئەوەش بەشێوەیەک پێشێلکردنی مافی ژنانی لەگەڵ بوو چونکە زۆربەی ئەو ژنانەی کە لە نێو فیلمەکاندا ڕۆڵیان دەگێڕا کەڵکاوەژووی جنسییان لێدەکرا و بەشێکیان دوای شۆڕشی گەلانی ئێران نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ سینەما و ئیتر خانەنشین کران.

دوای شۆڕشی ئیسلامی، سیاسەتەکانی ئێران دژی ژنان کاریگەریی زۆری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی هەبوو. سنووردارکردنی توند لەسەر مافە مەدەنییەکان، وەک هەڵوەشاندنەوەی مافی دادوەری ژنان و سنووردارکردنی توند لەسەر دامەزراندنی ژنان لە پۆستە دەوڵەتییەکان و سنووردارکردنی هەلی کار بۆ ژنان. واتە ژنان لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ەوە بەرەو پێشکەوتن نەدەچوون و ڕێژیمی تازەی ئێران یەکەم هەنگاوەکانی بەپێشێلکردنی مافی ژنان دەستپێکرد. لێرەدا ئەگەر ئاورێک لەو مافانەی ژنان بدەینەوە کە دوای هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە لێیان زەوت کراوەو باسێکی لەسەر بکەین دەبێ بڵێین مافی ژنان لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا بەچەندین شێوە پێشێل کراوە.

یەکەم بەشێوەی قەدەغەکردنی ئازادیی لەبەرکردنی جلوبەرگ کە لەسەرەتای دامەزرانی ئەو حکوومەتە و هاتنە سەرکاری خومەینی و بڕیاری سەرپۆشی زۆرەملێ بووە هۆکاری ئەوەی سەدان ژن بە دژی بوەستن و نەیانهەوێ ئەو یاسایە قەبووڵ بکەن یان ئەوەی بۆ هەمیشە چوونەوە سووچی ماڵێ و یان ئەوەی ڕێگەی هەندەرانیان



گرتەبەر و زێدی خۆیان بەجێهێشت. بەپێچەوانەی حکوومەتی ڕەزاشا کە لەوێدا خەریک بوون پۆششیان لەسەر ژنان بە زۆرەملێ لادەبرد ئەمجار حیجاب بە تەواوی بووە زۆرەملێ و کۆنترۆڵی تەواو لەسەر جەستە و جلوبەرگی ژنان کرا. لەلایەکیترەوە ژنان تووشی سەرکوتی سیاسی بوون و حکوومەت دەستیکرد بە دەستگیرکردن، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی ژنانی بەرهەڵستکار و جیابیر بەتایبەتی لە ساڵانی دەیەی شەستی هەتاویدا ژنانێکی زۆر لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران دوای ئەوەی دەستدرێژی جنسییان لەسەر دەکرا، لەسێدارە دران. لەساڵانی پێشوودا سەرکوتکردنی نارەزایی ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران و بزووتنەوەی سەوز لە ساڵی ١٣٨٨ و کوژرانی کچی تارانی ندا ئاقاسوڵتان و دەیان کچ و کوڕیتر دەستپێکی بزووتنەوەکانی ژنان لە ئێران بوو کە حکوومەت بە بەردەوامی بە چەکی دژەمرۆیی ڕووبەڕووی نارازییەکانی خۆی بووەتەوە.

زیادبوونی بزووتنەوەی ژنان:

ژنان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی ئێران، سەرکردایەتی خۆپیشاندان و گۆڕانی کۆمەڵایەتییان کرد وەک بزووتنەوەی «منیش» و «چوارشەممەی سپی». سەرکوتکردنی ئەم خۆپیشاندانانە بە توندوتیژیی دەوڵەت و دەستگیرکردن و قەدەغەکردنی چالاکی ڕووبەڕوو بووەوە.

خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە:

بە کوشتنی ژینا ئەمینی لە خەرمانانی ١٤٠٠ نموونەیەکی بەرچاوی توندوتیژیی سیستماتیک دژی ژنان بوو کە نارەزایی بەرفراوانی لێکەوتەوە.

وەک هێمای بەرگری، ژنان ڕووبەڕووی سەرکوتکردنی توند بوونەوە، لەوانە بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و جنسی لە گرتووخانەکان.

جۆرەکانی توندوتیژی دەوڵەت دژی ژنان بریتین لە:

توندوتیژی جەستەیی:

سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان، دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانیان.

توندوتیژی یاسایی:

دەرکردنی یاسای سنووردار، نایەکسانی لە دادگا دادوەرییەکان.

توندوتیژی یاسایی تاکی و بنەماڵە:

یاسای نایەکسان لە بواری هاوسەرگیری، تەلاق، بەخێوکردن و میرات. سزاکانی وەک بەردباران و قامچی بۆ «تاوانی ئەخلاقی».

توندوتیژی کۆمەڵایەتی و کەلتووری:



**سەرکوتکردنی ژنانی بەرهەڵستکار، وەک چەپ و چالاکوانانی ئایینی، بەشێک بوون لە توندوتیژیی دەوڵەتی و ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە کوردستان نێزیکەی بیست ساڵ پێشتر واتە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە کۆماری کوردستاندا بە بڕیاری پێشەوا قازی محەممەد حیزبێک بە ناوی «حیزبی دێموکراتی ژنان» کە دوایی بووە «یەکیەتیی یایان» و ئێستاش بە ناوی «یەکیەتیی ژنان» کار دەکا، دەمەزرا و هەر ئەوکات ژنی کورد لە کوردستان بیست ساڵ پێش ژنانی دیکەی ئێران بوون**

پڕوپاگەندەی حکوومەت دژی ژنانی سەربەخۆ و فێمینیست لە ئێراندا و نەهێشتنی هەر شێوە جووڵانەوە یان کۆڕ و کۆبوونەوەیەک بەمەبەستی پەروەردەی ژنان لەو وڵاتەدا جگە لەوانەی کە خۆیان هەڵیانبژاردوون و لە دارودەستەی خۆیانن واتە ئەو ژنانەن کە پەسندی «بەیت-ی ڕەهبەری»ن.

توندوتیژی ئابووری شێوازێکیتری توندوتیژییە:

سنووردارکردنی کار و کەمبوونەوەی دەستگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان و نەبوونی داهات بۆ ژنان و لەژێر سایەی ئەو حکوومەتە کە بۆ ڕاگرتنی ژیانێکی سێ کەسی پێویستە لانیکەم دوویان کار بکەن تا بتوانن دەرەقەتی بژیو بێن. ئەوە هیچ کە هەلی کار بۆ ژنان کەمە، ئەگەر ژنێکیش لە شوێنیکی حکوومی یان کەرتی تایبەت دامەزرێ زۆربەی کاتەکان تووشی گێچەڵی جنسی دەبێتەوە.

کاریگەریی ئەم توندوتیژیە لەسەر کۆمەڵگە:

دروستکردنی بەرخۆدانی کۆمەڵایەتی، نارەزایی ژنان و پیاوان لە دژی ئەم توندوتیژییانە لە ئێران و ناوچەکە بۆتە سیمبولی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.بەهێزکردنی پاڵپشتی نێودەوڵەتی و فشاری دەوڵەتانی جیهان بۆ مافەکانی ژنان لە زیادبووندایە. گۆڕانکارییەکانی نەوەی نوێ و لاوان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داوای مافی یەکسان و ئازادی زیاتر دەکەن و بەدڵنیاییەوە ئەوە لاوان و ژنان و کچانی ئێران و کوردستانیش دەگرێتەوە. توندوتیژیی دەوڵەت دژی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی لە ئێران، کێشەیەکی سیستماتیک لە پێکهاتە و ئایدیۆلۆژیا و سنووردارکردنی دەسەڵاتدایە. هەرچەندە لەماوەی ئەم سەد ساڵەدا ژنان سەلماندوویانە دەتوانن بەرەنگاری ئەم توندوتیژییانە ببنەوە و ببنە سیمبولی تێکۆشان بۆ ئازادیی و یەکسانیی.

# شەڕ و لێکەوتە دەروونی و توندوتیژیەکانی دژی ژنان و منداڵان

دیمانە:
شاماران

**لەو هەموو شەڕە وێرانکەرەی کە بەرۆکی جیهانی گرتووەوە دەمانەوێ لەسەر هەندێ پرسی گرنگ ڕابوەستین و پێکەوە تاوتوێ بکەین، بزانین ئاخۆ ئەو هەموو شەڕەی کە لە مێژوودا روویداوە چ قازانج و دەستکەوتێکی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە، دەمانەوێ بزانین کە ئەو توندوتیژیانەی کە لە لەکاتی شەڕدا بەرامبەر بە ژنان و منداڵن ئەنجام دەدرێ چین لەبەر ئەوەی کە قوربانی سەرەکی شەڕەکان ژنان و منداڵانن، هەوەرها هەڵسەنگاندنی ئەو لێکەوتە کۆمەڵایەتیە و دەروونیەی کە شەڕ بەدوای خۆیدائەهێنێ ، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو ئارەزوو نستانی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مامۆستای زانکۆ دەبێ.**

**د.ئارەزوو نەستانی: تا ئەوکاتەی عەقڵییەتی دانوستان نەبێ، جەنگ بەردەوامە**
**دیمانە:**

لەم دیمانەدا خاتوو د.ئارەزوو نەستانی لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە باسی جەنگ دەکا و سەرنج دەخاتەسەر جۆرەکانی جەنگ و باسی ڕەوابوون و نەبوونی دەکا و ئاوڕێک لە جەنگی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش دەداتەوە. د.نەستانی باسی ئەو ستەم و پێشێلکارییانەش دەکات کە لە جەنگدا ڕووبەڕووی کچان و ژنان دەبێتەوە و ئەو دەڵێت لە جەنگدا «گەشەی کۆمەڵگە جێگەی خۆی دەداتە دارمانی کۆمەڵگە» و باسی ڕەهەندە زیانبەخش و وێرانکارییەکانی جەنگ دەکات.

**پ: کاتێک باسی شەڕ دەکرێ مرۆڤ ناڕاستەوخۆ دیمەنی وێرانی و ئاوارەیی و برسیەتی و کوشتن و برین و خوێن دێتە بەرچاوی، پێناسەی شەڕ چییەو بەسەرنجدان بەوەی زۆربەی کات لایەنەکانی شەڕ بۆ پاساودان پشت بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی دەبەستن، ئایا شەڕ دەتوانێ ڕەوایی هەبێ؟**

و: لەوەتەی مرۆڤ خولقاوە پەنای بۆ جەنگ بردووە وەک ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی ویستەکانی و گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەر مرۆڤێک، هەر بنەماڵەیەک و هەر کۆمەڵگەیەک کۆمەڵێک بەرژەوەندی و کۆمەڵێک بەهای تایبەت بەخۆی هەیە کە هەوڵی پاراستنیان دەدا. کاتێک ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەوانیتر دژ دەوەستن، دوو ڕێگە دەکەوێتە بەردەم مرۆڤەکان یان کۆمەڵە مرۆییەکان و دەبێ ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر سنوور و چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیان یاخود پەنا بۆ جەنگ بەرن بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانیان. بە واتایەکی دیکە کۆتایی دیپلۆماسی دەبێتە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگ. ئەوەی لە پرسیارەکەدا سەبارەت بە پێناسەی جەنگ کراوە، لە ڕاستیدا جەنگیش وەک هەر دیاردەیەکی مرۆیی و لە چوارچێوەی زانستە مرۆییەکاندا پێناسەیەکی یەکگرتووی نییە و ناتوانین بە دیاریکراوی سنوورەکانی بکێشینەوە. هەندێ لە زانا و فەیلسووفەکان پێیانوایە جەنگ بەشێکە لە سرووشتی مرۆڤ و هەندێکیتر لە گۆشەنیگای یاساییەوە دەڕواننە جەنگ. ئەفلاتوون پێیوایە مرۆڤەکان بەشێوەی سرووشتی خۆشەویستی دەنوێنن بەرامبەر بە کەسانی نێزیکیان و لەهەمانکاتدا دوژمنایەتی کەسانی ئەغیار یان بێگانە دەکەن. یاساییەکان زیاتر گرینگی بە دەرەنجام دەدەن و گۆڕان لە دۆخی یاسایی دوای جەنگ، ماکی سەرەکیی پێناسەکەیانە. لە ڕوانگەی یاساییەکانەوە جەنگ هەوڵێکە بۆ گۆڕان لەو نەزمی یاساییەی لە پەیوەندیی نێوان وڵاتاندا لەئارادایە. بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین جەنگ پەنابردنی دوو یان چەند دەوڵەت یان یەکەی سیاسییە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز لە نێوانیاندا. بەدەربڕینێکیتر جەنگ بریتییە لە سەپاندنی هەژمۆنی لایەنی بەهێز بەسەر لایەنی لاوازدا، ئەو کاتەی



لایەنی بەهێز پابەند نییە بە بنەما ئەخلاقی، مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

تا ئەوکاتەی جیهان شاهیدی ناعەدالەتی بێ لە دابەشکردنی سامان، تا ئەو کاتەی نەزمێکی جیهانیی عادڵانە کە ڕێز لە جیاوازییەکان و بەها مرۆییەکان لە سەر بنەمای جیاوازیی فەرهەنگ و زمان و داب و نەریتەکان نەگرێ، هەروەها تا ئەوکاتەی بڕیاردان لەسەر جەنگ و ئاشتی لە ڕێگەی دامەزراوە یاسایی و دێمۆکراتیکەکان نەدرێ، ئێمە شاهیدی جەنگ دەبین. مرۆڤەکان بەشێوەی سرووشتی زێدەخواز و هەلپەرستن و لە نەبوونی سیستەمێکی دێمۆکراتیکدا کە ڕەنگدانەوەی ویست و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە بێ، پەنابردن بۆ جەنگ وەک بژاردەیەک ئامادەیە. ئەوە بەو مانایە نییە کە جەنگ تەنیا لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا ڕوو دەدا بەڵکو دەتوانین بڵێین زۆربەی جەنگەکان بەرهەمی بڕیاری ڕێبەرە سەرەڕۆکان یان نوخبەی خۆسەپێنی کۆمەڵگەیە.

**پ: پرسیارێک کە لێرەدا خۆ دەنوێنێ ئەوەیە ئایا جەنگ دەکرێ دەسکەوتی هەبێ؟ یان دروستتر ئەوەیە بڵێین دەکرێ باس لە جەنگی مەشرووع بکەین؟**

و: ئێمە لە یاسای نێودەوڵەتیدا جەنگی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانمان هەیە لەگەڵ فاشیزم. ئەوەی پەیوەندیی بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان هەیە دەتوانین بڵێین جەنگێکی ڕەوا و عادڵانەیە. کاتێک گەلانی ژێردەست ناتوانن مافە دانپیانراوە نێودەوڵەتییەکانیان لە ڕێگەی ئاشتیخوازانە دابین بکەن، مافی پەنابردن بۆ چەکیان هەیە و ئەو جەنگە دەتوانێ یارمەتیی وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئەو گەلانە دەستەبەر بکا. ئەو جەنگە لە پێناو سڕینەوەی ستەمێکی مێژوویی ئەنجام دەدرێ و ڕەوایی نێودەوڵەتی هەیە، لێرەدا لەگەڵ جەنگی ڕێگەپێدراو بەرەوڕووین کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا دانی پێدا نراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە لە یاسای نێودەوڵەتیدا سێ جۆر جەنگی ڕەوا و ڕێگەپێدراومان هەیە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی لاسەنگییەکان. ئەو سێ حاڵەتە بریتین لە بەرگریی ڕەوا، کاتێک وڵاتێک بەرامبەر دەستدرێژیی وڵات یان وڵاتانی تر دەبێتەوە هەروەها دەستێوەردانی سەربازیی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە چوارچێوەی فەسڵی حەوتەمی پەیماننامەی ڕێکخراوەکە و حاڵەتی سێهەم بریتییە لە جەنگی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان کە ئاماژەم پێکرد.

**پ: وەک دەزانین قوربانیانی شەڕ بەشی زۆری ژن و منداڵن هەر بۆیە پێم خۆشە بپرسم کە ئەو توندوتیژیانە کە ژنان و منداڵن لە شەڕەکانە بەرەوڕووی دەبنەوە چین؟**

و: ژنان و منداڵان کەمترین دەوریان لە بڕیاردان لە جەنگدا هەیە، لە کاتێکدا بەتایبەت لە جەنگە کلاسیکییەکاندا زیاترین قوربانی دەدەن. هەرچەند لە کولتووورە جیاوازەکاندا و لە وڵاتە جیاوازەکاندا ئاستی بەشداریی ژنان لە بڕیارداندا جیاوازی هەیە بەڵام واقعییەت ئەوەیە تائێستاش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە سیستەمی نێرسالاریدا تێدەپەڕێ. بەواتایەکی دیکە ئەوە پیاوانن بڕیار دەدەن ژنان و منداڵان ببنە قوربانیی جەنگ. ئەو واقعیەتە تاڵەیە وایکردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لە کۆمەڵێک ڕێکاری یاسایی بکاتەوە بۆ پاراستنی ژنان و منداڵان لە جەنگەکاندا. دەبینین زۆربەی یاساکانی تایبەت بە ڕێکخستنی جەنگ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، گرینگییەکی زۆر بە پاراستنی ژنان و منداڵان لە جەنگەکاندا دەدەن. لە هەموو ئەو دەرکەوتە کارەساتبارانەی لە جەنگەکان دەکەوێتەوە وەک کوشتن، بریندار کردن، ئاوارە کردن، دەستدرێژی جنسی، برسیکردن و هتد، ئەوە ژنان و منداڵانن کە زیانمەندی سەرەکین. بەکورتی دەتوانم بڵێم ناعەدالەتییەکی

گەورە لەدابەشبوونی نەهامەتی هەیە لە جەنگەکاندا. ئەو دیمەنە کارەساتبار و ناخەهژێنانەی بۆ وێنە لە جەنگی نێوخۆی سووریا لە دەیەی ڕابردوودا یان لە جەنگی غەززە و ئیسرائیلدا لەمیدیاکاندا بڵاو دەبنەوە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنن، لە کاتێکدا هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بڕیاردەرانی جەنگ نییە. ئەوە جۆرێکە لە ڕەواییدانی سیستەمی نێودەوڵەتی بەقوربانیکردنی ژنان و منداڵان. تەنانەت وەک ڕێگایەک بۆ یەکلاییکردنەوەی ئاکامی جەنگەکان لێی دەڕوانرێ. ئەگەر چاوێک بەو تاوانە نێودەوڵەتییانە بخشێنین کە بەپێی نیزامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بە تاوانی گەورە هەژمار کراون و زۆربەی وڵاتانی جیهان دانیان پێدا ناوە، ژنان و منداڵان قوربانییە سەرەکییەکانی ئەو تاوانەن. بەتایبەت لە هەریەک لە تاوانەکانی ژینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی ژنان و منداڵان پشکی شێریان لە کوشتن و برین و ئازاری جەستەیی و دەروونی بەردەکەوێ.

**پ- ئەو وێرانییەی کە بەهۆی شەڕەوە دروست دەبێ: کۆمەڵایەتی، دەروونی، وێرانبوونی شارەکان و ژێرخانی ئابووری و... چەندە زیانی قەرەبوونەکراو دەگەیەنێتە ئەم وڵاتە و خەڵکەکەی؟ تاوانبارانی ئەو هەموو وێرانییە کێن؟**

و: کاتێک باس لە جەنگ دەکەین سەرنجمان لە سەر دۆخێکە کە تێیدا کۆی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگە بەرەو وێرانی و دارمان دەڕوا. واتە گەشەی کۆمەڵگە جێگەی خۆی دەداتە دارمانی کۆمەڵگە؛ چ لەڕووی ژێرخانی ئابووری، کۆمەڵایەتی یان دەروونی و چ لەڕووی ئەو کارەساتە ژینگەییانە بێ کە ڕوو دەدەن یان لەڕووی داڕووخانی ئەو متمانەیە بێ کە لە نێوان کۆمەڵگەکاندا پێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی ژیان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. لەوانەیە ژێرخانی ئابووری قابیلی قەرەبووکردنەوە بێ بەڵام ئێمە چ لەو خەسارە ژینگەییانە بکەین کە قەرەبووکردنی ئەستەم یان نامومکینە هەروەها چ لەو بێمتمانەییە بکەین کە لەوانەیە ژیانی چەندین نەوەی کۆمەڵگە بکاتە قوربانی. لەلایەکیترەوە ناتوانین هەموو جەنگەکان بەنارەوا بزانین یان باشترە بڵێین ناتوانین هەموو لایەنەکانی جەنگ بەتاوانبار بزانین. هەر بەو هۆیەشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو کردەوانەی لە جەنگەکاندا ئەنجام دەدرێن و ئەو ئامرازانەی لە جەنگەکاندا بەکار دەبرێن یاسامەند کردوە. لە جەنگدا هەمیشە لانیکەم دوولایەنمان هەیەو هەرکامیان بە ئەنگیزە و هاندەری تایبەت بەشداری جەنگەکەن. بێگومان هەر دوولایەنیش دەست بۆ تاوان دەبەن لەبەر ئەوەی سرووشتی جەنگ ئەوەیە، تەنیا لەڕووی ئامانجی لایەنەکانەوە دەتوانین قەزاوەت لەسەر ڕادەی تاوانباربوونی هەرکام لەلایەنەکان بکەین.

**پ- مەبەستتان چییە لەوەی دەڵێن جەنگ یاسامەند کراوە؟ لایەنەکانی جەنگ بە چ میکانیزمێک پابەند دەکرێن بەو ڕێوشوێنە یاساییانە؟**

و: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت دوای جەنگی جیهانیی دووەم دانی بەو واقعیەتەدا نا کە ناتوانێ پێش بە ڕوودانی جەنگەکان بگرێ. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە مادام جەنگەکان ڕوو دەدەن چۆن دەکرێت زیانەکانی کەم بکرێنەوە. ئەوە فەلسەفەی دەرکردنی یاسای جەنگ بوو لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم ناویاننا یاسای نێودەوڵەتیی مرۆییان. ئەو یاسایە یان ئەو کۆمەڵە یاسایە کە دواتر پەرەی پێدرا و بابەتی جۆراوجۆری دیکەی تێدا جێکرایەوە، دەوڵەتان ئەرکدار دەکا بە پابەند بوون بە کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ پاراستنی کەسانی مەدەنی، دیل و بریندارانی جەنگ و هەروەها شوێنە مەدەنییەکان و بابەتی تریش. کێشەکە لێرەدا وەک زۆربەی یاسا نێودەوڵەتییەکان جێبەجێکردنی یاساکەیە. لەڕاستیدا هیچ ئۆرگانێکی نێودەوڵەتی نییە بتوانێ جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو یاسایە زامن بکا. هەموو ئەو ئۆرگانە نێودەوڵەتییانەی یاساکان دەردەکەن یان ئەرکدار دەکرێن بەپابەندکردنی پێشێلکاران و لە ئەنجامدا هەموو ئەو ئەهرومە ئیجراییانەی پێشبینی کراون بۆ سزادانی تاوانبارانی جەنگەکان، لە دەوڵەتان پێک دێن. واتە ئەوە دەوڵەتانن کە هەم پەنا بۆ جەنگ و پێشێلکاریی مرۆیی دەبەن و هەمیش دەسەڵاتی سزادانی پێشێلکارانیان پێدراوە. ئەوەش پارادۆکسی یاسای نێودەوڵەتییە کە وایکردووە زەمانەتی ئیجرایی ئەو پرەنسیبانەی خۆیان دایانڕشتوە، ئەستەم بێ. بەکورتی دەتوانم بڵێم یاسای نێودەوڵەتی پێچەوانەی یاسا نێوخۆییەکان بەدەست کێشەی ساختارییەوە دەناڵێنێ. بۆیە تا ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئەو ناتەباییە بێئاکام بوون.

**پ- وەک کۆتا پرسیار ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر لە نێو جەرگەی ململانێ و شەڕ و تێکهەڵچووندایە و ئەگەری هەیە ئەم شەڕانە بەرفراوانتریش بن. پرسیارەکەم ئەوەیە کە جیاوازی نێوان جۆری توندوتیژی لەنێو شەڕ بەرامبەر بە ژنان و منداڵان، نموونە لە شەڕێکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەگەڵ شەڕێک کە لەناو جەرگەی ئەورووپادا وەک شەڕی ئۆکراین و ڕووسیا چییە؟**

و: پێشتر باسی ئەوەم کرد کە زۆربەی جەنگەکان بەرهەمی تاکڕەویی ئەو ڕێبەرانەیە کە لە وڵاتانی دیکتاتۆڕدا بە میکانیزمگەلی نادیموکراتیک و خۆسەپێنانەدا گەیشتوونەتە دەسەڵات. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گیرۆدەی ئەو چەشنە حکوومەتانەیە. هەروەها لە ئەورووپاش وڵاتی نادێمۆکراتیکمان هەیە. ئێمە لە ڕووسیا، لە قەفقاز و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ئەو دیاردەیە دەبینین. لە هەموو ئەو ناوچانە کۆمەڵێک کێشەی چارەسەرنەکراو هەیە کە بەرهەمی زاڵبوونی فەرهەنگی دیکتاتۆرییە یان باشترە بڵێین بێ فەرهەنگیی دیکتاتۆرییە. بۆیە تا ئەوکاتەی عەقڵییەتی گفتوگۆ و دانوستان لە پەیوەندیی نێوان لایەنەکاندا زاڵ نەبێ، جەنگەکان بەردەوام دەبن تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکیش لە ژێر گوشاردا چەکەکانیان بێدەنگ بکرێن.

# دیپلۆماسی ژنان پاڵنەرێ بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی

دیپلۆماسی زۆرجار وەک هونەری دانوستان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دادەنرێت و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دارشتنی دیمەنی کۆمەڵایەتی-سیاسی وڵاتان. لە مێژووی دیپلۆماسیدا پیاوان زاڵ بوون بەسەریدا و لەم سەردەمەدا هەتا دێت بەشداریی ئافرەتان و ژنان لە بوارە جیاجیاکانی دیپلۆماسیدا پتر خۆدەنوێنی. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا هەنگاوێک نییە بەرەو یەکسانی جێندەری بەڵکو کاریگەریی فراوانتری هەیە، بەتایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی زارەکی و جەستەیی دژی ژنان. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم تێڕوانینێکی گشتیی هەبێت بۆ پەیوەندی نێوان دیپلۆماسی ژنان و کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەریان. بابەتێک کە کەمتر باسی لێوە کراوەو هیوادارم ببێتە پەنجەرەیەک بۆ چالاکیی زیاتری ژنان و کچانی کورد لە بواری دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، کە لە ساڵانی ڕابردوودا توانیویانە بە باشی ئەنجامی بدەن، سەرنجی هەموولایەک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. بۆ ئەوەی بچمە نێو باسەکەوە،



بەپێویستی دەزانم بەکورتی پەیوەندی نێوان بوونی ژنان لە دیپلۆماسی و توندوتیژی کۆمەڵایەتیدا لە ڕوانگەی دوو تیۆری، تیۆری کاریگەریی ڕۆڵ



ئازاد مستۆفی

مۆدێل و تیۆری بڕبڕەیی شی بکەمەوە.

### ١–تیۆری کاریگەریی ڕۆڵ مۆدێل
### Role Model Effect

ئەم تیۆرییە ئەوە پیشان دەدات کە نوێنەرایەتیکردنی ئاشکرای ژنان لە پۆستەکانی سەرکردایەتیدا، هەڵوێست و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت. کاتێک ژنان ڕۆڵی دیپلۆماسی کاریگەر دەگێڕن، تەحەدای چەشنە کۆنەپەرستانەکان دەکەن و ژنانی دیکە بەهێز دەکەن، ئەمەش کاریگەرییەکی شەپۆلاوی دروست دەکات کە لێبوردەیی بەرامبەر بە توندوتیژی جێندەری کەمدەکاتەوە. کاریگەریی ڕۆڵ مۆدێل ناگەڕێتەوە بۆ تاکێک، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی لە بوارەکانی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی و دەروونناسیدا هەیە. ئەلبێرت باندورا Albert Bandura، دەروونناسی ناسراو، زۆرجار لە ڕێگەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە بە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی پشت ئەم چەمکەوە. «باندورا» جەخت دەکاتەوە کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەوانی ترەوە فێری ڕەفتار و نۆرمەکان دەبن، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێیان سەرسامن یان بە هاوشێوەی خۆیان دەزانن. سەبارەت بە نوێنەرایەتی جێندەر، ئەم تیۆرییە پێشنیازی ئەوە دەکات کە ژنان لە پۆستە سەرکردایەتییە دیارەکاندا هانی ئەوانی دیکە دەدەن کە ڕۆڵی هاوشێوە بگێڕن و تەحەدای چەشنە کۆنەپەرستانەکان بکەن.

### ٢–تیۆری بڕبڕەیی
### Intersectionality Theory

ئەم تیۆرییە کە لەلایەن کیمبەرلی کرێنشاو Kimberle Crenshaw داڕێژراوە، تیشک دەخاتەسەر سرووشتی یەکتر گرێدراوی پۆلێنبەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا زۆرجار تووشی چەندین جۆر لە جیاکاری دەبن- لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەژاد و توێژ. بە چارەسەرکردنی ئەم ئاڵۆزیانە، دیدێکی جیاواز دەهێننە نێو سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. کرێنشاو، توێژەری یاسایی و داکۆکیکاری مافە مەدەنییەکان، لە ساڵی ١٩٨٩ چەمکی ئینتەرسێکشناڵیتی ناساند. ئەو نیشانی دا کە چۆن ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ڕەگەز، نەژاد و چینایەتی کارلێک دەکەن و شێوازی ناوازەی جیاکاری دێننەئاراوە. لەو کاتەوە تیۆری کرێنشاو بووەتە بەردێکی بناغەی تێگەیشتن لە چۆنیەتی یەکتربڕینی نایەکسانی سیستەمی، بەتایبەتی لە چارەسەرکردنی پرسەکانی وەک توندوتیژی دژی ژنان. هەردوو تیۆرەکە تێڕوانینێکی بەنرخ بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی ئامادەبوونی ژنان لە بواری دیپلۆماسی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە فراوانەکانیدا دەخەنەڕوو.

### ئەلف– ژنان لە دیپلۆماسیدا: چەند نموونەیەک لە جیهانی مۆدێرن

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بەشداریکردنی ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتەکانی چارەسەرکردنی توندوتیژی جێندەری لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا هەبووە. لە درێژەدا نموونەی فەرەنسا، بریتانیا، ئەمریکا و ئەڵمانیا دەخەمەڕوو

کە پیشان دەدەن چۆن بەربەستە مێژووییەکان و دەستپێشخەرییە مۆدێرنەکان بەشداریکردنیان لە دیپلۆماسیدا لە قاڵب داوە. بۆ نموونە سیاسەتی دەرەکی فێمینیستیی سوید کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە روونی یەکسانی جێندەری و مافی ژنان لە پێشینەی کارەکانیدایە. ژنە دیپلۆماتکارەکانی وەک مارگۆت والستڕۆم Margot Wallstrom پاڵپشتی دەستپێشخەرییەکانی دژی توندوتیژی جنسییان کردووە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و پێشینەیەکی جیهانییان داناوە. هەروەها لە نیوزلەندا، لە سەردەمی حکومەتەکەی جاسیندا ئاردرن Jacinda Ardern ، دیپلۆماتکارە ژنەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتی پێشکەوتنخوازانە، لەوانەش یاسایەکی گشتگیر بۆ توندوتیژی خێزانی. بۆ ئەوەی زیاتر سەرنج بخەمە سەر سوودەکانی کاریگەریی ئەرێنی ژنە دیپلۆماتکارەکان لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەدا، چەند نموونەیەک لە جیهانی مۆدێرن دێنمە بەرباس.

### فەرەنسا

هاتنە ناوەوەی ژنان بۆ نێو دامەزراوەی دیپلۆماسی فەرەنسا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستییپێکرد، هەرچەندە تێکەڵبوونی تەواویان، خاو بوو. سۆزان بۆرێل Suzanne Borel لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەم ژنە دیپلۆماتکاری فەرەنسی بوو . ساڵانێک پێش ئەوەی ژنان لە ساڵی ١٩٤٤ مافی دەنگدانیان دەست بکەوێت، ئەو توانایی خۆی لە بواری دیپلۆماسیدا سەلماندبوو. گەشەسەندن و پێشکەوتن لە دوای جەنگی جیهانی دووەم خێراتر بوو و مارسێل کامپانا Marcelle Campana لە ساڵی ١٩٧٢ بووە یەکەم باڵیۆزی ژن. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئیمانوێل ماکرۆن Emmanuel Macron، دیپلۆماسی فێمینیست بووە جێی سەرنج. لەگەڵ دەستپێشخەرییەکانی وەک ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی فێمینیست لە ساڵی ٢٠١٩ بە ئامانجی پێشخستنی یەکسانی جێندەری لە ئاستی جیهانیدا. لە ساڵی ٢٠٢٣ فەرەنسا ٤٠٠ ملیۆن یۆرۆی بە دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە جێندەرەوە بەخشی، لەوانە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری و پاراستنی مافەکانی زاوزێ. ئاکامی ئەم هەوڵەی ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا بووە هۆی ئەوەی کە لە ئێستادا ژنان نزیکەی لەسەدا ٢٥ی باڵیۆزەکانی فەرەنسا پێکدەهێنن، ئەمەش رەنگدانەوەی هەوڵە بەردەوامەکانە بۆ یەکسانی جێندەری .

### بریتانیا

لە بریتانیا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ژنان بە فەرمی هاتنە نێو دیپلۆماسییەوە و لە ساڵی ١٩٤٦ وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی بەڕووی ژناندا کردەوە. بەڵام پراکتیزەکردنی جیاکاری، لەوانەش قەدەغەکردنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بۆ دیپلۆماتکارانی ژن هەتا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بوو کە پیداگریی ژنان لە خواستەکانیان بووەی هۆی ئەوەیکە ئەمڕۆ نزیکەی ٣٠٪ی باڵیۆزەکانی بریتانیا، ژنانن و جیاکارییەکانیش نەماون . رۆڵ و دەستپێشخەرییەکانی بەرەوپێشبردنی هەمەجۆریی نوێنەرایەتی جێندەری لە پۆستە دیپلۆماسییە سەرەکییەکان زیادی کردووە. بەشداری چالاکانەی بریتانیا لە هەڵمەتە نێودەوڵەتییەکان دژی توندوتیژی جێندەری، وەک دەستپێشخەری رێگریکردن لە توندوتیژی جنسی لە ململانێدا (PSVI)، کاریگەریی دیپلۆماتکارە ژنەکان لە چارەسەرکردنی ئەم پرسانە دەسەلمێنێ.

### وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئەمریکا لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە دەستیکرد بە تێکەڵکردنی ژنان لە شاندی دیپلۆماسی خۆیدا. رۆس برایان ئۆین Ruth Bryan Owen یەکەم باڵیۆزی ژنی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٣٣ لە دانیمارک بوو . بەدرێژایی دەیانساڵ، بوونی ئەژمارێکی بەرچاوی ژنانی سەرکەوتوو لە بواری دیپلۆماسی وەک مادلین ئۆلبرایت Madeleine Albright، کۆندۆلیزا رایس Condoleezza Rice و هیلاری کلینتۆن Hillary Clinton وەک وەزیری دەرەوە زیادی کردووە. لە ئێستادا ژنان لەسەدا



٣٢ی باڵیۆزەکانی ئەمریکا پێکدەهێنن. ژنانی دیپلۆماتکار رۆڵی سەرەکییان هەبووە لە پێشخستنی دەستپێشخەرییە جیهانییەکان دژی توندوتیژی جێندەری، لەوانە دەستپێشخەری پاراستنی توندوتیژی جێندەری و وەڵامدانەوەی فریاگوزاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

### ئەڵمانیا

ژنانی ئەڵمانی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم هاتنە نێو گۆڕەپانی دیپلۆماسییەوە و لە نەوەدەکاندا پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا. گرنگیدانی ئەم وڵاتە بە یەکسانی جێندەری لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا دیارە. هەوڵەکانی ئەم دواییە بریتین لە پێشخستنی رۆڵی ژنان لە دانوستانەکانی ئاشتی و رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەسەر ئاستی جیهانی. ئەمڕۆ ژنان نزیکەی لەسەدا ٢٥ی رۆڵی باڵیۆزایەتی لە ئەڵمانیادا بەدەستەوەیە و حکومەت پشتگیری لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەکات سەبارەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزی، وەک CEDAW (پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژی ژنان).

وەک لە ئامارەکانی ئاماژەپێکراودا دەبینین لە هەر چوار وڵاتدا بەشداری ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا زیادی کردووە بەڵام بۆشایی بەرچاو ماونەتەوە. بۆ نموونە: فەرەنسا: ژنان ٢٥٪ی رۆڵی باڵیۆزیان بەدەستەوەیە. بریتانیا: نزیکەی ٣٠٪ی باڵیۆزەکان ژنن. ئەمریکا: ژنان ٣٢٪ی پۆستەکانی باڵیۆزیان بەدەستەوەیە. ئەڵمانیا: باڵیۆزی ژن ٢٥٪ی کۆی گشتی پێکدەهێنن. ئەم ژمارانە ئاماژەن بۆ ئەو

پێشکەوتنانەی کە بەدەست هاتوون و لەهەمانکاتدا جەخت لەسەر پێویستی بەردەوامیی هەوڵدان بۆ یەکسانی جێندەری لە دیپلۆماسیدا دەکەنەوە.

کاریگەریی لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری

بەشداریی ئافرەتان لە دیپلۆماسیدا، مەودای سیاسەتەکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی دژی ئافرەتان فراوانتر کردەوە. بۆ نموونە: دیپلۆماسی فێمینیستی فەڕەنسا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە پێشینەی کارەکانی داناوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



سەرکردایەتی دەستپێشخەرییەکانی وەک PSVI گرتەئەستۆ و نووسینگەی جیهانی پرسەکانی ژنانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە تەحەددیانە کردەوە. بریتانیا و ئەڵمانیا ڕۆڵی ئافرەتانیان لە ئاشتیپارێزی و چارەسەرکردنی ململانێکان بەرەوپێش بردووە کە تێیدا ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان پێکهاتەیەکی گرنگە. ئەم نموونانە دەریدەخەن لە کاتێکدا پێشکەوتن بەدیهاتووە بەڵام بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری تەواو لە دیپلۆماسیدا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری و پێشخستنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی فراوانتر زۆر گرنگە. هەروەها ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا نەک هەر کاریگەرییان لەسەر سیاسەتە جێندەرەکان هەیە، بەڵکو گێڕانەوەی کۆمەڵایەتیش سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان دەگۆڕن و بێگومان بەمەش توندوتیژی سیستماتیک کەم دەبێتەوە.

**ئامانجەکانی PSVI**

PSVI کورتکراوەی دەستپێشخەری بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی جنسی لە ململانێدا « Preventing Sexual Violence in Conflict Initiative»یە و هەوڵێکی مرۆڤدۆستانە و دیپلۆماسیانەیە لەلایەن بریتانیاوە لە ساڵی ٢٠١٢وە وەڕێخراوە. دەستپێشخەرییەکە لەلایەن ویلیام هێگ، وەزیری پێشووی دەرەوەی بریتانیا و ئەکتەری ناودار و چالاکوانی مافی مرۆڤ ئەنجلینا جولی سەرپەرشتی کرا و هەوڵدەدات بەکارهێنانی بەربڵاوی توندوتیژی جنسی وەک چەکێکی جەنگ ئیدانە بکات و ئامانجەکانی بریتین لە:

–لێپرسینەوە و دادپەروەری: باشترکردنی بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی جنسی لە ململانێکاندا بۆ دڵنیابوون لە لێپرسینەوەی تاوانباران.

–پاڵپشتی بۆ ڕزگاربووان: پاڵپشتی گشتگیر بۆ ڕزگاربووان دابین دەکات، لەوانەش هاوکاری پزیشکی و دەروونی و یاسایی.

–پاڵپشتی نێودەوڵەتی: زیادکردنی هۆشیاریی جیهانی و فشار لەسەر حکوومەت و ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی لە پێشینەی کارەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جنسی دابنێن.

–پەرەپێدانی سیاسەت: تێکەڵکردنی میکانیزمەکانی خۆپاراستن و وەڵامدانەوە لە پرۆسەکانی ئاشتیپارێزی و دیپلۆماسیدا.

**هەندێک لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی PSVI بریتین لە:**

– لووتکەی جیهانی بۆ ئەوەی دژکردەوەیەکی یەکگرتوو دیاری بکەن و کۆتایی بە توندوتیژی جنسی لە ململانێدا بێنن لە لەندەن ساڵی ٢٠١٤ سەرکردەکانی جیهانی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕزگاربووانی کۆکردەوە.

– پشتگیریی ماددی و مەعنەوی ئەو ڕێکخراوە بنەڕەتیانەی کە مامەڵە لەگەڵ توندوتیژی جنسی لە ناوچە جیاکۆکەکاندا دەکەن.

– پشتگیریکردن لە پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی توندوتیژی جنسی.

PSVI ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی هەبووە لە دارشتنی سیاسەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە و جەختی لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی توندوتیژی جێندەری لە هەوڵەکانی ئاشتیپارێزی و ئاوەدانکردنەوەی دوای ململانێدا کردووە.



**ب– تەحەددا و سەرکەوتن لە وڵاتانی گەشەنەکردوو**

لە وڵاتانی گەشەنەکردوودا پەیوەندی نێوان ژنان لە بواری دیپلۆماسی و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان پڕ لە وردەکاری و هەستیار و گرنگە. ژنانی دیپلۆماتکار زۆرجار بانگەشە بۆ سیاسەتی گشتگیر دەکەن و باس لە پرسگەلی سیستماتیک وەک نایەکسانی جێندەری و توندوتیژی دەکەن بەڵام بەربەستە کولتووری و ئابووری و دامەزراوەییەکان لەم وڵاتانەدا بەو مانایەیە کە کاریگەرییەکانیان یەکسەر دیار نییە. بۆ نموونە، ژنە دیپلۆماتکارەکان لەم جۆرە وڵاتانەدا زۆرجار هەوڵدەدەن بۆ یارمەتی و هۆشیاری نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نۆرمەکانی پیاوسالاری چەسپاو و نەبوونی میکانیزمی جێبەجێکردن دەتوانن ڕێگری لە پێشکەوتن بکەن. سەرەڕای ئەم تەحەددیانە، بوونی ژنان لە دیپلۆماسیدا هەنگاوێکی سیمبولیک و پراکتیکییە بەرەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان، ئیلهامبەخشە بۆ بزووتنەوە جەماوەرییەکان و کاریگەریی لەسەر سیاسەتە نێوخۆییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی دژی ژناندا دەکات. بێگومان ئەمەش جەخت لەسەر توانای گۆڕانکارییەکانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە دیپلۆماسیدا دەکاتەوە تەنانەت لەو شوێنانەی کە بەربەستی پێکهاتەیی بەرچاویان هەیە. لێرەدا ئاماژە بە نموونەی وڵاتانی گەشەنەکردوو دەهێنم کە دەیسەلمێنێ چۆن چالاکییەکانی ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکانی دیپلۆماسیدا، سەرەڕای ئاستەنگی سیستماتیک، دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژناندا هەبێت.

## ڕواندا

لەم وڵاتەدا ژنان پاش کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩٩٤ کە شایەتی توندوتیژی جنسی بەربڵاوی بوون، هاتنە ڕیزی پێشەوە دیپلۆماسی و سیاسەتگوزاری. ژنە دیپلۆماتکارەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە داڕشتنی سیاسەتەکانی دوای جەنگی ڕواندا، وەک ناساندنی چوارچێوەی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی جێندەری، لەنێویاندا یاسای توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری ساڵی ٢٠٠٨. ئێستا ڕواندا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زۆرترین نوێنەرایەتی ژنانی لە حکوومەتەکەیدا (لەسەدا ٦١ لە پەرلەمان) هەیە و دیپلۆماتکارە ژنەکان پلاتفۆرمەکانیان بەکاردەهێنن بۆ پشتگیریکردن لە داکۆکیکردنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ژنان و هەوڵەکانی بنیاتنانی ئاشتی. بوونی ئەوان لە دیپلۆماسیدا یارمەتیدەرە بۆ تەحەدای نۆرمەکانی پیاوسالاری چەسپاو و هاندەری کردەوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.

## ئەفغانستان

لە ئەفغانستانی هەمیشە جەنگاویدا،




بوونی ژنانی وەک ڕۆیا ڕەحمانی باڵیۆزی پێشووی وڵاتەکەی لە ئەمریکا، لە کۆمەڵگەیەکی پیاوانەی نەریتی و بناژۆخوازدا هەنگاوێکی بوێرانە بوو. ڕەحمانی لەسەر پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکان داکۆکی لە پەروەردە و مافەکانی ئافرەتان دەکرد و سەرنجی بۆ ئەو توندوتیژییە ڕاکێشا کە ڕووبەڕووی ژنانی ئەفغانستان دەبۆوە. لە کاتێکدا کە ناسەقامگیری سیاسی و سەرهەڵدانەوەی تالیبان لە ئەفغانستان زۆرێک لە دەستکەوتەکانی پێچەوانە کردووەتەوە، گومانی تێدا نییە کە ژنە دیپلۆماتکارەکانی وەک ڕەحمانی ئیلهامبەخشن بۆ بزووتنەوەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئەفغانستان و دەیسەلمێنێت چۆن بەشداری ژنان تەنانەت دەتوانێت لە بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی بەرچاودا پاڵ بە گۆڕانی سیستماتیکەوە بنێت.

## لیبێریا

یەکەمین سەرکۆماری ژنی لیبێریا، ئێلین جۆنسۆن سیرلیف Ellen Johnson Sirleaf، دیپلۆماتکارێکی بەرچاو نەبوو بەڵکو وەک کەسایەتییەکی سیمبولیک سەرکردایەتی ژنانی وڵاتەکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دەکرد. حکوومەتەکەی ژنە دیپلۆماتکارەکانی لەخۆگرتبوو کە لە پێشینەی کارەکانیاندا چارەسەرکردنی توندوتیژی دژی ژنان وەک پرسێکی نیشتمانی لەئەستۆ بوو. لیبێریا لە ساڵی ٢٠٠٥دا یاسای دەستدرێژی جنسی لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا ڕاگەیاند و ژنە دیپلۆماتکارەکانی لیبریا لە کاتی چاکبوونەوەی وڵاتەکە لە شەڕە ناوخۆییەکاندا ڕۆڵی سەرەکییان لە پێشخستنی دانوستانەکانی ئاشتی هەستیاری جێندەردا هەبوو.

## نەیجیریا

نەیجیریا دیپلۆماتکارە دیارەکانی ژنی وەک ئامینە محەمەد-ی بەخۆیەوە بینیوە کە پێش ئەوەی ببێتە جێگری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک وەزیری ژینگەی نەیجیریا کاری کردووە. لە کاتێکدا ناوبراو ڕۆڵی زیاتر نێودەوڵەتییە بەڵام کارەکانی سەبارەت بە توندوتیژی ڕەگەزی، لەوانەش چارەسەرکردنی توندوتیژی دژی کچان لە باکووری ڕۆژهەڵات لە کاتی یاخیبوونی بۆکۆحەرامدا، کاریگەرییان لەسەر کارنامەی نێوخۆیی نەیجیریا هەبووە. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەو جەخت لەسەر گرنگی پەروەردەی کچان و یەکتربڕینی گەشەپێدان و یەکسانی جێندەری دەکەنەوە. لەم نموونانەدا زۆرجار کاریگەری ژنان لە دیپلۆماسیدا لە گۆڕانکارییە ڕاستەوخۆکانی سیاسەت تێدەپەڕێت و لەبری ئەوە گۆڕانی کۆمەڵایەتی وردە وردە دەوروژێنێت. تەحەددیاتی



وەک بەرخۆدانی کولتووری، نەبوونی سەرچاوە و میکانیزمی لاوازیی جێبەجێکردن، ڕێگری لە پێشکەوتنی دەستبەجێ دەکات بەڵام بوونی ئافرەتان لە دیپلۆماسیدا تیشک دەخاتەسەر ڕۆڵی گرنگی ئەوان لە دروستکردنی گۆڕانکاری درێژخایەن. ئەم ژنانە بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لە ڕێگەی داکۆکیکردن و پەروەردە و هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە، ڕێگە بۆ پێشکەوتنەکانی داهاتوو لە کۆمەڵگەکانیاندا خۆش دەکەن. ئەم حاڵەتانە جەخت لەسەر توانای گۆڕانی دیپلۆماسی ژنان، تەنانەت لەو چوارچێوەیەشدا کە نایەکسانی جێندەری بە قووڵی چەسپاوە دەکەنەوە. چالاکی کەمی ژنان لە دیپلۆماسیدا تەنیا ڕەنگدانەوەی نایەکسانییەکان نییە بەڵکو بەردەوامی بەو نایەکسانییە دەدات. کۆمەڵگەکان بە وەلانانی ژنان لە ڕۆڵی سەرکردایەتی، شکست لە چارەسەرکردنی پرسە تایبەتەکانی جێندەری و توندوتیژی دژی ژنان دەهێنن و لەهەمانکاتدا نۆرمەکانی پیاوسالاری بەهێز دەکەن. بەپێچەوانەوە، بەشداریکردنی ژنان لە دیپلۆماسیدا، فرەچەشنی و داهێنان و پێشکەوتن بەرەوپێش دەبات. تەحەدای توندوتیژی سیستماتیکی دەکات و ڕێگە بۆ سیاسەتی دادپەروەرتر و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دروست دەکات. چارەسەرکردنی ئەم نەبوونییە نەک تەنها بۆ یەکسانی جێندەری بەڵکو بۆ دروستکردنی جیهانێک کە توندوتیژی دژی ژنان چیتر تەحەمول نەکرێ، زۆر گرنگە.

ج- ئایا ئامادەنەبوون یەکسانە بە توندوتیژی؟

نەبوونی ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا پرسێکی فرەلایەنەیە کە لە تەنها ئامارێک تێدەپەڕێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی

**ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا پرۆسەی دارشتنی سیاسەت هەمەچەشن دەکەن و دڵنیا دەبن لەوەی کە پرسە هەستیارەکانی جێندەری چارەسەر دەکرێن. بەشداریکردنیان گفتوگۆ دیپلۆماسییەکان دەوڵەمەند دەکات و چارەسەری گشتگیرتر بۆ ئاستەنگە جیهانییەکان پەرەپێدەدات، لەوانەش توندوتیژی دژی ژنان.**

قووڵترە و ئەو پێکهاتانە بەهێزتر دەکات کە توندوتیژی دژی ژنان بەردەوام دەکەن. بێگومان، نەبوونی نوێنەرایەتی ژنان لە دیپلۆماسیدا، هەم وەک نیشانەی سیستەمی پیاوسالاری و هەم وەک میکانیزمێک کە پارێزگاری لێدەکات و لە کۆتاییدا ڕێگری لە پێشکەوتن بەرەو یەکسانی جێندەری دەکات. کەمی ژمارەی ژنان لە ڕۆڵی دیپلۆماسیدا ڕەنگدانەوەی لایەنگرییە ڕەگەزییە چەسپاوەکان و نایەکسانی پێکهاتەیی. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا، بەتایبەت لە وڵاتانی گەشەنەسەندوو، نۆرمەکانی کولتووری و ڕۆڵی ڕەگەزیی نەریتی وادەکات کە پۆستی سەرکردایەتی بۆ پیاوان تەرخان بکرێت. زۆرجار ژنان دەخرێنە سەر ڕۆڵی لاوەکی کە دەرفەتەکانیان بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردان لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی سنووردار دەکات. ئەم وەدەرنانی سیستماتیکیە پەیامێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر دەنێرێت کە دەنگ و بەشدارییەکانی ژنان کەمتر بەهایان هەیە. کاتێک نیوەی دانیشتووان لە مێزی دانوستانەکان دوور دەخرێنەوە، زۆرجار سیاسەت و پراکتیکەکان شکست دەهێنن لە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی کە بەشێوەیەکی ناوازە کاریگەرییان لەسەر ژنان هەیە، لەوانەش توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری. جگە لەوەش، نەبوونی نمونەی ئافرەتانی دیار لە دیپلۆماسیدا، ئەو باوەڕە بەردەوام دەکات کە ئەم جۆرە ڕۆڵانە بۆ ژنان بەدەست ناهێنرێن، ئەمەش سوورێکی ڕەتکردنەوە دروست دەکات.

نەبوونی ئامادەیی لە دیپلۆماسیدا دەرئەنجامی سیمبۆلیک و پراکتیکی هەیە کە توندوتیژی دژی ژنان چڕتر دەکاتەوە:

١-دەرئەنجامە سیمبۆلیکەکان

- نەبوونی ژنان لە پۆستە سەرکردایەتییەکان، پەراوێزخستنیان ئاسایی دەکاتەوە و هەروەها ڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان کە توندوتیژی دژی ژنان وەبەرچاو ناگرێت، دەپارێزێت.
- دیتنی ئافرەتان لە بەشەجۆراوجۆرەکانی دەسەڵات کەم دەکاتەوە و ئەو تێڕوانینەی کە ژنان توانای کەمتریان هەیە یان شایستەی سەرکردایەتیکردن نین، بەهێز دەکاتەوە؛ ئەمەش لە بەرامبەردا ڕەوایەتی بە پراکتیک و سیاسەتی جیاکاری دەدات.

٢-دەرئەنجامە کردارییەکان

- سیاسەت و ڕێککەوتنە دیپلۆماسییەکان زۆرجار نۆرمەکانی نێوخۆ و نێودەوڵەتی لە قاڵب دەدەن. بەبێ هەبوونی ڕوانگەی ژنان، ئەم سیاسەتانە ڕەنگە شکست بهێنن لە چارەسەرکردنی پرسەکانی وەک توندوتیژی خێزانییەوە هەتا ئازاردانی جنسی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، ئەم پرسانە بەبێ گرنگیدان و ئەولەویەتدانێکی تەواو بەجێبهێڵن.
- لەوانەیە کەشی دیپلۆماسی کە پیاوان زاڵن، چارەسەرە هەستیارەکانی جێندەر پشتگوێ بخەن و خاڵی کوێر لە چارەسەرکردنی توندوتیژیدا بەردەوام بمێنێتەوە.

گشتگیریی وەک چارەسەرێک بۆ توندوتیژی

بەتێپەڕبوونی کات سەلمێنراوە کە زیادکردنی نوێنەرایەتی ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا کاریگەریی گۆڕینی هەیە، نەک تەنها لە بواری دیپلۆماسی خۆیدا بەڵکو لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگەش بەرامبەر بە توندوتیژی دژی ژنان.

١-پاڵپشتیکردنی ستراتیژی هەمەلایەنە

زۆرجار ژنە دیپلۆماتکارەکان ڕوانگەی ناوازە دەهێننە سەر مێزەکە و بانگەشە بۆ ئەو سیاسەتانە دەکەن کە باس لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی توندوتیژی دژی ژنان بکەن. لەوانە:

- ڕێوشوێنی یاسایی: پتەوکردنی یاساکان بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان.
- دەستپێشخەرییە پەروەردەییەکان: بەرەوپێشبردنی یەکسانی جێندەری لەڕێگەی پەروەردە و هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی.
- چاکسازی کۆمەڵایەتی: تەحەدای نۆرمەکانی کولتووری کە توندوتیژی و جیاکاری بەردەوام دەکەن.

٢-نموونە بۆ گۆڕانکاری

بوونی ژنان لە دیپلۆماسیدا وەک هێمایەکی بەهێز کاردەکات، تەحەدای چەشنە کۆنەپەرستانەکان دەکات و هانی نەوە گەنجەکانی ژنان دەدات بۆ گەیشتن بە ڕۆڵی سەرکردایەتی. ئەم بینینە یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و پەرە بە قبووڵکردنی زیاتری بەشداری ژنان لە ژیانی گشتیدا دەدات.

٣-هەمەجۆریی سیاسەت

ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا پرۆسەی دارشتنی سیاسەت هەمەچەشن دەکەن و دڵنیا دەبن لەوەی کە پرسە هەستیارەکانی جێندەری چارەسەر دەکرێن. بەشداریکردنیان گفتوگۆ دیپلۆماسییەکان دەوڵەمەند دەکات و چارەسەری گشتگیرتر بۆ ئاستەنگە جیهانییەکان پەرەپێدەدات، لەوانەش توندوتیژی دژی ژنان. هەندێک لە ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ بەهێزکردنی کاریگەری ژنان لە بواری دیپلۆماسی و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان بریتین لە:

-پەروەردەی گشتگیر: هاندانی کچان و ژنان بۆ بەدواداچوونی پیشەی دیپلۆماسی لە ڕێگەی سکۆلەرشیپ و پرۆگرامی ڕاهێنەرایەتی.

-پشکی جێندەری: جێبەجێکردنی پشکەکان بۆ دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی هاوسەنگ لە نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان.

-گۆڕانکاری کولتووری: بۆ ئاساییکردنەوەی ژنان لە ڕۆڵی سەرکردایەتیدا، کەڵکوەربگیرێت لە ڕاگەیاندن و کەمپەینی گشتی.

-هاریکاری نێودەوڵەتی: بەهێزکردنی تۆڕی جیهانیی دیپلۆماتکارانی ژن بۆ هاوبەشکردنی ستراتیژی و سەرچاوەکان.

# توندوتیژی لەڕوانگەی یاسا و کولتوور و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا

- پێناسەی توندوتیژی و جۆرەکانی و توندوتیژی بنەماڵەیی
- ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە دژی توندوتیژین و لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانی جێندەری دامەزراون.
- ئێران لەکوێی ئەو هاوکێشەدایە.
- ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی.
- ئەرک و ڕۆڵی ژنان لە کەمکردنەوەی توندوتیژی.
- ئایا بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی تەنها ئەرکی ژنانە.

توندوتیژی چیە./ بەهەموو ئەو کردەوە و هەڵسوکەوتە توندانە دەگوترێ کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە جا جەستەیی بێت یاخود دەروونی.

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەڵێ هەرچەشنە توندوتیژیەک لەسەر بنەمای ڕەگەزی بێت و ببێتە هۆی زیانی جەستەیی، جنسی یان دەرونی ژنان لە چورچێوەی توندوتیژیدا پێناسەی کردووە. جا ئەوە توندوتیژییە چ لەنێو کۆمەڵگەدا یاخود لە چوارچێوەی ژیانی تاکەکەسیدا بێت یان لەلایەن بنەماڵەو حکوومەتەوە ئەنجام بدرێت و بەیەکێک لە گرینگترین کێشەو ئاستەنگی بۆ سەر تەندروستی کۆمەڵگە دادەنێ.

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٩ی وەک ڕۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی بەدژی ژنان ڕاگەیاند و داوای لە دەوڵەتان و ناوەند و ڕێکخراوە ناحکوومیەکان کرد لەو ڕۆژەدا بە وەرێخستنی بەرنامەگەلێک یارمەتی بە وشیاریی ژنان لەبواری خەبات بەدژی توندوتیژی بدەن.

جۆرەکانی توندوتیژی:

جەستەیی و دەروونی

توندوتیژی جەستەیی بە هەر جووڵەیەک دەوترێ کە بەشێوەی فیزیکی کاریگەریی هەیە لەسەر جەستەی بەرامبەر، وەک شکاندنی شوێنێک لە جەستە، سووربوونەوە یا شینهەڵگەڕانی شوێنێکی جەستە، بریندار بوون یان هەر جۆرە نیشانەیەکیتر. لەم جۆرە توندوتیژییەدا ئاسەوارەکانی توندوتیژی بەتەواوی دیارە و ئەو کەسەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بووەتەوە.


شلێر مەحموودی

جۆرێکیتری توندوتیژی، کە بە ڕواڵەت هیچ نیشانەیەکی نییە، ئەویش توندوتیژی دەروونییە.وەک سووکایەتیپێکردن، جنێودان، ناوزڕاندن و توانجلێدان لەو جۆرە توندوتیژییە دەروونیانەن کە کاریگەریی دەروونی قووڵیان هەیە لەسەر بەردەنگ و لە هەمانکاتیشدا سەلماندنیان لە بەردەم ناوەندی بڕیار یاخود یاسادا ئەستەمە.

توندوتیژی ڕۆحی و دەروونی هۆکارێکە بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر متمانە بەخۆی لەدەست بدات و تووشی خەمۆکی و نەخۆشی دەروونی زۆر مەترسیدار بێت و تا ئەو جێگایەیی بگاتە ڕادەی خۆکوشتن.

## توندوتیژی بنەماڵەیی چییە؟

کارێکی شاراوەیە لەلایەن مێرد، باوک برا یا خزموکەسی نزیک دژ بە ئەندامانی دیکەی بنەماڵە ئەنجامدەدرێن. لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا ژنان بەبۆنەی شەرم و ئابڕووی خۆیان و ترس لە تەمبێکردنی قورس توندوتیژییەکان دەشارنەوە و لای کەس یا لایەنی پەیوەندیدار باسی ناکەن. لە زۆربەی وڵاتاندا ژنانی خێزاندار کە توندوتیژی جنسییان بەرامبەر دەکرێت بێدەنگ دەبن و ژنانی سەڵتیش ناچارن کە لەگەڵ ئەوکەسەی توندوتیژی جنسی ئەنجام داوە لەگەڵیان ژیانی هاوبەشی پێک بهێنن وەک عێراق و هەرێمی کوردستان و لەدوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی مەترسی توندووتیژی بنەماڵەیی چەند قات زیاد دەکات. بۆیە پێویستە ژنان زۆر هۆشیارانە سەبارەت بەو پرسە مامەڵە بکەن.

بەڵام لە هەندێک وڵاتدا یاساگەلێکی تایبەت هەن بۆ دژایەتیکردنی هەر چەشنە توندوتیژیەک چ لەکاتی ژیانی هاوبەش چ لە کۆمەڵگە، کولتوور بۆ کۆنترۆڵی توندوتیژی بنەماڵەیی ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی هەیە و یاساش ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە.

## هۆکارەکانی توندو تیژی بنەماڵەیی

بەپێی ئەوەی زۆرێک لە توندوتیژییەکان لە بنەماڵەدا بەرامبەر بەژن دەکرێ سەرنج دان بەو بابەتە گرنگی خۆی هەیە و بەپێی ڕاپۆرتەکان و لێکۆڵینەوە یاساییەکان هۆکارەکانی توندوتیژی بنەماڵەیی بەسەر چەند هۆکارێکدا دابەش دەکرێن:

- هەڕەشەو ترساندن/ هەڕەشەی ئازاردان یا کوشتنی ژن یا منداڵان و خزم و کەس، هەڕەشەی خۆکوشتن، لەناوبردن یا شاردنەوەی بەڵگە تاکەکەسییەکان، بەربەستدانان بۆ پەیوەندی ژنانە، هەڕەشەی تەڵاقدان و هتد.
- توندوتیژی جەستەیی / لێدان، گرتن ،بەستنەوە، زیندانیکردن ، دەرکردن لەماڵەوە، قەدەخەکردنی خواردن، مستلێدان، پاڵپێوەنان و هەرچەشنە لێدانێکی جەستەیی.
- توندوتیژی دەروونی یا کەلامی/ جنێودان، قسەلەگەڵ نەکردن، تووڕەیی و هاوارکردن بەسەریدا، لەناوبردنی بڕوابەخۆبوون، لەناوبردنی کەرامەتی ئینسانی، شەرمەزارکردن، منەتکردن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و هتد.
- توندوتیژی جنسی/ لەبەرچاونەگرتنی دۆخی تەندروستی لەکاتی پەیوەندی جنسیدا، مەجبوورکردن بۆ لەباربردنی منداڵ و منداڵبوونی



**لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا ژنان بەبۆنەی شەرم و ئابڕووی خۆیان و ترس لە تەمبێکردنی قورس توندوتیژییەکان دەشارنەوە و لای کەس یا لایەنی پەیوەندیدار باسی ناکەن. لە زۆربەی وڵاتاندا ژنانی خێزاندار کە توندوتیژی جنسییان بەرامبەر دەکرێت بێدەنگ دەبن و ژنانی سەڵتیش ناچارن کە لەگەڵ ئەوکەسەی توندوتیژی جنسی ئەنجام داوە لەگەڵیان ژیانی هاوبەشی پێک بهێنن**

نەخوازراو ، دەستدرێژی جنسی.

– توندوتیژی ئابووری/ بەربەستدانان بۆ سەربەخۆیی ئابووری ژن، فرۆشتنی زێڕ و کەلوپەلی تایبەت بە ژن، خەرجنەکردنی پارە بۆ بژێوی ژن.

– توندوتیژی یاسایی/ بەربەستدانان بۆ بەخێوکردنی منداڵ لەکاتی تەڵاقدا، فرەژنی، تەڵاقنەدانی ژن بەپێچەوانەی خواستی خۆی.

– بەربەستدانان لەبەرامبەر گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، فیکری و فێرکاری، ڕێگەنەدان بەکارکردنی ژن، بەربەستدانان بۆ درێژەدان بە خوێندن، بەربەستدانان بۆ پەیوەندی لەگەڵ خزم وکەس یا هاوڕێکانی ژن.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جۆرەکانی توندوتیژی جیهانی بەپێی قۆناخەکانی ژیان دابەش دەکات:

_ قۆناخی بەرلەدایکبوون/ لەباربردنی منداڵ بەبۆنەی ڕەگەزەوە، بەتایبەتی کچ، هەوڵدان بۆ لەناوبردنی کۆرپەلە لەماوەی دووگیانیدا.

_ قۆناخی مێرمنداڵی/ منداڵی کچ توندوتیژی جەستەیی، جنسی و دەروونی بەرامبەر دەکرێ.

_ قۆناخی منداڵیی/ منداڵهاوسەریی، خەتەنەی کچان، دەستدرێژی جنسی، فرۆشتنی جەستەی منداڵان و بەکارهێنانی منداڵان لە ڤیدیۆی نەشیاو.

_ قۆناخی لاویی/ توندوتیژی بەرامبەر خۆشەویستەکانیان بۆ نموونە تێزاپ پێداکردن و دەستدرێژی، پەیوەندی جنسی بەهۆکاری کێشەی ئابووری واتا لەشفرۆشی، وەک ئەو کچانەی کە خوێندکارن بۆ دابینکردنی و پارەی خوێندن زۆرجار پەیوەندی جنسیان لەگەڵ کەسانی هاوتەمەنی باوکیان دەبێت، دەستدریژی جنسی لە شوێنی کار، هەڕەشەی جنسی و هتد.

– قۆناخی گەورەساڵی/ مەجبوورکردن بە خۆکوژی یا کوشتن بە هۆکاری ئابووری ، ئەنجامدانی توندوتیژی جنسی و دەروونی.

ڕێککەوتننامەکان:

١_ ڕێککەوتننامەی سیداو، بەمانای ڕێککەتنامەی نێودەوڵەتی بۆ کۆتاییهێنان بەهەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژنان دێت. سیداو پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییە لەلایەن کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتوەکان پەسند کرا. ئەو پەیماننامەیە هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ژنان لەناو دەبات. هەروەها وەک هاوشێوەی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی وەسف کراوە ئەم ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە لە ماوەی ساڵی ١٩٧٩ی زایینی پەسەند کراوە پێشکەش بە وڵاتان کرا بۆ ئەوەی بەشداری بکەن و واژۆی بکەن، جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی لە ساڵی ١٩٨١ دەستی پێکردووە و پەیماننامەکە لە




پێشەکییەک و سی بەند پێکدێت کە دیاریترین مافەکانی ژنانی تێدا چەسپاوە.

١/ هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی کە جیاکاری ڕەگەزی لەخۆ دەگرن.

٢/ قەدەغەکردنی بازرگانی و بەکارهێنانی ژنان.

٣/ فەراهەمکردنی خوێندن و خزمەتگوزاری تەندروستی بۆژنان.

٤/ دەستەبەر کردنی مافی خاوەندارێتی و ئازادیی کار.

ئەو وڵاتانەی کە ڕێککەوتنەکەیان واژۆ کردووە

سوید یەکەم وڵات بوو کە لە ساڵی ١٩٨٠ بە فەرمی ڕێککەوتنەکەی واژۆ کرد؛ بۆ ئەوەی ساڵی دواتر دوای واژۆکردنی ٢٠ وڵاتیتر، ژمارەی ئەو وڵاتانەی پەسەندیان کرد، گەیشتە ١٨٦ وڵات و قەتەر و فەلەستین دوا وڵات بوون کە ئەم ڕێککەوتنەیان ڕێکخست و هەموو وڵاتانی عەرەبی واژۆیان کرد ئەوە جگە لە سودان. بەڵام زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئێران پەسندیان نەکردووە و هەندێک ڕەخنەیان دەربڕیوە سەبارەت بە هەندێک برگە کە پێچەوانەی فێرکارییەکانی شەریعەتی ئیسلامی و یاسا نیشتمانییەکانن.

_ لە مادەی دووەمی ڕێککەوتننامەکە دەڵێ هەموو ئەو وڵاتانەی ئیمزایان کردووە دەبێ هەموو ئەو یاسایانەی کە جیاکاریی لە نێوان ژن و پیاودا دادەنێ دەبێ بیسڕنەوە ئەوەش لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ناگونجێ بۆ نموونە لە مەسەی میراتدا.

_ بۆ نموونە لە مادەی شازدەدا باس لەلابردنی هەمووجۆرە سەرپەرشتی و خاوەندارییەک دەکات لەسەر کچان و ژنان لەلایەن باوک و برا و مێرد و سەرپەرشتیاری تر.

_ کچ دەتوانێ ناوی دایک هەڵبگرێت وەک چۆن ناوی دایکی هەڵدەگرێت.

_ قەدەغەکردنی فرە ژنی.

_ چۆن پیاو دوای جیابوونەوەی هاوسەرەکەی بۆی هەیە ڕاستەوخۆ ژن بێنێت ژنیش دەتوانێ.

_بەرزکردنەوەی تەمەنی شووکردنی کچان بۆ ١٨ ساڵ.

_ ژن ئازادە منداڵی ببێ یان نا.

٢_ جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە لە پێشەکییەک و ٣٠ بەند پێکهاتووە. جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ یان مافنامەی جیهانیی مرۆڤ پەیمانێکی نێونەتەوەییە کە لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە مافە بنەڕەتییەکانی هەر مرۆڤێک پەسەند کرا. ئەم جاڕنامەیە ئاکامی ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی دووەم بوو و بۆ یەکەم جار باسی لە تەواوی ئەو مافانە دەکرد کە هەر مرۆڤێک لە هەر شوێنێکی جیهان خاوەنیەتی.

٣_ ئەنجوومەنی چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کا ر ە کا نی :

_کار لە سەر زیاترکردنی ڕێز و پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی دەکات.

_لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا سەبارەت بە کاروبارە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان ڕاوێژ دەکات.

مافەبنچینەییەکانی مرۆڤدا هەندێک لە مافەکان باسکراون کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە بنچینەیی و بناغەی مرۆڤایەتی دادەنرێن و تۆمارکراون لە ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیماننامەی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافە شارستانی و سیاسییەکان و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و ئەم مافە پێناسە کراون تێیدا:

مافی چارەی خۆنووسین[١]
مافی ئازادیی بوون[٢]
مافی دادگایکردن بەپێی یاسا کارپێکراوەکان[٢]
مافی ئازادیی جووڵانەوەکان[٣]
مافی ئازادیی بیروڕا[٤]
مافی ئازادیی ئایین[٤]
مافی ئازادیی ڕادەبڕین [٥]
مافی ئازادیی کۆبوونەوە[٦]

مافی ئازادیی پێکهێنانی یەکێتی و کۆمەڵەکان[٧]
دەسەڵاتی دادوەری

٣_ کۆمیسیۆنی دۆخی ژنان (بە ئینگلیزی: Commission on the Status of Women) کۆمیسیۆنێکی کاراییی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێک لە ئۆرگانە سەرەکییەکان لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکانە. ئەو کۆمیسیۆنە وەکو ئۆرگانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان وەسف کراوە کە یەکسانیی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان بەرەوپێش دەبات. [٢] ساڵانە نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک کۆدەبنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنەکانی یەکسانیی جێندەری، دەستنیشانکردنی بەربەستەکان، دانانی ستانداردی جیهانی و دارشتنی سیاسەتی کۆنکریتی بۆ پێشخستنی یەکسانیی جێندەری و پێشکەوتنی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا.

ئێران لە کوێی ئەو هاوکێشەدایە

ئایا لە سیستەمی سیاسی و یاسایی ئێراندا تا چەند گرنگی بەو پرسە دراوە

ئەگەر چاوێک بە یاسا و سیاسەتی رژێمی ئێراندا بخشێنین، دەبینین بەیاساو سیاسەت و پەروەردە و کولتوور دژی مافە بنەڕەتییەکانی ژنانە و لەمێژووی دەسەڵاتی خۆیدا ئەوەی سەلماندووە. ئەو پەیماننامەی باسمان کرد ئێران لە بەشێکیان ئەندامە یا ئەندام بووە چونکە تا ئێستا دووجار لە کۆمسیۆنی ژنانی ئەنجوومەنی ئابووری کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بووەتە ئەندام و دەرکراوە لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ ئێران لە کۆمیسیۆنی دۆخی ژنان سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بەهۆی پێشلکارییەکانی دژی خۆپیشاندانەکانی ٢٠٢٢ی ئێران و پاش راپۆرتەکانی توندوتیژی جەستەیی، جنسی و زارەکی لەلایەن رژێمی ئێرانەوە لە دژی ژنان. ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆرینەی دەنگ لە ١٥ی کانوونی ٢٠٢٢، ئێرانی لە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی ژنان دەرکرد. بریارنامەی پێشنیارکراو بۆ ئەمە لەلایەن ئەمریکاوە پێشکەش کرا و ٢٩ ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە پشتگیریان لە بریارنامە پێشنیار کراوەکە کرد.

ئەم کارە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم کۆمیسیۆنە رووی دا، وەک کاردانەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کوژرانی «ژینا ئەمینی» و سەرکوتکردنی نارەزایەتیی ژنانی ئێران کە بەهۆی کوژرانی ژینا ئەمینییەوە سەری هەڵدابوو. هاووڵاتیان و چالاکانی سیاسیی نەیاری ئێران پێشوازییان لە دەرکردنی ئەو وڵاتە لە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان کرد و لە بەرامبەردا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئەم کارەی بە «نایاسایی» ناوبرد. ئێران رێککەوتننامەی سیداوی واژۆ یا پەسند نەکردوە لەبەرئەوەی هیچ یەکێک لەو مافانەی قبووڵ نییە بۆ ژنان کە لە رێککەوتننامەکەدا هاتووە و پێیوایە دژی شەریعەتی ئیسلامییە.

ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بە هەموو جۆرێک مافەکانی ژن پێشێل دەکات و توندوتیژی لە ئاستێکی بەرز دایە و بە هەموو سێکتەرەکانی وڵات مافی ژنی پێشێل کردووە، ئەگەر لە سیاسەت و دەستووری وڵاتەوە دەست پێبکەم دەبینین چۆن ژنی بەدەستوور یا یاسای بنەرەتی بێبەش کردوە لە کۆمەڵێک پۆستی سیاسی لەبەر ئەوەی پێی وایە ژن زەعیفەیە و ئەو پۆستانەی پێ بەرێوە ناچێ و هەتا ئێستا کەمترین رێژەی ژن لە پەرلەمانی ئێراندا هەن کە شوێنی یاسادانانی وڵاتە. ئەگەر باس لەیاسای خێزان بکەم ژنی تەنها لە چوارچێوەی ماڵدا خولاسە کردۆتەوە و کاری خزمەتی ماڵ و منداڵە و پیاویش بەخێوکەر و خاوەنیەتی. لەیاسای کاردا جگە لەوەی ژنان زۆربەی کات رووبەرووی توندوتیژی یا دەستدرێژی جنسی دەبنەوە هەقدەستی کاریان نیوەی پیاوانە.

ئەگەر بەگشتی چاوێک بەبارودۆخی ژنان لە ئێراندا بخشێنین دەبینین کە ژنان بەگشتی خاوەنی یەک کێشەن بەڵام ژنی کورد چەند قاتی ژنێکی نەتەوەکانی دیکە دەچەوسێندرێتەوە و بەتوندوتیژی سیستماتیک و بەرجەستەترینیان توندوتیژی سیاسییە، ئەبەدەن ژنی کورد لە ئێراندا بۆی نییە هیچ پۆستێکی سیاسی وەربگرێ و هەر ژنێکیش بۆلای سیاسەت بچێ ئەوە بەتوندترین شێوە سزادەدرێت و جگە لە ئەشکەنجەیەکی زۆر و دەستدرێژی جنسی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکات. نوێترین نموونەش وریشە موڕادی و پەخشان عەزیزی-ن. ئەوەش وادەکا کە لە سیاسەتی ئێراندا سیاسەت بقە بێ و ناچارن لە رێگەی ئەنجوومەنە مەدەنییەکانەوە بێنەمایدان و سیاسەتی خۆیان دژی ئێران دارێژن و لە رووی کولتوورەوە دژیان دەجەنگێ و رێگەیان پێنادات بە جلوبەرگی کوردی و زمانی کوردی بخوێنن و تا ئێستا چەند ژن زیندانیکراون کە لە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان و زماندا مامۆستان وەکو زارا محەمەدی.

لەسەرەتای هاتنە سەرکاری رژێمی ئێرانەوە ژنان رووبەرووی سیاسەت و پلانە دژە ژنەکانی ئێران بوونەتەوە بۆیە هەمیشە ترسی لە دەسەڵاتی ژنان هەیەو جگە لەوەی بێبەشیان دەکات لە مافەکانیان بەتوندترین شێوە سەرکوتیان دەکات، باشترین نموونەش بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی بوو کە بەهۆی کوشتنی ژینا ئەمینی-وەوە سەریهەڵداو چەندین ژن و لاو بوونە قوربانی و شەهید بوون. ئێران لە نێوخۆ ژن سەکوت دەکا و پەل بۆ وڵاتانی دراوسێ داوێت و هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت و نەیارانی خۆی کە بە «دژەشۆرش» ناویان دەبا، تیرۆریان دەکات. باشترین نموونەش هێرشە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی ٢٠١٨ بوو کە دوو سکرتێری رێکخراوی یەکیەتی ژنانی وێرای هاورێیانیان شەهید کرد ئەوانیش شەهید نەسرین و شەهید سوهەیلا بوون، لە ٦ی رەزبەریش شەهید هاجەر و شەهید ریحانە بوون. بەبێ گوێدانە یاسای جەنگ و یاسا نێودەوڵەتییەکان کە باس لە پاراستنی ژن و منداڵ دەکەن.

رژێمی ئێران لە ٤٥ ساڵی تەمەنیدا پەنای بۆ شێوازی جیاواز بردووە بۆ ناچارکردنی ژنان بۆ رەچاوکردنی حیجاب و تاقیکردنەوەیان: لە ئامۆژگاری و هەرەشە لە مینبەرەوە، ناساندنی پەروەردەی ئیجباری حیجاب لە کتێبی خوێندندا و غەرامە و شەق لە کوێرکردنەوە خۆپیشاندەران بۆ حیجابی ناچاری لە شەقام و زیندان و ئەشکەنجەدان. ئەم حکوومەتە ئێستا رووی لە زانستی دەروونناسی کردووە و دەیەوێت نەیارانی حیجابی ئیجباری لە «کلینیک» و بە «بوونی پرۆفیسۆری بەئەزموون لە بواری فەلسەفە و بەهاکانی حیجاب» قەناعەت پێبکات کە رەچاوی حیجاب بکەن.

بۆیە لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەم رژێمە دەسەڵاتدار بێ، ژن بێبەشە لە هەموو مافێک بەتایبەت ژنی کورد.



### ڕۆڵی حیزبی دیموکڕات و ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان لە ککەمکرنەوە یا نەهێشتنی توندوتیژی

ئەگەر چاوێک بە مێژووی حیزبی دیموکراتدا بخشێنین دەبینین کە هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستانەوە بەدامەزرانی ڕێکخراوی ژنان و هێنانەمەیدانی ژنان لەکاری سیاسی و تەشکیلاتیدا سەلماندی کە حیزبێکی دیموکرات و ئازادیخوازە و دواتر هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەی قبووڵ کردوە کە تایبەتن بە یەکسانی ڕەگەزی و کاریشی بۆ کردووە و یەکەم حیزبیش بووە کە فرەژنی و ژنبەژن و گەورە بەبچووکی و مارەکردنی کچی لە تەمەنێکی کەم قەدەغە کردوە و کاریگەریی باشی لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و لە بەرنامە و ئەساسنامەی خۆیدا بە دەق باس لە یەکسانی ژن و پیاو دەکات بەڵام دەبێ لە ئێستادا خۆی ئاپدەیت بکاتەوە و زیاتر کار لەسەر هێنانە مەیدانی ژنان بکا بەرەچاوکردنی جێگەو پێگەی ژنان و هاوکاریکردنیان بۆئەوەی ژنانی زیاتر لەناوەندی بڕیاردا هەبن.

دیارە ئەگەر باسێکیش لە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان بکەم دەڵێم ڕێکخراوێکە سەرفەن لە پێناو هێنانەدی یەکسانی ڕەگەزی و هۆشیارکردنەوەی ژنان دامەزراوە و لەدرێژەی خەباتی خۆیدا وێڕای هەوراز و نشێوەکان چەندین ژنی پەروەردە کردوە و تائێستاش بەردەوامەو پێداگرە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەڵام هەم حیزبی دێموکرات و هەمیش ڕێکخراوی ژنان لە ئاستی گۆرانکارییەکان و پێشکەوتنەکاندا کار بکەن.

### ئەرکی ژنان چییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی

کاتێک باس لە ئەرک دەکرێت دەبێت لەبەرامبەردا مافێکیش هەبێت. سەرەڕای هەموو ئەو مافانەی بۆ ژن دەستەبەر کراوە و ڕێوشوێنی بۆ دانراوە توندوتیژی هەر بەردەوامەو هەر ڕۆژە و بەجۆرێک و بەشێوازێکی نوێ سەرهەڵدەدا وەک لە ئێستادا دیریترینیان سۆشیالمیدیایە کە لە پانێلێکی جیادا باسدەکرێ و من ناچمەسەری. جگە لەوەش لە جیهانی سەرمایەداریشدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ژن بەجۆرێک قوربانییە و ژن وەک کالایەکی بازرگانی دەبینرێ و ڕیکلام بەجەستەیەوە دەکرێ. چونکە ئازادیی ژن لە ئازادی ڕادەربرین و بڕیارداندایە نەک لە ڕووتی و جوانکاری کە ئێستا زۆر ڕوو لە هەڵکشانە لە وڵاتە دواکەوتووەکانیش بەجۆرێکی دیکە قوربانی دابونەریتە کۆنەکانە و ناتوانێ لێی دەرچێ. ئەگینا تووشی سزادان لەلایەن کۆمەڵگەوە دەبێتەوە. بۆیە شێوازی توندوتیژی لە شوێن و ناوچەیەکەوە جیاوزە لە شوێنێکیتر و بەپێی سیاسەت و یاسا و کولتووری کۆمەڵگە دەگۆڕێ بەڵام ئەرکی ئیمەی ژن چییە بۆ ئەوەی کەمترین ڕێژەی توندوتیژی ببینین:

یەکەم، بردنەسەری شعووری سیاسی و کۆمەڵایەتی

دووەم، خۆپێگەیاندن و خۆخوێندەوارکردن

سێیەم، هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی ئابووری

چوارەم، تێگەیشتن لەوەی کە لە بەرامبەر مافدا ئەرک هەیە و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان بە تێبینی و هاوکوفیەوە بێ. هاوکووفی واتای چییە و لە کۆتایشدا دەڵێم هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی تەنها ئەرکی ژنان بەتەنیا نییە بەڵکو ئەرکی حکوومەت و ڕێکخراوە حکوومی و مەدەنی وچالاکانی مافەکانی مرۆڤ و یاساناس و پیاوانی یەکسانیخوازە.

# ئاپارتایدی ڕەگەزی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان


سەیران مەنووچێهری

سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە دیاریکردنی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبر دەکەم کە بۆ یادکردنەوەی تیرۆرکردنی دڕندانەی خوشکەکانی «میرابال» لە کۆماری دۆمینیکان لە ساڵی ١٩٦٠، ٢٥ی نۆڤەمبر وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کراوە. ئەم خوشکانە چالاکی سیاسی بوون دژی دیکتاتۆریی «ڕافایل ترۆخیلۆ» هەڵوێستی بوێرانە و ئازایانەیان نواندووە. کوشتنی ئەم دوو خوشکە بووە هێمای توندوتیژی و چەوساندنەوەی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا. ئەم ڕۆژە وەک بیرخستنەوەیەکی کاریگەر بۆ پرسی ژنان و بەتایبەت بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، هاندەرێکە تاکوو ژنان و چالاکی فێمینیستی زیاتر و شێلگیرانەتر لەسەر داخوازی و مافەکانی خۆیان پێداگرتر بن. مەبەست لەم باسە ئەوەیە تیشک بخرێتە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- بڵاوبوونەوەی هۆشیاری
- هاندانی تاک و کۆمەڵگە و حکوومەتەکان بۆ هەڵگرتنی هەنگاو بەمەبەستی ڕێگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.
- داوای دادپەروەری.
- پشتگیریکردن لە یەکسانیی ڕەگەزی.

توندوتیژی دژ بە ژنان چەند جۆری هەیە کە بریتین لە:

- توندوتیژیی جەستەیی: ئەمەش هەموو جۆرە زیانێکی جەستەیی دەگرێتەوە وەک لێدان، بریندارکردن، پاڵدان، گازگرتن، سووتاندن، بەکارهێنانی جۆرەکان چەک ڕوو بە ژنان و هەر جۆرە بەرکەوتنی توندوتیژانەی جەستەیی.
- توندوتیژی جنسی: ئەمەش هەموو جۆرە کردەوەیەکی جنسیی ناڕەزامەندی دەگرێتەوە؛ وەک دەستدرێژیی جنسی، ئازاردانی جنسی، لەشفرۆشیی زۆرەملێ و ئیستغلالکردنی جنسی تەنانەت لە چوارچێوەی زەواجی زۆرەملێدا.
- توندوتیژیی دەروونی: ئەمەش بریتییە لە بەکارهێنانی ئازاردانی سۆزداری بۆ کۆنترۆڵکردن یان دەستکاریکردنی دەروونیی ژن. ئەمەش دەتوانێت سووکایەتیی زارەکی، هەڕەشە، ترساندن، گۆشەگیری، زەلیلکردن و داوێنپیسی لەخۆ بگرێت.
- توندوتیژیی ئابووری: ئەمەش بێبەشکردنی سەرچاوە داراییەکان یان کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان دەگرێتەوە و دەتوانێت بریتی بێ

**ئاپارتایدی نیشتمانی دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵاواردن و نایەکسانی و ململانێ. هەردوو جۆری ئاپارتایدی جنسی و نەتەوەیی جۆرێکن لە جیاکاری کە دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی ئەو کەسانەدا هەبێت کە کاریگەرییان لەسەرە**

لە ڕاگرتن یان شاردنەوەی پارە، ڕێگریکردن لە دەستپێڕاگەیشتن بە دامەزراندن یان خوێندن و کۆنترۆڵکردنی دارایی، ڕێگریکردن لە کارکردن و بەدەستهێنانی سەرچاوەی مالیی ژنان.

- توندوتیژیی کولتووری: ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی نۆرم و نەریتە کولتوورییەکان بۆ پاساودان یان بەردەوامکردنی توندوتیژی دژی ژنان. ئەمەش دەتوانێت کارە زیانبەخشەکانی وەک خەتەنەکردنی مێینە، هاوسەرگیریی منداڵی ژێر تەمەنی یاسایی (واتە ژێر ١٨ ساڵ) و کوشتن بە پاساوی شەرەف لەخۆ بگرێت.

- توندوتیژیی سیستماتیکی حکوومەتی لە درێژەی باسەکەدا زیاتر لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەین. ئەگەری ئەوە هەیە چەند نموونە لەم توندوتیژییانە بۆ یەک کەس هاوکات ڕوو بدات. لێرەدا بابەتێکی گرینگ ئەوەی کە بزانین کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارانی حکوومەت ئەرکیان چییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.

ئەلف ـ کۆمەڵگە:

- دروستکردنی شوێنی سەلامەت: دروستکردنی شوێنی سەلامەت بۆ ژنان بەمەبەستی ڕاپۆرتدانی توندوتیژی و داوای یارمەتی.
- پاڵپشتی ڕێکخراوەکانی ژنان: پاڵپشتیکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کار دەکەن بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان.
- داکۆکی لە گۆڕان: پاڵپشتیی یاسا و سیاسەتەکان دەکات کە ژنان دەپارێزن و لە تاوانباران لێپرسینەوە دەکەن.
- بەرەوپێشبردنی یەکسانی ڕەگەزی: بەرەوپێشبردنی یەکسانی ڕەگەزی لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەدا.

ب ـ حکوومەتەکان:

- وەبەرهێنان لە بەرنامەکانی خۆپاراستن: وەبەرهێنان لەو بەرنامانەی کە ڕێگریی لە توندوتیژی دژی ژنان دەکەن.
- جێبەجێکردنی یاساکان: جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە ژنان لە توندوتیژی دەپارێزن.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پاڵپشتی: پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پشتیوانی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی.
- کۆکردنەوەی زانیاری: کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توندوتیژی دژی ژنان بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتن و



**ئـەم قەیرانـە کاتـێ خـۆی زیاتـر پێشـان دەدات کـە یاسـا دەبوایـە گەورەتریـن ئامـرازی پاڵپشـتیی لـە مافەکانـی ژنـان بوایـە بـەڵام مەخابـن خـۆی بووەتـە ئامرازێکـی سـەرەکی و بەشـێوەیەکی یاسـایی خەریکـە مافەکانـی ژنـان پێشـێل دەکات و بـۆ زۆڵـم و نابەرابەریـی ڕەگـەزی و نەتەویـی دژ بـە ژنانـی کـورد، یاسـای دانـاوە**

دیاریکردنـی بـوارەکان بـۆ باشـترکردن.

لێرەدا منی ژنی کورد کێشـەیەکی گەورە بـۆم زەق دەکرێتـەوە، ئـەوەش ئەوەیـە کـە وڵاتەکـەی مـن لەلایـەن دیکتاتۆریـی ڕادیکاڵـی ئیسـلامییەوە داگیـر کـراوە و لـەم کاتـەدا ئەگـەر مـن وەکو بەشـێک لـە پێکهاتـەی ژنانی کۆمەڵگـەی کوردی چاو لـە توندوتیـژی دژ بـە ژنـان بکـەم، بـۆم ئاشـکرا دەبێـت کـە تووشـی ئاپارتایدێکـی ڕەگـەزیی و نەتەوایەتـی بەشـێوەیەکی سیسـتماتیک و یاسـایی بوومەتـەوە.

ئەمەوێـت ئاماژێکـی بچـووک بـە ئاپارتایـدی ڕەگـەزی و نەتەوایەتـی بکـەم بـۆ ئـەوەی باشـتر لـە بارودۆخـی ئـەو شـێوە لـە توندوتیژییـە تێبگەیـن. ئاپارتایدی ڕەگـەزی ئاماژەیـە بـۆ جیاکاریـی ڕەگـەزی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی بەرانبـەر تاکـەکان بەهـۆی ڕەگـەزەوە. سیسـتەمێکە بـە بەکارهێنانـی پراکتیزەکردنـی جەسـتەیی یان یاسـایی، بەمەبەسـتی دابەزاندنـی تاکـەکان بـۆ پۆسـتی ژێردەسـتە جێبەجـێ دەکرێـت. فیلیس چێسـلێر، زانـای بواری فێمینیسـتی و هەروەهـا مامۆسـتای دەروونناسـی و توێژینـەوەی ژنـان، دیاردەکـە بـەم شـێوەیە پێناسـە دەکات: «ئـەو پراکتیکـە کـە کچـان و ژنـان بـە ژێردەسـتەبوونێکی جیـاواز و ژێردەسـتە مەحکـووم دەکـەن و کـوڕان و پیـاوان دەکەنـە پارێـزەری هەمیشـەیی پاکیزەیـی خزمـە ژنەکانیـان».

ئاپارتایـدی نەتەوەیـی ئاماژەیـە بـۆ جیاکردنـەوەی مرۆڤـەکان لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی. سیسـتەمێکی جیاکارییـە کـە دەتوانرێـت بـە یاسـا، دابونەریـت، یـان گوشـاری کۆمەڵایەتـی جێبەجـێ بکرێـت. ئاپارتایـدی نیشـتمانی دەتوانێـت ببێتـە هـۆی هـەڵاواردن و نایەکسـانی و ململانـێ. هـەردوو جـۆری ئاپارتایـدی جنسـی و نەتەوەیـی جۆرێکـن لـە جیـاکاری کـە دەتوانێـت کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر ژیانـی ئـەو کەسـانەدا هەبێـت کـە کاریگەرییـان لەسـەرە.

ئـەم قەیرانـە کاتـێ خـۆی زیاتـر پێشـان دەدات کـە یاسـا دەبوایـە گەورەتریـن ئامرازی پاڵپشـتیی لـە مافەکانی ژنان بوایە بـەڵام مەخابـن خـۆی بووەتـە ئامرازێکـی سـەرەکی و بەشـێوەیەکی یاسـایی خەریکە مافەکانـی ژنان پێشـێل دەکات و بۆ زۆڵـم و نابەرابەریـی ڕەگـەزی و نەتەویـی دژ بـە ژنانـی کـورد، یاسـای دانـاوە و بەشـێوەیەکی یاسـاییی پاسـاودارێژەر بـە ئامرازی هێزی دەسـەڵاتداری و سـەربازی سـتەم لـە مـن دەکات و مافخوازیی ژنانی کـورد و داواکاریی ژنـان بۆ دادپـەروەری و بەرانبـەر ڕەگەزیی و نەتەوایەتی وەکو تـاوان چـاوی لێـدەکات و سـزای بـۆ دانـاوە کـە نموونـەی زۆرێـک لـە کچانـی کوردن و ئێسـە لـە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی ئێرانـی داگیرکـەردان و سـزایان لەسـەرە و چەندین کەسـیان سزای لەسـێدارەدانی بەسـەرداسـەپاوە و تاوانیـان خەبـات بـۆ ئازادی، بەرانبـەری و دادپـەرەوەری بووە.

بۆیـە ئێمـە کاتێـک بـاس لـە توندوتیژیـی سیسـتماتیک لەسـەر ژنـی کوردسـتانی دەکەیـن، دەبێـت ئەوەمـان لەبەرچاو بێـت کـە ئێمـە وەکـوو ژنـی کوردسـتانی ناتوانیـن لـە چوارچێـوەی حکوومەتێـک کـە نیشـتمانمانی داگیـر کـردووە و ڕۆژانـەش بـەردەوام زوڵـم لـە خۆمـان دەکات، بە مافەکانمان بگەیـن. ئێمـە وەکو ژنـی کـورد دوو شـۆڕشـی گەورەمـان لـە بەردەمدایـە و دەبێـت هـاوکات لەگـەڵ یـەک بڕواتـە پێـش. یەکیـان شـۆڕشـێکی هزریـی کۆمەڵایەتـی و کولتوورییـە و ئـەوی تـر شـەڕ بـۆ ڕزگاریـی نیشـتمان و سـەربەخۆیی کوردسـتانی داگیرکەراومـان و سـەروەریی نەتەوەکەمانـە.

# با توندوتیژییەکانی دژی ژنان بناسین و بەرەنگاریان بینەوە

نووسینی سارا صدرالدینی
وەرگێڕانی: فاتمە مەلەکی




نەتەوە یەکگرتووەکان توندوتیژی دژی ژنان بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «هەر کردارێک کە توندوتیژی ڕەگەزی تێدا ئەنجام بدرێت یان تەنانەت بڕیاریش بدرێت، وەک زیانێکی جەستەیی، جنسی، دەروونی و هەر شتێک کە ببێتە هۆی ئازاردانی ژنان وەک هەڕەشە و زۆرەملێ. زەوتکردنی ئازادی چ لە ژیانی تایبەت و چ لە کۆمەڵگەدا».

توندوتیژی هاوبەشی سۆزداری واتە ڕەفتارەکانی ئێستا یان پێشووی هاوبەشی سۆزداری کە دەبنە هۆی زیانگەیاندنی جەستەیی، جنسی یان دەروونی، وەک بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە جنسییەکان، دەستدرێژی جنسی، دەستدرێژی دەروونی و زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ژن.

توندوتیژی جنسی واتە هەر کردەوەیەک یان کردارێکی جنسی کە ڕاستەوخۆ بەپێچەوانەی ئارەزووی جنسی کەسێکەوە ئەنجام بدرێت، لەلایەن هەر کەسێکەوە، بەبێگوێدانە جۆری پەیوەندی لەگەڵ قوربانییەکە، لەژێر هەر بارودۆخێکدا ئەم حاڵەتە دەستدرێژی جنسیش دەگرێتەوە. واتە پەنابردنەبەر هێزی جەستەیی و یان دانانی ئەندامی زاوزێ یان ئەندامەکانی تری جەستە بۆ ناو هەر بەشێکی جەستەی ژن.

ڕادەی کێشەی توندوتیژی دژی ژنان

ئەو ڕاپرسیانەی کە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی قوربانییەکان ئەنجامدراون، وردترین خەملاندن بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژی هاوبەش و توندوتیژی جنسی دەدەن. شیکاریی زانیارییەکانی زیاتر لە ٨٠ وڵات لە ساڵی ٢٠١٣ دەریدەخات کە لە هەر سێ ژن، یەکێکیان (نزیکەی ٣٥٪) تووشی توندوتیژی جەستەیی یان جنسی لەلایەن هاوبەشی سۆزداری یان کەسێکی نامۆوە بووە.

نزیکەی یەک لەسەر سێ (٣٠٪) ی ئەو ژنانەی جیهان کە لە پەیوەندییەکی سۆزداریدا بوون، تووشی توندوتیژی جەستەیی و جنسی لەلایەن هاوبەشەکەیانەوە بوون. بەپێی ڕاپۆرتە وردەکان، توندوتیژی لەلایەن هاوبەشەوە لەو وڵاتانەی داهاتیان بەرزە ٢٣,٢٪، لە ڕۆژهەڵاتی زەریای ئارام ٢٤,٦٪، لە ڕۆژئاوای دەریای نێوەڕاست ٣٧٪ و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ٣٧,٧٪ .

لەسەر ئاستی جیهانی نزیکەی ٣٨٪ی کوشتنی ژنان لەلایەن هاوبەشە سۆزدارییەکانیانەوە ئەنجام دەدرێت. ٧٪ی ژنان باس لەوە دەکەن کە لەلایەن کەسێکی نامۆوە دەستدرێژییان کراوەتەسەر، هەرچەندە زانیاری کەمتر لەسەر ژمارەی ئەو کەسە نامۆیانە لەبەردەستدایە کە توندوتیژی جنسییان ئەنجام داوە.

زۆرجار پیاوان توندوتیژی جنسی دژی ژنان ئەنجام دەدەن. ئەو هۆکارانەی کە مەترسیی ئەو جۆرە توندوتیژییانە زیاد دەکەن. هۆکارەکانی پەیوەست بە توندوتیژی هاوبەشی سۆزداری و توندوتیژی جنسی لە ژینگەی خێزان یان تاکەکەسی و لە کۆمەڵگەی فراوانتردا ڕوودەدەن. هەندێک کەس توندوتیژی ئەنجام دەدەن، هەندێک ئەزموونی دەکەن و هەندێکیش هەردووکیان.

ئەو هۆکارانەی کەسێکی شەڕانگێز و قوربانیی توندوتیژی دەخولقێنێ:

- خوێندنی کەم (هەردووکیان)

• مێژووی خراپ ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵان (هەردووکیان)
• شایەتحاڵی توندوتیژی خێزانی (هەردووکیان)
• دوورکەوتنەوە و تێکچوونی کەسایەتی (لە کەسێکی شەڕانگێزدا)
• زیادەڕۆیی لە خواردنەوە ئەلکۆلییەکان (هەردووکیان)
• هەبوونی چەندین هاوبەشی سۆزداری و تۆمەتبارکردن بە ناپاکی
• هەڵوێستەکانی پشتگوێخستنی توندوتیژی (لە کەسێکی شەڕانگێزدا)
• پێگەی بەرزتر بۆ پیاوان و پێگەی نزمتر بۆ ژنان

هۆکارەکانی پەیوەست بە هاوبەشی سۆزداری شەڕانگێز:
• ڕابردووی توندوتیژی
• ناتەبایی ژیانی هاوبەش و نارازیبوون
• سەختی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوبەشی ژیان
• هەبوونی ڕەفتاری باڵادەستی پیاوان بەسەر هاوبەشی ژیان

هۆکارەکانی پەیوەست بەو کەسانەی کە توندوتیژی جنسی دەکەن:
• ڕێزگرتن لە خێزان و پاکی لە پەیوەندی جنسی
• هەبوونی ئایدۆلۆژیای باڵادەستی پیاو لە سەرجێیدا
• هەبوونی یاسا و ڕێسای لاواز بۆ توندوتیژی جنسی

نایەکسانی جێندەری و باوەڕە پەسەندکراوەکانی باو سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان سەرچاوەی ئەم توندوتیژیانەن.

کاریگەری توندوتیژی لەسەر تەندروستی چین؟

ئەو هاوبەشە سۆزداریانەی کە دەبنە هۆی زیانگەیاندنی جەستەیی و سۆزداری، هەروەها توندوتیژی جنسی، کێشەی جەستەیی و دەروونی و جنسی کورتخایەن و درێژخایەن بۆ خانمان دروست دەکەن. هەروەها کاریگەرییان لەسەر منداڵی ئەو ژنانەش هەیە.

هەندێک توندوتیژی دەتوانێت:
• کاریگەری مەترسیداریان هەیە وەک کوشتن و خۆکوشتن
• دەبێتە هۆی برینداربوون، نزیکەی ٤٢٪ی ئەو ژنانەی کە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە تووشی توندوتیژی بوون.
• دەبێتە هۆی دووگیانی نەخوازراو، لەباربردنی منداڵ، نەخۆشییەکانی سیستەمی زاوزێی مێینە، نەخۆشییە جنسییە گواستراوەکانی وەک ئایدز. توێژینەوەکان دەریدەخەن ئەو ژنانەی تووشی توندوتیژی جنسی یان جەستەیی بوون، ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییە جنسییە گواستراوەکان ١,٥ هێندە زیاترە، هەروەها ئەگەری لەباربردنی منداڵیش دوو هێندە زیاترە.
• توندوتیژی سۆزداری هاوبەشی

## ئەوهاوبەشە سۆزداریانەی کە دەبنە هۆی زیانگەیاندنی جەستەیی و سۆزداری، هەروەها توندوتیژی جنسی، کێشەی جەستەیی و دەروونی و جنسی کورتخایەن و درێژخایەن بۆ خانمان دروست دەکەن

ژیان لە کاتی دووگیانیدا ئەگەری لەباربردنی خۆبەخۆ، لەدایکبوونی مردوو، لەدایکبوونی پێشوەختە و کەمی کێشی لەدایکبوون زیاد دەکات. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەو ژنانەی تووشی توندوتیژی بوون، ئەگەری لەبارچوونیان ١٦٪ و منداڵبوونی پێشوەختە ٤١٪ بووە.
• توندوتیژی دەبێتە هۆی خەمۆکی و دڵەڕاوکێی دوای کارەسات و تێکچوونی خەو و تێکچوونی خواردن و هەوڵی خۆکوشتن لە ئافرەتاندا. بەپێی توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ٢٠١٣ ئەنجامدراوە، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی خەمۆکی و کحولی دوو هێندە زیاترە لە ژنانی دەستدرێژیکراودا.
• دەرئەنجامەکانی توندوتیژی لە تەندروستی ئافرەتان بریتین لە سەرئێشە، پشت ئێشە، ئازاری سک، تێکچوونی گەدە و ریخۆڵە، سنووردارکردنی جووڵە و نەبوونی تەندروستی جەستەیی تەواو.
• توندوتیژی جنسی بەتایبەت لە تەمەنی منداڵیدا ئەگەری جگەرەکێشان و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و مەی و ڕەفتاری جنسی مەترسیدار لە داهاتوودا زیاد دەکات. ئەمەش لە پیاوانی توندوتیژی و ژنانی قوربانی توندوتیژیدا دەبینرێت.

توندوتیژی چ کاریگەرییەکی لەسەر منداڵان هەیە؟

ئەو منداڵانەی لە خێزانە شەڕانگێزەکاندا پەروەردە دەکرێن، لەوانەیە تووشی تێکچوونی سۆزداری و ڕەفتاری ببن و لەوانەیە لە داهاتوودا تووشی توندوتیژی ببنەوە یان خۆیان توندوتیژی ئەنجام بدەن. توندوتیژی هاوبەشی ئینتیمی دەبێتە هۆی مردنی کۆرپە یان نەخۆشی وەک بەدخۆراکی دروست دەکات.

لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی توندوتیژی دژی ژنان چین؟

بەهای کۆمەڵایەتی و ئابووری توندوتیژی جنسی و جۆرەکانی تری زۆر بەرز و فراوانە. ئەم ژنانە بەدەست گۆشەگیری و دووری و نەتوانینی کارکردن و کەمبوونەوەی مووچە و بەشدارینەکردن لە چالاکییە ئاساییەکان و سنووردارنبوون بۆ ئاگەداربوون لە خۆیان و منداڵەکانیان دەناڵێنن.

توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگادا

لە دونیای ئاژاوەگێری ئەمڕۆدا ژنانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا نە کۆڵ دەدەن و نە سەردەسپێرن، بەرەنگاری دەبنەوە! ژنان لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە پێگەی نوێ لە کۆمەڵگە و وەرگرتنەوەی مافەکانیان و نەهێشتنی جیاکاری جێندەری لە یاساکاندا و یەکدەنگن بۆ هاوارکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە سەردەمانێک تابۆ بوون. نەوا، کچێکی تەمەن ٢١ ساڵانی میسری دەڵێت: «توندوتیژی هەموو کۆمەڵگاکەمی گرتۆتەوە. دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان زۆر باو بووە لە شەقامەکاندا. شەوانە ناتوانم بچمە دەرەوە چونکە ئاسایشم نییە. من لەم کۆمەڵگەیەدا بۆچوونەکانم دەردەبڕم بەڵام لە کۆتاییدا چونکە من ژنم کەس ڕێز لە بۆچوونەکانم ناگرێت و ئەمەش جۆرێکە لە توندوتیژی».

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ژنان پێی وایە کە ژمارەی ئەو ژن و کچانەی وەک نەوا کە داوای مافی خۆیان دەکەن ئەژماریان ڕوو لە گەشەیە بەڵام ئەمڕۆ توندوتیژی دژی ژنان بەهەمانشێوە

زیادی کردووە. توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شوێنێکی جیهان بێ سنوورە.

حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی ژنان لە کۆمەڵگادا بریتین لە:
توندوتیژی دژی ژنان لە زیندان
نایەکسانی دەسەڵات لە نێوان زیندانییەکان و سەربازەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی زیندانییەکان بە تەواوی گوێڕایەڵی ئەفسەر و سەربازەکان بن و ئازاری جەستەیان پێ بدرێت. لەبەر ئەوەی ژنانی زیندانی زۆرجار لە چاوی گشتیی دەردەکەون، هیچ پراکتیزەیەکی دروست بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژی جنسی و دەستلێدان لە کاتی گەڕان بەدوای جەستەدا و بەستنەوەی دەست و قاچی ژنان لە کاتی منداڵبووندا نییە. بەگشتی ژنانی زیندانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە خۆراک و بەرهەمی تەندروستی زیاتر و دوورکەوتنەوە لە سزا و ئەو جۆرە ئاسانکاریانە دەستدرێژیان پێدەکرێت. هەروەها لە زیندان چاوەدێری پزیشکی و دەروونی کەم بۆ ئەم ژنانە بەردەستە.
ئەنجامدانی تاوانێک لە زینداندا، وەک دەستدرێژی جنسی، بەزۆری پشتگوێ دەخرێت و دەستدرێژیکارەکە دادگایی ناکرێت. لە ساڵی ١٩٩٧ تەنها ١٠ زیندان لە حکوومەتی فیدراڵی یاسای توندیان لە دژی توندوتیژی لە زیندانەکانی ژنان پەسەند کردبوو.

ژن لە دونیای کاردا
لە دونیای کاردا پیاوان مووچەی زیاتریان پێدەدرێت لە ئافرەتان، تەنانەت لە کارە هاوشێوەکانیشدا. توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجامدراوە دەرکەوتووە ئەگەر ئافرەتان قەرز لە بانکەکان وەربگرن، ئەوە دەبێت مانگانە زیاتر لە پیاوان پارە بدەن.
بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ پیاوان، ژنان بەلانیکەمەوە ١٣٪ زیاتر پارە دەدەن بۆ تەندروستی و چاوەدێری تەندروستی هەروەها ٨٪ زیاتر بۆ جلوبەرگەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا ١٩,٧٪ کەمتر داهاتیان هەیە. نزیکەی ١٠٤ وڵات لە جیهاندا هەمان کار وەک پیاوان بە ژنان نادەن؛ لە کامێرون، مێرد دەتوانێت ڕێگری لە کارکردنی هاوژینەکەی بگرێت.
ژنانی خێزاندار بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە ماڵەوە کار بە داهاتێکی باشەوە ڕەتدەکەنەوە و یەک لە دەی پیاوەکان ئاگەداری کارەکانی ماڵەوەن.

پرژاندنی ئەسید
ژنان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا لە سیاسەت و نەریت و کۆمەڵگە و کولتوور و ئابووریدا بەدوای پیاودا دەڕۆن. لە هەندێک وڵاتدا ژنێک کە خوازبێنییەکەی ڕەتدەکاتەوە، دەبێتە قوربانی توندوتیژییەک کە پێی دەوترێت تۆڵەکردنەوە؛ هێرشی بە ئەسید ڕێگایەکە بۆ تۆڵەسەندنەوە.
ئەو ئەسیدە کە دەڕژێتە سەر ڕوخسار و جەستەی ئەو ژنانە دەبێتە هۆی مەترسی کوێربوون و سووتانی

**لەبەر ئەوەی ژنانی زیندانی زۆرجار لە چاوی گشتیی دەردەکەون، هیچ پراکتیزەیەکی دروست بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژی جنسی و دەستلێدان لە کاتی گەڕان بەدوای جەستەدا و بەستنەوەی دەست و قاچی ژنان لە کاتی منداڵبووندا نییە**

پلە سێ و حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانەش هیچ ناکەن بۆ ڕێگریکردن لە فرۆشتنی ئەسید بە خەڵکی ئاسایی و سزادانی ئەو کەسانەی کە بۆ کوشتن و دژی جەستەی ژنان بەکاریدەهێنن.

کوشتنی بووک بەهۆی مارەیی
ئەم واقیعە تاڵە جارێکی تر ئاماژە بە خاوەندارێتی ژن دەکات وەک موڵکی پیاو. ئەو بووکانەی پارەی پێویست بۆ زەماوەند و مارەییەکانیان خەرج ناکەن، سووکایەتییان پێدەکرێت و هەندێکجار لەلایەن مێردەکانیانەوە دەکوژرێن یان خۆیان دەکوژن.
ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لە هیندستان و پاکستان و بەنگلادیش تۆمار کراوە و هیندستانیش بەرزترین ئاماری هەیە. ساڵانە لە پاکستان نزیکەی دوو هەزار حاڵەتی کوشتنی ژنان بەم هۆیەوە تۆمار دەکرێت.

کوشتنی شەرەف
لە هەندێک وڵاتدا ژنان نوێنەرایەتی شەرەفی خێزانەکەیان دەکەن. کاتێک ژنان تۆمەتبار دەکرێن بە زینا، تەنانەت ئەگەر دەستدرێژیشیان کراوەتەسەر، زۆرجار بە خراپترین شێوە لەلایەن برا و باوکی خۆیانەوە سزا دەدرێن.
ئەو ژنانەی دەستدرێژی دەکرێنەسەر و بەڵگەیان نییە بۆ سەلماندنی، بە زینا تۆمەتبار دەکرێن کە سزای بەردبارانکردنە. لەکەدارکردنی پاکیزەیی ژن ئەگەر پێشبینیش بێت، هیچ بژاردەیەک بۆ بنەماڵەی ژنەکە ناهێڵێتەوە کە ئەم پەڵەی شەرمەزارییە لاببەن جگە لە کوشتنی.

خەتەنەکردنی مێینە بە شێوەی FGM
خەتەنەکردنی مێینە لە ٢٨ وڵاتی ئەفریقا ئەنجام دەدرێت. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان، ١٣٥ ملیۆن ژن و کچ بەهۆی خەتەنەکردن تووشی ڤایرۆسی ئایدز و نەزۆکی بوون، جگە لەو ئازارە دەروونی و سۆزداریانەی کە بەسەر ئەو ژنانەدا کەوتووە.
لێخۆ شبو و ن
زۆر کەسی توندوتیژکار ناگیرێن. زۆربەی قوربانیانی ژن پێیان باشە ڕاپۆرتی توندوتیژی نەخەنە بەردەم پۆلیس و بەرپرسانی حکوومەت چونکە دەترسن لە کۆمەڵگە دووربخرێنەوە و کەسانی دیکەش تاوانباریان بکەن.
کاتێک ژنان سکاڵا لەسەر دەستدرێژکارێک تۆمار دەکەن، ناچارن بەشداری لە دۆسیە درێژخایەنەکانی دادگا بکەن کە بەبێ بەزەییانە گاڵتە بە ژنان دەکرێت و دەبنە سەردێڕی هەواڵ و ڕاپۆرتی میدیاکان. توندوتیژی دژی ژنان ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە کۆمەڵگە جیاوازەکان داکوتاوە.

بازرگانیکردن بە ژنانەوە
ژنان بە مەبەستی کەلکاژۆکردنی جنسی و جەستەیی و ڕیکلام دەفرۆشرێن. زۆرجار بازرگانەکان ئەو ژنانە دەکەنە ئامانج کە لەگەڵ هەژارییدا دەجەنگن و ناتوانن کارێک یان خوێندنێکی دروست بدۆزنەوە.



وەرگرتنی میرات

لە بریتانیا، تونس، چین و ئێران، ژنان پشکی میراتیان کەمترە لە پیاوان. لە ساڵی ١٩٥٦ لە تونس ئەم یاسایە دەرچوو کە ئەگەر کوڕێک لە خێزانەکەدا هەبێت ئەوە بەشی میراتەکەی دوو ئەوەندەی کچەکانە.

نەبوونی ژنان لە دەسەڵاتدا

یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی شەڕە سیاسییەکان، نەبوونی ژنانە لە پۆستەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا. لە دەستەی ئەمیندارانەوە تا دادگاکان تا پێگەی سەرکردە سیاسییەکان لە سەرانسەری جیهاندا، نەبوونی ژنان لەو پۆستە باڵا و گرنگترانەدا ڕێگریی لە پێشکەوتن لە بوارە جیاجیاکاندا دەکات.

نەبوونی ژنان وەک سەرکردە لە کۆمەڵگەدا نەک هەر دەبێتە هۆی دواکەوتوویی ژن بەڵکو دەبێتە هۆی دواکەوتوویی هەموو کۆمەڵگە؛ تا زووتر ئاگەداری ئەم بابەتە بین، زووتر دەبینە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو.

خۆپاراستن لە توندوتیژی دژی ئافرەتان و چارەسەری:

توێژینەوەکان لەسەر کاریگەری بەرنامەکانی پێشگرتن و چارەسەرکردنی توندوتیژی دژی ژنان ڕۆژانە لە زیادبووندایە بەڵام ئەوەی بەڕاستی ژنان پێویستیانە سەرچاوەی زیاترە بۆ ڕێگریکردن و چارەسەرکردنی توندوتیژی جنسی و جەستەیی، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا ئەم توندوتیژییانە بوەستێنرێت.

بەڵگەکان دەیسەلمێنن ئەو وڵاتانەی داهاتیان بەرزە، داکۆکیکردن و ڕاوێژکاریی قوربانیان و ڕزگاربووانی توندوتیژی بۆ باشتر دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان ڕێژەی توندوتیژی لەم وڵاتانەدا کەمکردووەتەوە، لەوانەش کارمەندانی چاوەدێری تەندروستی، بە هاوکاری پەرستارانی ڕاهێنراو، توندوتیژی جنسی کەمیکردووە. هەرچەندە ئەم بەرنامانە هێشتا لە ناوچە هەژارەکاندا جێبەجێ نەکراون، ئەو ستراتیژییەی لە ناوچە هەژارەکاندا جێبەجێ کراون بریتین لە: ڕاهێنان لەسەر بنەمای یەکسانیی جێندەری کە وایکرد هاوسەرەکان فێری توانای پەیوەندیکردنی باشتر بن؛ کەمکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە مەی و خواردنەوەی، گۆڕینی تێڕوانینە هەڵەی باو و جێندەرییەکانی نێو کۆمەڵگە بۆ یەکڕیزی و یەکڕیزی لە کۆمەڵگە و بەشداریکردن لە گرووپە توێژینەوەکان لەوانەش ژن و پیاو بۆ دروستکردنی بیرکردنەوەی ژیانی دروست سەبارەت بە نایەکسانی جێندەری و هێزی پەیوەندییە هاوبەشەکان.

ئەو یاسا و سیاسەتانەی کە پێویستە بە ئاراستەی یەکسانی جێندەری بگۆڕدرێن:

- کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن دژی ژنان لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و جیابوونەوە و سەرپەرشتیکردنی منداڵ
- کۆتاییهاتنی جیاکاری لە دژی ژنان لە یاساکانی میرات و خاوەندارێتی موڵکدا
- زیادکردنی مووچەی ژنان لە کارە جۆراوجۆرەکاندا
- پەرەپێدانی بەرنامەکانی چارەسەرکردن و سیاسەتی گشتی بە ئاراستەی توندوتیژی دژی ژنان

لە کاتێکدا کە خۆپاراستن و چارەسەری توندوتیژی دژی ژنان پێویستی بە ڕێبازێکی فرەلایەنە هەیە بەڵام کەرتی تەندروستی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت.

ئەو شتانەی کە بەشی تەندروستی دەتوانێت بیکات بریتین لە:

• پاڵپشتیکردنی مافەکانی ژنان و دەربڕینی توندوتیژی دژی ژنان وەک شتێکی قبووڵنەکراو و کێشەیەکی تەندروستی گشتی.
• پێشکەشکردنی چەندین خزمەتگوزاری، ڕاهێنانی ستافی چارەسەرکردن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاوسۆزی و گشتگیر مامەڵە لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕزگاربووانی توندوتیژیدا بکەن.
• ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و منداڵان و پێشکەشکردنی پاڵپشتییەکی بەرفراوان بۆیان.
• پێشخستنی یەکسانی جێندەری لە نێوان مرۆڤەکاندا وەک کارامەییەک لە ژیانیاندا، پێشکەشکردنی بەرنامەی پەروەردەی جنسی بۆ گەنجان.
• دروستکردنی بەڵگە لەسەر گرنگی کێشەی توندوتیژی بە ئەنجامدانی ڕاپرسی بەرفراوان.

سنووردارکردنی ژنان
سنووردارکردنی ژنان
لە وڵاتە جیاوازەکاندا

٩٩ ساڵ لەمەوبەر، لە ساڵی ١٩٢٠، ژنانی سپی پێستی ئەمریکی بەشێوەیەکی یاسایی مافی دەنگدانیان پێدرا (هەمواری ١٩ پەسەندکراو زیادکرا بۆ دەستوور هەروەها ژنانی ڕەشپێست تا ساڵی ١٩٦٥نەیانتوانی دەنگ بدەن.
• دەستدرێژیکاران دەتوانن لە ٧ ویلایەتی ئەمریکا داوای مافی دایک و باوکایەتی بکەن. ویلایەتی میریلاند، ئەلاباما، میسیسیپی، مینیسوتا، داکۆتای باکوور، وایۆمینگ و نیو مەکسیکۆ هیچ یاسایەکیان نییە کە ڕێگری لە دەستدرێژیکاران بکات کە سەرپەرشتی منداڵەکەیان بکەن.
• ژنان لە سعوودیە تا ئەم دواییانە ڕێگەیان پێنەدرابوو شۆفێری بکەن و تا ساڵی ٢٠١٥ مافی دەنگدانیان نەبوو.
• لە میسر ژنانی خێزاندار دەتوانن بەمۆڵەتی خۆیان لە ماڵەوە دەربچن تەنها بەمەبەستی جێبەجێکردنی داب و نەریت و یاساکان، بۆ مەبەستی تر دەبێت داوای مۆڵەتی هاوسەرەکەیان بکەن ئەگینا پاڵپشتی دارایی مێردەکەیان لەدەست دەدەن.
• لە ٣٢ وڵاتدا ژنان بۆ داواکردنی پاسپۆرت پێویستیان بە مۆڵەتی مێردەکەیان هەیە و لە ٣٠ وڵاتیش ژنان مافی ئەوەیان نییە شوێنی نیشتەجێبوونیان هەڵبژێرن.
• لە ئیسرائیل ژنان مافی جیابوونەوەیان نییە.
• مێردێکی نەیجیریا بەپێی ماددەی ٥٥ی یاسای سزادان، بە ئامانجی ڕێنماییکردن و چاکسازیکردن ڕێگەی پێدەدرێت لە ژنەکەی بدات.
• لە کارۆلینای باکوور، نەخێر بە مانای نەخێر نییە. دەستدرێژی جنسی لەبەرچاو ناگیرێت ئەگەر ژنەکە لە کاتی ڕووداوەکەدا تەنها جارێک ناڕەزایی خۆی دەربڕێت.
• لە ڕووسیا ١٥ ساڵ لەمەوبەر یاسای یەکسانی جێندەری پەسەند کرا.
• لە ١٠٤ وڵاتی جیهاندا ژنان لە کارێکی هاوشێوەی پیاوان، قەدەغە کراون.

ڕۆڵی پیاوان لە کۆتاییهێنان بە «توندوتیژی دژی ژنان» چییە؟

بەگشتیی توندوتیژی دژی ژنان وەک کێشەیەکی تایبەت بە ژنان دادەنرێت بەڵام بەو پێیەی زۆربەی توندوتیژی جنسی و خێزانی لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت پرسی «توندوتیژی دژی ژنان» بە هەمانشێوە کێشەیەکە بۆ پیاوان. ئێمە دەزانین زۆرێک لە پیاوان توندوتیژی ناکەن و بە قووڵی بەهای تەندروستی دەروونی ژنان لە ژیانیاندا دەدەن. بەپێی ئامارەکان توندوتیژی دژی ژنان نەوەستاوە. پێشکەوتنێکی زۆر لەم بوارەدا بەدیهاتووە بەڵام هێشتا ڕێگەیەکی دوور و درێژمان ماوە بۆ گەیشتن بە یەکسانی جێندەری و کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان؛ ئەم کێشەیە چارەسەر نابێت تا پیاوانیش بزانن کە ئەمە کێشەی ئەوانە چونکە زۆربەی پیاوان دەبنە هاوبەشی توندوتیژی.

پیاوان دەتوانن چی بکەن بۆ وەستاندنی توندوتیژی دژی ژنان:

• قبووڵ بکە کە بەرپرسیارێتی توندوتیژی خێزانی دژی ژنان لە ئەستۆی ئەو پیاوەیە کە دەستدرێژییەکەی ئەنجامداوە.
• کاتێک پیاوانی تر دەبینیت توندوتیژی دەکەن، تەنها چاودێرێکی بێدەنگ مەبە.
• ئالنگاری ئەو پیاوانە بکە کە قسەی جنسی دەڵێن و گاڵتەیەکی نەشیاو لەسەر ژنان دەکەن.
• پرسیاری لە ژنانی دیکە بکە سەبارەت بە کاریگەریی توندوتیژی لەسەر ژیانیان؛ باش گوێ لە قسەکانیان بگرە و زانیاری وەربگرە.
• بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن هەڵوێستەکانت و شێوازی قسەکردنت بەشدارن لە پرسی توندوتیژی دژی ژنان.
• ئەگەر شایەتحاڵی توندوتیژی خێزانی بوویت، پەیوەندی بە ناوەندە پەیوەندیدارەکانەوە بکە، بە خۆت مەڵێ ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و بابەتی کەسی یان خێزانییە.
• وێنەی میدیایی ژنان کە زەلیلیان دەکەن لە ڕاستیدا جۆرێکە لە توندوتیژی، بیانناسنەوە.
• گۆڤار و فیلم و کلیپ مەکڕن کە توندوتیژی دژی ژنان بەرەوپێش دەبەن.
• لەگەڵ کوڕان و گەنجان قسە بکە لەسەر هەبوونی پەیوەندی تەندروست و ببە بە نموونەیەکی باش بۆیان.
• ئەگەر پێتوایە لە ڕووی سۆزداری، زارەکی، یان جنسییەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، داوای یارمەتی بکە و سەیری کەسانی پیشەیی بکە.
• بەشداری گرووپەکانی ژن و پیاو بکە کە نیگەرانن لە جیاکاری ڕەگەزیی دژی ژنان.
• پشتگیری لە چالاکیی و گرووپەکانی دژە توندوتیژی بکەن.

بەو پێیەی ژنان ئامانجی هەڵاواردنی ڕەگەزیین، کلیلی پێشخستنی مافی مرۆڤی ژنان لە نێو کۆمەڵگەدایە. سەرەڕای ئالنگاری جۆراوجۆر، ژنان بەردەوامن لە ڕێگەی خۆیان و هەوڵدەدەن توندوتیژی کەم بکەنەوە.

# ژنانی خۆر و شکاندنی بێدەنگی لە ژێر بەرداشی سیاسەت و نەریتدا



لەیلا قادری

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییانەی کە لەم دواییانەدا بڵاو بوونەتەوە، توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لە بەربڵاوترین پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاندووە کە ٣٥ لەسەدی ژنانی جیهان لە ماوەی ژیانی خۆیاندا لانیکەم یەکێک لە جۆرەکانی توندوتیژیان ئەزموون کردووە. توندوتیژی دژی ژنان لە ئێران بەتایبەت ژنکوژی تا ئاستێکی مەترسیدار زیادی کردووە. ئامارەکان دەریدەخەن کە تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣دا لانیکەم ١٥٦ ژن بەشێوەی جیاواز کوژراون و بەپێی ئەم ئامارە زۆرینەیان بەدەستی هاوسەرەکانیان و زۆربەشیان بەپاساوی کولتووری و کۆمەڵایەتی واتە «شەرەف» بوونەتە قوربانی.

تووندوتیژی دژی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئێمە هەمیشە بە هۆی بارودۆخی سیاسیی کۆمەڵایەتی تایبەت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەتی نموونەی جۆراوجۆری توندوتیژی دژی ژنانین. ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە لەشەش مانگی یەکەمی ٢٠٢٤ زیاتر لە٢٥ جۆری ژنکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراون کە هەر بە پێی ئەو ڕاپۆرتانە، بەشی زۆریان بەپاساوی شەرەف، بەشوودانی زۆرەملێ یان تەنانەت کێشەی خێزانی بوون.
ئەگەر لە هۆکارەکانی هەڵکشانی ئامارەکانی ژنکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بکۆڵینەوە، دەبینین ئێستاش هەژموونی نەریتەکانی پیاوسالاری، شەرەفپارێزی و لە هەموو ئەوانەش خراپتر پاڵپشتی ڕێژیمی ئاخوندی لەو یاسا و ڕێسایانەی دژی مافەکانی ژنانن، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە هەڵکشانی ئامارەکانی توندوتیژی دژی ژنان. هەموو ئەوانە لەلایەک، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی «ژن، ژیان ئازادی» کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری سەقز و بە شەهیدکرانی ژینای کیژی کوردان چەخماخەی لێدرا، ئاماژەیەکی گرینگ بوو بۆ ئەوەی دنیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕابچڵەکێ و بزانێ، ئیتر ژنی کورد بەرەوڕووی نادادپەروەری سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. ڕۆژی ٢٥ نۆڤەمبر کە وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە جیهاندا ناسراوە، دەرفەتێکی زیاترمان بۆ دەڕەخسێنی کە وردتر ئاوڕ لەو دیاردە قێزەونە دژە مرۆییە بدەینەوە و حاشاهەڵنەگریشە کە ئێستاش کورد وتەنی؛ چ بگات بە زۆر ناوچەی دواکەوتووی کۆمەڵگەی جیهانی، بگرە لە ڕێژەیەکی زۆر لەو خێزانانەشدا کە لافی ڕۆشنبیری و داکۆکی لە مافی ژنان دەدرێت، ئێستاش ڕۆژانە ژنان ڕووبەرووی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی دەبنەوە. پرسیار ئەوەیە بۆچی ٢٥ نۆڤەمبر بە





ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی جیهانی بەدژی توندوتیژی ڕاگەیەنرا؟ خۆ گومانی تێدا نییە زۆر کەس و لایەن دەزانێت، ئەو ڕۆژەیە کە سێ خوشکی شۆڕشگێڕ خەڵکی کۆماری دۆمێنیکە –کە بە خوشکانی میرابل ناسراون– لە ساڵی ١٩٦٠ بەهۆی بەرەنگاربوونەوەیان بە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕافاییل ترۆخیۆ بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژران. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر بەو بۆنەیەوە لە ساڵی ١٩٩٩ ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ڕاگەیاند، ئەوەش لە پێناو گرینگی کۆتاییهێنان بە هەرچەشنە توندوتیژییەک دژی ژنان لە ئاستی جیهانیدا.

توندوتیژی دژی ژنان گەلێک شێوەی جیاوازی هەیە : توندوتیژی خێزانی، جنسی، بەشوودانی زۆرەملێ، تا دەگاتە کوشتن بە پاساوی شەرەف و.... هتد کە لە جیهاندا ڕوودەدەن.

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد ئامارەکان دەیسەلمێنن لە هەر سێ ژن، لانیکەم ژنێک لە ماوەی ژیانی خۆیدا لانیکەم یەک لە جۆرەکانی توندوتیژی ئەزموون کردووە. نایەکسانی ڕەگەزی، هەژاری، نادادپەروەری یاسایی و کولتووری پیاوسالاری لە بەردەوامی ئەو توندوتیژیانەدا ڕۆڵی گرینگیان هەیە. ئەوە حاشاهەڵنەگرە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر هەژموونی و کاریگەریی ئەو هۆکارانەشدا، هۆکارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەندقاتە لەسەریان. ژنی کورد لە ڕۆژهەڵات جگە لە نایەکسانی ڕەگەزیی لەگەڵ نادادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتیش بەرەوڕوویە. ئەوەی لە هەمووی بێدەنگتر بەڵام بەئازارترە، هەژموونی کولتووری پیاوسالاری و نەریتی خۆپارێزییە لە عەیبە و قسەو باسی دەورووبەر. سەرباقی ئەمانە، گوێڕایەڵی هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیم و بەگژداچوونەوەی سیاسییانەی ژنی کوردی خستووەتە دۆخێکی دوولایەنی لەتوندوتیژی جەستەیی و سیاسی. بۆشایی یاسایی یان بەجێنەگەیاندنی تەنانەت یاسا سەقەتەکانیان، دەرفەتی زیاتری بۆ توندوتیژی دژی ژنان ڕەخساندووە. ئەمانەش سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی نادادپەروەری دەزگەی داد و نائەمنی دامودەزگەی ئەمنی لەجیاتی پاڵپشتی لە دۆخی کچان و ژنان پەرەی بە سەرکوتی بزووتنەوەی ژنان داوە.

شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریهەڵدا، هێمای بەرەنگاربوونەوە بوو بە هەرچەشنە توندوتیژییەک، بەتایبەتی توندوتیژی بەرامبەر ژنان .هەر درووشمی «ژن ژیان ئازادی» دەرخەری خواستی ژنان بوو بۆ ژیانێکی شیاو و یەکسان. ئەو شۆڕشە ئەوەندە پڕ نێوەرۆک و مانادار بوو کە زۆر زوو هەموو ئێرانی گرتەوە و دواتر لە کۆمەڵگەی جیهانیش دەنگی دایەوە. ئەوەی گرینگ و جێی سەرنجە، چۆن دەکرێ بەرەنگاری توندوتیژی دژی ژنان ببینەوە یان ئەو لایەنانەی پەیوەندارن بەو بابەتە کێن؟

ئەگەرچی یەکجار ئەستەم و سەختە لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمی ئێراندا بەڵام وەگەڕخستنی کاناڵ و گرووپی فێرکاری بۆ بەئاگەهێنانەوەی مافەکانی ژنان و دادپەروەی بەجۆرێک کە لە بونیاتەوە ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی باوەڕمەندی بە یەکسانی بگۆڕێت. دابینکردنی ماڵی دالدەی ئافرەتان و ناوەندی پارێزگاری لە ژنان، بەتایبەت ئەو ژنانەی قوربانیی توندوتیژی خێزانین و پێویستیان بەپاڵپشتی کۆمەڵایەتی هەیە.

خاڵێکی دیکەی گرینگ ، چۆنێتی کارکردن و بەئاگەهێنانەوەی ئەو پیاوانەی لە درووشم و لە ڕەفتاردا تەواو پێچەوانەن و ناتوانن خۆیان لەکۆت و بەندی باڵادەستی دەرباز بکەن. پاڵپشتی لە هەر چەشنە بزووتنەوەیەک کە ئامانجەکەی یەکسانیی ڕەگەزی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێ.

لە ئەنجامدا نابێ لەیادی بکەین کە توندوتیژی دژی ژنان پێویستی بە هەوڵێکی بەکۆمەڵ هەیە کە گۆڕانی کولتووری، یاسایی و کۆمەڵایەتییە. وەک چۆن شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» دەریخست کە ژنانی کوردستان نەک هەر دەتوانن لە ڕۆڵی قوربانیانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی خۆیان دەرباز بکەن بەڵکۆ دەتوانن ببنە پێشەنگی شۆڕش و بزووتنەوە بۆ دەستەبەربوونی یەکسانی ڕەگەزی و دادپەوەری کۆمەڵایەتی.

# توندوتیژی دژ بە ژنان

ژوان

توندوتیژی دژ بە ژنان بریتییە لە وشە و نیوەرۆکێک کە شێوازێکی بەربڵاوی هەیە و هەموو توندوتیژی کەلامی، دەروونی، ترس، ئازار و دەستدرێژی لەخۆ دەگرێتەوە. توندوتیژی بەم شێوازە بەپێی ڕەگەز دەکرێت و لەم تاریفەدا قوربانی، ژنە و بەپێی واتا هەر چەشنە کردەوەیەک کە توندوتیژیی ڕەگەزی بێت یان تەنانەت بیرکردنەوە لە توندوتیژیکردن دژ بە کەسێک وەک هەڕەشە، لێدان و... دەخرێتە ئەو بازنەیەوە. توندوتیژی دژ بە کچان و ژنان، یەکێکە لە گەورەترین و بڵاوترین پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا کە ڕۆژانە و بەردەوام چەندبارە دەبێتەوە.

بەپێی چەند ئامارێک، لە هەر سێ ژن ژنێک ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. ئەم ئامارە سەرنجڕاکێش و جێی سەرسامییە؛ ئەم توندوتیژییانە و جۆرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە نالەبارەی کۆمەڵگەی تێیدا دەژی، لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی هەڵە لە ئایین و باری دەروونیی تاک و کەسایەتییەکان. توندوتیژی دژی ژنان، ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە ئامانجیان زیانگەیاندنە بە ژن، بە شێوەیەکی گشتی؛ هەم لە ڕووی جەستەییەوە و هەم لە ڕووی دەروونییەوە. هەندێک جار توندوتیژیی جەستەیی دەبێتە هۆی زامداربوونی مەترسیدار و ڕەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ مردن. کەم ژن هەیە لەلایەن کەسێکەوە لە قۆناغێکی ژیانیدا ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبووبێتەوە.

توندوتیژی دژ بە ژنان، یان توندوتیژیی ڕەگەزیی بریتییە لەو کردەوە توندوتیژییانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی دژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێت؛ توندوتیژییەکانی دژی ژن مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، ڕووداو و ڕادەی توندێتیی کردەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تریش دەگۆڕدرێت.

ئەم کردە توندوتیژییە بە ڕێکار و شێوازێکی چەوسانەوە و داپلۆسینی ژن دادەنرێت، چ لە کۆمەڵگە، چ لە پەیوەندیی تاکەکەسیدا بێت و دەکرێت هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ هەستی خاوەندارێتیی باڵادەستی، سرووشتێکی دەروونیی توندوتیژانە و کینەیەکی زکماکی بەرانبەر بە ژن لەلایەن کەسی توندوتیژەوە، وەک ئەو باوک و برایانەی کچی خۆیان دەکوژن بە پاساوی نامووس یان ئەو پیاوانەی بە پاساوی شەڕەف ژنی خۆیان دەکوژن یان دەیچەوسێننەوە بە دانانی سنوورگەلێک وەک بەزۆری بەشوودان، بەرگری لە مافی خوێنەواری یان تەنانەت جلوبەرگی دڵخواز لەبەرکردن و...

ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەڵێت «توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە بەرجەستەبوونی پەیوەندییە مێژووییە نایەکسانەکانی نێوان ژن و پیاو. توندوتیژی دژی ژنان یەکێکە لە ڕێکار و شێوازە سەرەکییەکان کە ژنان بەزۆر و ناچاری دەخرێنە ئاستێکی نزمتر و کەمتر بە بەراورد لەگەڵ پیاوان».

کۆفی ئەنان، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٠٦ کە لە ئابوونەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان بڵاو کرایەوە، ڕایگەیاند: توندوتیژی دژی کچان و ژنان کێشەیەکی گشتگیرە لە جیهاندا، بەلایەنی کەمەوە لە هەر سێ ژن، دانەیەکیان ڕووبەڕووی لێدان، جنسی زۆرەملێ، یان دەستدرێژی بووەتەوە لە خاڵێک لە خاڵەکانی ژیانیدا کە زۆر جاران کەسی دەسدرێژیکەر کەسی ناسراوی ژنەکان بووە.

توندوتیژی دژی ژنان دەچێتە خانەی چەند پۆل و بوارێکەوە

توندوتیژی لەلایەن تاکەکەس و دەوڵەتیشەوە ئەنجام دەدرێت، هەندێک لە جۆرەکان کە لەلایەن تاکەکەسەوە ئەنجام دەدرێت وەک، توندوتیژی خێزانی، دەستدرێژیی جنسی، منداڵخستنەوەی زۆرملێ، کوشتنی کچە ساواکان، دیاریکردنی ڕەگەز پێش لەدایکبوون و توندوتیژی پێش لەدایکبوون و هەروەها کردە باو و نەریتییەکان وەک، کوشتن بە پاساوی نامووس، توندوتیژی لە کاتی دەستگیرانیدا، خەتەنەکردنی کچان، هاوسەرگیری لەڕێی ڕفراندن و هاوسەرگیریی زۆرەملێ کە بۆ هەموو ئەمانە نموونەگەلی زۆرمان لەم ساڵانەدا بەچاو دیتووە چ لە کوردستان و چ لە نەتەوەکانیتردا. ئەو توندوتیژییانەی لەلایەن هەندێک لە دەوڵەتانەوە ئەنجام دەدرێت، توندوتیژیی جنسی و کۆیلەکردنی جنسی لەکاتی ناکۆکییەکاندا، نەزۆککردنی زۆرەملێ، منداڵلەباربردنی زۆرەملێ، پێشگریی لە پشکنین پێش منداڵبوون، توندوتیژی لەلایەن پۆلیس یان کەسانی دەسەڵاتدار، بەردبەبارانکردن و...

دیارە فێمێنیزم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی خاوەن پەیکەر و بەها و مێژوو بە چەندان شەپۆل و قۆناغ و دەرگەدا تێپەڕیوە و هەر قۆناغ و شەپۆلێکیش نوێنەرایەتیی دۆخێکی تایبەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فیکری دەکەن و گوزارشت لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکە دەکەن، بە زمانی سەردەم و ئەو چرکەساتەش قسە دەکەن. بەپێی ئەم ئاماژەیە کە بەڕێز «پەیڕەو ئەنوەر» لە وتاری «فمێنیزم و جێندەر» کردوویەتی، نووسیویەتی: فێمێنیزم سێ شەپۆلی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت:

شەپۆلی یەکەم:

مێری ئاستیل (١٦٦٦-١٧٣١)، نووسەری بەریتانی کە بە یەکێک لە نووسەر و چالاکە سەرەتاکانی شەپۆلی یەکەم دادەنرێت؛ چالاکییەکانی لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی ژنانی دەکرد خۆیان بنیات بنێن و گرنگی بەلایەنی زانستی و هزریی خۆیان بدەن. ئەم شەپۆلە زیاتر گوزارشت لە ڕیفۆرمی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ژنان دەکات، بەتایبەت مافی خوێندن و



پەروەردە و دەنگدان.

بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرهەڵدانی لیبراڵیزم، سۆسیالیزم و مارکسیست فیمێنیستەکان. ئەم قۆناغە هەتا سەرەتای نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە دەخایەنێت. داواکاریی فێمێنیستەکان لەم قۆناغەدا، بەشداریی سیاسیی ژنان، بوونی ڕێکخراوەی سەربەخۆی تایبەت بە ژنان، بەشداریی لە بیرۆکراتی و مافی خوێندن و میرات و داهاتی سەربەخۆ دەبینێتەوە.

دواتر لە دوای شۆڕشی فەڕەنسا و لە دوای پەسەندکردنی گەڵاڵەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، مافی ژنان بەفەرمی ناسێنرا و چوارچێوەیەکی فەرمی وەرگرت. ئەم هەنگاوە وەرچەرخانێک بوو لە مێژووی خەبات و بەرخۆدان و ئەدەبیاتی ژناندا چونکە پرسی ژن زیاتر بە دەزگایی و یاسایی کرا و لە ڕێی دەسەڵاتی یاسادانانەوە پایەکانی داڕێژرا. دواتر هەر لەم شەپۆل و قۆناغەوە سەرەتای ئاراستە فکری و ئایدیۆلۆژییەکانی وەک لیبراڵ ـ فێمێنیزم، مارکسیست – فێمێنیزم و فێمێنیزمی کۆمۆنیستی لەدایک بوون.

شەپۆلی دووهەم:

سەرهەڵدانی قۆناغی دووهەم لە ساڵانی ١٩٦٠ دروست بووە و بەهۆی گەشەکردنی فیمێنیستە ڕادیکاڵەکانەوە. ئەم شەپۆلە لەلایەن «مارشا لییەر» سەرەتاکانی بنیاتنرا و لەدایک بوو. ئەم شەپۆلە زیاتر وەک پەرچەکردار و کۆتایی هێنهان بوو بە شەپۆلی یەکەم و تازەبوونەوەی بزووتنەوەی فێمێنیزم. داواکاری و ویست و خەونی سەرەکیی ئەم شەپۆلە مووچەی یەکسان بۆ ژنان، کاری هاوشێوەی پیاو، مافی لەباربردنی منداڵ و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی ڕەگەزی و کارکردن لە بازاڕی کار و پرسی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و پێدانی پێگەی کۆمەڵایەتی بە ژنان، لەخۆ دەگرت.

«سیمۆن دووبوار»، بە ڕێبەری ئەم شەپۆلە دادەنرێت، بەتایبەت کاتێک لە کتێبی «ڕەگەزی دووهەم»دا نووسیویەتی: «هیچ کەس وەک ژن لەدایک نابێت بەڵکو دەبێتە ژن». سیمای سەرەکیی ئەم شەپۆلە بانگەشە بوو بۆ دووپاتکردنەوە لەبارەی پرسی «سەڵتبوون» و هاوسەرگیری نەکردن و دوورکەوتنەوە لە داڕشتنی دامەزراوەی خێزان.

لە ڕووی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتییەوە کۆمەڵێک بەڵگەنامە و یاسا و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، پایە و داخوازییەکانی ئەم شەپۆلەی بەهێزتر و پتەوتر کرد. بەتایبەت جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ ڕێککەوتننامەی مافە سیاسییەکانی ژنان لە ساڵی ١٩٥٢ ڕێککەوتننامەی سڕینەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لە دژی ژنان کە بە «سیداو» ناسراوە لە ساڵی ١٩٧٩ و چەند بڕیار و ڕێککەوتننامە و بەڵگەنامەیەکی تر. بەگشتیی ئەم شەپۆلە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە کۆمەڵگە پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تازەیە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگە و دنیایەکی یەکسان. سەرەڕای ئەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە کێشەی ژن هەر بەتەنیا کێشەی ژنانی نێو کۆمەڵگە نییە بەڵکو کێشەی هەموو ئەکتەر و پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگە و حکوومەت و سیستەمی حوکمڕانییە و هەموو جەمسەرەکان بەرپرسیارن لە دابینکردنی ماف و داخوازییەکانی ژن و دەبێت بە میکانیزمی جیاوازیش پرسی ژنان چارەسەر بکرێت.

شەپۆلی سێیەم:

ئەم شەپۆلە کە بە پۆست – مۆدێرنەکان ناسراون، لە دوای کۆتاهاتنی شەڕی سارد و دوای ساڵانی ١٩٩٢ ز. سەرهەڵ دەدات و گەشە دەکات. ئەم شەپۆلە لەپاڵ گرنگیدان بە پرس و ئازار و مەینەتییەکانی ژن، گرنگی بە نەهێشتنی جیاکاریی

ئیتنیکی و ڕەگەزیی و نایەکسانیی ئابووری دەدات. دیارە گەشەی خێرای ئەم شەپۆلە بەهۆی هەندێک کار و کردەوەی شەپۆلی دووهەمەوە لەدایک بووە. ئەم شەپۆلە تیشکی خستەسەر ئەو ئارگیۆمێنتەی مێژووی مرۆڤایەتیی ڕەگەزی ژن و پیاوی دابەشکردووە و جیای کردووەتەوە بۆ دوو بەش. بەشە نەرێنییەکەی داوە بە ژن و بەشە ئەرێنی و باشەکەشی داوە بە پیاو.

لەم شەپۆلەدا ژنانی نێو کەمینەکانیش دەنگ هەڵدەبڕن و داوای مافە سرووشتی و بنەڕەتییەکانی خۆیان دەکەن، بەتایبەت فێمێنیستە ڕەشپێستەکان کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لەم بوارەدا بینی و کاریان بۆ پاراستنی ناسنامە و بەهاکانیان دەکرد. داخوازیی سەرەکیی ئەم شەپۆلە بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ ڕزگابوون لەو سیستەم و کولتووره پیاوسالار و نادادپەروەرەی بەسەریاندا سەپێنرابوو، دواجاریش ببووە هۆی پەڕاوێزخستن و تێکشکاندنی ژنان و ویستەکانیان. بەڵێ، بەپێی ئەم سەرچاوانە دیارە فێمێنیستە پۆست –مۆدێرنەکان خێزان و منداڵ و بنەماڵە بەپێویستییەکی سەرەکیی ژیان و ژنان دادەنێن؛ لەکاتێکدا فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان دژی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانە بوون، بەتایبەت خێزان. بۆیە دوو جۆر توندوتیژی هەن کە زۆرترین خەساری لەسەر تاکی ژن هەیە و لە کۆمەڵگەدا زیاتر بەرچاوە؛ وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان کرد، توندوتیژیی جەستەیی و توندوتیژیی دەروونییە.

توندوتیژیی جەستەیی، بە هەر جووڵەیەک دەوترێت کە بەشێوازی فیزیکی کاریگەریی هەیە لەسەر بەرانبەر، وەک لێدان و شکاندنی شوێنێکی جەستە، برینداربوون بەهەر شێوازێک. لەم جۆرەدا ئاسەواری توندوتیژی بەتەواوەتی دیارە و ئەو کەسەی ڕووبەڕووی ئەم کردەوە دەبێتەوە، دەتوانێت سکاڵا دژ بە کەس یان گرووپی توندوتیژکەر بکات. توندوتیژیی دەروونی، بەڕواڵەت هیچ نیشانەیەکی نییە، وەک سووکایەتیکردن و جنێودان؛ ئەم جۆرە توندوتیژییە کاریگەریی قووڵی هەیە لەسەر دەروونی بەرانبەر، بۆ نموونە وەک ژنێک کە لەلایەن هاوژینەکەیەوە بۆ پێوەندییەکی ژن و مێردایەتی سووکایەتی پێدەکرێت، لە کاتێکدا حەز بەو پێوەندییە ناکات و ئامادە نییە جا بەهەر هۆکارێک بێت بەڵام بە شەڕ و لێدان و قسەی سووک، ڕەوانی بریندار دەکرێت. ئەم جۆرە توندوتیژییە گەرچی ناسەلمێندرێت بەڵام ئاسەواری قووڵ و خەساری زۆری لەسەر دەروون و ژیانی بەرانبەر هەیە.

هۆکارەکانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان:

دەتوانین بڵێین کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی لەپشتە وەک سیستەمی باوکسالار و کولتووری بەرهەمهاتووی ئەم سیستەمە کە لە زۆرینەی وڵاتەکاندا یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانە. هۆکارێکی تر ئایینە، کە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان پێوەندیی دوولایەنەی هەیە لەگەڵ کولتوور و هەندێک لە وتە ئایینییەکان کە هۆکارێکە بۆ ڕەواییدان بە توندوتیژی دژ بە ژنان. دەکرێت یاسا بە هۆکارێکی تری توندوتیژی بزانین، لە بەشێک لە وڵاتان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەک ئێران، یاسا دواکەوتووەکان بەرچاون و لە ڕێگەی یاساوە ڕێگە دراوە بە توندوتیژی دژ بە ژنان، هەروەک هەر دوو ژن بە پیاوێک لە هەمبەر یاسادا لەقەڵەم دەدرێن، شایەتیی ژن قەبووڵ ناکرێت، ژن بۆی نییە زۆرینەی پۆست و پلە باڵای دەسەڵاتی ئێران لە کۆمەڵگەدا وەرگرێت، ڕێگەدان بە پیاو بۆ خواستنی ژنی دووهەم، بەهەر بیانوویەک.

بەپێی ئامار بڵاوکراوەکان: ٣٠٪ی ژنانی جیهان لە پێوەندیی سۆزداریدا بوون کە تووشی توندوتیژی بوون لە لایەن ئەو کەسەی خۆشیان ویستووە، جا چ دەروونی بووبێت یان جەستەیی. هەروەها ٣٨٪ی ژنانی جیهان کە کوژراون، بەدەست خۆشەویستەکانیان بووە یان ئەو کەسەی پێوەندیی دڵدارییان لەگەڵی بووە و ٧٪یش لە ژنان بەهۆی دەستدرێژیی کەسێکی نەناسراو و دوور لە پێوەندی کوژراون. هەرچەند ئەم ئامارانە زۆر کەمترن لە ڕاستییەکانن و تەنیا بەشێک لەو ڕاستییە تاڵانە نیشان ئەدەن. خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، سەرئێشە، هۆگربوون بە ئەلکول و جگەرە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێوەندیی جنسیی مەترسیدار لە داهاتوودا لە ژنانێک کە توندوتیژیان لەسەر کراوە، بینراوە.

یەکێک لە باوترین جۆری توندوتیژی، توندوتیژیی خێزانییە کە زۆرینەی ژنان لەلایەن کەسە نزیکەکانیانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، وەک باوک، هاوسەر، برا، تەنانەت مامۆ و خاڵۆیانەوە یان کەسانێکەی بنەماڵەی ژنەکەن کە ژنان زۆرتر لەم جۆرەدا بێدەنگی هەڵدەبژێرن چونکە خێزان بەچوارچێوەیەکی پیرۆز دادەنرێت و هیچ سڕێک نابێت لێیەوە درز بکاتە دەرەوەی بنەماڵەکە، پیاویش بەڕێوبەری ماڵە و بە جۆرێک دیکتاتۆرانە لەگەڵ خێزان هەڵسوکەوت دەکات. شەرم و ترس لە زۆربەی ژنان دەبێتە هۆکارێک کە دژ بەم توندوتیژیانە سکاڵا ناکەن بۆیە ئەرکی سەرجەم کۆمەڵگە و بەتایبەت چالاکە کۆمەڵایەتییەکانی دژ بە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان ڕاوەستن. هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەدا مافی ئەوەی هەیە ئاسوودە بژی و دڵنیا بێت و لەباری جەستەیی و دەروونییەوە پارێزراو بێت، بەدڵنیاییەوە لە کۆمەڵگەیەکی وا پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و زانستی خێراتر و مرۆڤی ئاسوودە و ئارامتر و لێهاتووتر زیاتر دەبێت. بەڵام بەسەر هەموو ئەمانەدا و لە دنیای پڕ هەرا و هوریای ئەمڕۆدا ژنان نە کۆڵ دەدەن و نە لە چالاکی ڕادەوەستن، بەرخۆدان بۆ گەیشتن بە مافەکان بەردەوامە و هەموو هەوڵێکیان ئەخەنە گڕ تاکو بگەن بەو جێگەیەی شایانی بوونیان ببێت. هەروەها بە دروستبوونی گرووپگەلێک کە بریتییە لە کەسانی دڵسۆز و خۆبەخش بەتەمای یارمەتیدانی کۆمەڵێک کەس کە کێشەیان هەیە ڕێککەوتوون بۆ ڕاوێژکردن و چارەسەرکردنی کێشە دەروونییەکانی ژنان تەنانەت گەر بیانەوێ نەناسراو بمێنن. هەموو ئەمانە هەنگاوی پیرۆزن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی یەکسان و بەختەوەر و ئارامتر و پەروەردەی مرۆڤی لێهاتوو و ڕەنگە سەلامەتر.

# چەند فاکت لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان

توندو تیژی بەرامبەر ژنان تەنها توندو تیژی جەستەیی نییە بەڵکو زۆر فراوانترە کە خۆی لە توندوتیژی جەستەیی، جنسی، هەست، دەروونی و داراییدا، زۆری لێکردن و زەوتکردنی مافی ئازادیدا دەبینێتەوە. ئەمە پێناسەی نەتەو یەکگرتوەکانە لەسەر توندوتیژی دژی ژنان.

١. لە جیهاندا یەک لەسەر سێی ژنان لە ماوەی ژیانیاندا توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت.

٢. توندوتیژییەکان یان لەلایەن نێزیکان یا کەسانێکی نەناسراوەوە دەکرێت بەڵام زۆربەی توندوتیژییەکان لەلایەن دۆست یان هاوسەرەکانەوە دەکرێن.

٣. لەجیهاندا ساڵانە ٤٥٠٠٠ ژن یان کچ بەدەستی هاوسەر یان بنەماڵەکانیان دەکوژرێن. ئەو ئامارە دەکاتە پەنجا لەسەدی ژنانی کوژراو لە ساڵێکدا.

٤. ٤٩ وڵات هیچ یاسایەکیان نییە دژی توندوتیژی دژی ژنان کە ئەنجامدراو بێت لەلایەن هاوسەرەوە. ١١٢ وڵات هیچ یاسایەکیان نییە کە باس لە دەستدرێژیی جنسی بکات لە لایەن هاوسەرەوە.

٥. نزیکەی پەنجا لەسەدی توندوتیژی جنسی بەرامبەر کچانی خوار ١٦ ساڵی دەکرێت .



دلیر خورشیدی

٦. زیاتر لە ٦٥٠ ملیۆن کچ لەژێر تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بەشوو دەدرێن .

٧. نزیکەی ٧٠ لەسەدی قاچاغکردنی مرۆڤ، بە کچان و ژنانەوە دەکرێت. لە و ٧٠ لەسەدە ٧٩ لەسەدیان لەبواری جنسییەوە کەڵکی خراپیان لێوەردەگیرێت.


٨. تەخمینی ئەوە دەکرێت کە ٤٠ لەسەدی ژنانی توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت لە بەر تابۆ، شەرم و حەیا نەچوون پێوەندی بە هیچ شوێنێکی پێوەندیدارەوە بگرن. دیارە بەداخەوە بەهۆی بوونی کولتورێکی سەرکوتکەرانە، نەبوونی زانیاری، یان خواستی پاراستنی بنەماڵەوە زۆر ژن پێوەندی بەهیچ شوێنێکەوە ناکەن یان ناوێرن باس لە نەهامەتییەکانیان لە ترسی ژیانی خۆیان بکەن. بۆیە زۆرجار توندوتیژی قبووڵ دەکەن چونکە نازانن کێ و چۆن ژیانیان پارێزراو دەکات.

دەوری ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی ژنان لێرەدا پرسیارێک دێتەگۆڕێ ئەویش ئەوەیە بۆچی توندوتیژی ڕوودەدات؟ دەوری ڕێکخراوی ژنان چیە لێرەدا؟ توندوتیژی دژ بە ژنان لەوەوە دەست پێدەکات کە لە کۆمەڵگەدا جیاوازیی لەبەینی ژن و پیاو دادەنرێت. هێندێک دەڵێن ئایا جیاوازی نییە؟ با، جیاوازی فیزیکی و بیۆلۆژی هەیە بەڵام وەک مرۆڤ و ماف نا. مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو مرۆڤێکە وەکیەک. لە تەنیشت دانانی نۆرم لە کۆمەڵگەدا، هەژاری، جەنگ و نەبوونی سیستەمی دادپەروەر، توندو تیژی دژی ژنان زیاتر دەبن. بۆیە لە کاتی جەنگ و کارەساتی سرووشتی کچان و ژنان زۆرترین ئازار دەبینن. لەو کاتانەدا دەستدرێژی جنسی، بەزۆربەشوودان، منداڵهاوسەریی، کڕین و فرۆشتن بە کچان و ژنانەوە وەک چەک بەکار دەهێنرێت. لە دەستووری نێودەوڵەتیدا ئەم توندو تیژیانە وەک جنایەت بەرامبە مرۆڤایەتی دێنە هەژمار.

لەئێستادا ٣٧٠ ملیۆن ژن کە لە ژیانیدان پێش ئەوەی ببن بە ١٨ ساڵ توندوتیژی جنسییان بەرامبەر کراوە. هەر بۆ بەرچاوڕوونی و بۆ بەراورد ژمارەی هاووڵاتییانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ٣٣٦ ملیۆنە. یانی زۆر زیاتر لە دانیشتووانی ئەمریکا لە جیهاندا ژن کە لە ژیاندان توندوتیژی جنسییان بەرامبەر کراوە.بەپێی ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٤ دا ٧٣٦ ملیۆن ژن دەستدرێژی جنسییان کراوەتەسەر. بۆ نموونە لەوڵاتێکی وەک کۆنگۆی دێموکرات ڕۆژانە ١٠٠٠ ژن دەستدرێژی جنسییان دەکرێتەسەر. واتە لە کاتژمێرێکدا ٤٨ ژن و لە هەر خولەکێکدا چوار ژن. ئەو دەستدرێژیانە بەهۆی جەنگ، هەژاریی و نەبوونی ئاسایش لە وڵات دایە.



# توند و تیژی دژی ژنان و کچان لە ئێران لە چەرخەی مێژوودا


حەسەن حاتەمی

پێشەکی

لە ماوەی نیو سەدەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، دوو شەڕی ماڵوێرانکار، پڕ خوێن و پڕ تێچوو لە جیهان روویان دا کە چەندین میلیۆن مرۆڤ گیانیان و ژیانیان لەدەست دا کە زۆربەیان پیاو یا کوڕ بوون. بەتایبەتی ئەوانەی لەبەرەکانی شەڕدا بوون.

لەبەرانبەردا، کچان و ژنان لە وڵاتانی بەشدار و تێوەگلان لە شەڕ بەتایبەتی لە ئورووپادا، زۆر چالاک و وزەبەخش بوون بۆ سازکردنەوەی وڵاتەکانیان لە مێژووی نۆژەنکردنەوەی ژیان و ئاوەدانیدا. لە درێژەی ڕەوتی گەشە و چاکسازیدا و دژایەتی لەگەڵ شەڕ و بەفەرمیی ناسینی مافی ئینسانی بەتایبەتی ئازادی و یەکسانی و پێکهاتنی ڕێکخراو گەلێک بۆ بەرگریی لێیان بەتایبەتی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ، هاوپێوەندییەکی مەزنی ژنان و کچان لە جیهان بۆ مافی ئازادی و یەکسانی بە یارمەتی پیاوان و کوڕانی خاوەن ئەو بیروهزرە، سەرەڕای ئەوەی چەند شەڕیی ناوچەیی دیکەش بەداخەوە قەومان بەڵام زۆر مافیش بەفەرمی ناسران. بۆ وێنە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان لە ١٩٧٧ وەک «ڕۆژی مافی ژنان و ئاشتی نێونەتەوەیی» و لە ١٧ ئۆکتۆبری ١٩٩٩ ٢٥ی نۆڤامبر وەک «ڕۆژی جیهانی خەباتی نا بۆ توندووتیژی دژی ژنان».

ڕۆژی جیهانی نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە، لە کارەساتێکی تاڵ لە وڵاتی کۆماری دۆمینیکێن لە ئەمریکای ناوەندی، لە ٢٥ ی نۆڤامبری ١٩٦٠ ڕوویدا کە سێ خوشک لە کۆی چوار خوشکی بنەماڵەی میرابال، بە ناوەکانی پاتریا، مینرۆا و ماریا ترێزا لەلایەن سەرکوتکارانی دەسەڵاتی تروخیلوی دیکتاتۆڕ ڕفێندران، ئەشکەنجەکران و بە خنکاندن و هەناسە لێبرین «قەتڵی دەسەڵاتی» کران. خوشکی چوارەم بە نازناوی دەدە ماوەی ٨٤ ساڵ ژیا و لە ٢٠١٤ بەشێوەی ئاسایی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ئێران..

لە ئێران لە ساڵی ١٥٠١ لە دوای هاتنە سەرکاریی سەفەوییەکان زۆربەی کۆمەڵگەکان لە ئێران سوننی مەزهەب بوو. بەڵام دەسەڵات، مەزهەبی شیعەی بە فەرمیی ناساند. لەو کاتەوە دەسەڵاتی دوویەم لە هەناوی کۆمەڵگەکانی ئارییایی لە ئێران دا، هاوبەشی دەسەڵاتی پاشاکان بوون و شادەماری ژیانی گەلانیان بەدەست بوو.

لە یەکەم شۆڕش دا، لە ١٩٠٦ (١٢٨٥) کە ناوی مەشرووتەی لێنرا و بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ڕەهای شا بۆ سەڵتەنەت کردن بوو، نەک بۆ حکوومەت کردن؛ توێژی مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی شیعە لەئێراندا کە هەتا ئەوکات، ماوەی ٤٠٥ ساڵ بوونیان هەبوو، بەشێوەی جۆراوجۆر زۆرینەی حەشیمەتیان کردبوو بە شیعە، کە شەڕ و شمشێر زۆرترین دەوری لەو شیعەکردنەدا دەگێڕا. مامۆستایانی ئایینی شیعە لەو شۆڕشەدا، دوو بەش بوون. بەشی یەکەم لە بەرەیی مەشرووتەخوازان بوون و بەشی دووەم دژبەر بوون و ناویان مەشرووعەخواز بوو.

ئەو ململانێیە ٧٢ ساڵی کێشا، هەتا مەشرووعەخوازەکان بەتەواوی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دا، سەرکەوتن. لەو ٧٢ ساڵە دا، ٥٧ ساڵ دەسەڵات بە دوو شای پەهلەوییەکانی تازە دامەزراو بوو. باوک - ڕەزا شا ١٦ ساڵ - و کوڕ - محەممەد ڕەزا شا ٣٧ ساڵ -. هەرچەند خۆیان بە درێژەدەری مەشرووتەخوازیی دەزانی بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. پەهلەوییەکان سەربارەت بە ژنان و کچان ڕەفتار و کردەوەکانیان لەسەرییەک ئەرێنی بوو. لە بەرانبەر دا، مەرامی مەشرووعە خوازیی حسێبێکی ئەوتۆیان بۆ ژنان و کچان نەدەکرد و لە ڕەدی مرۆڤی خاوەن ماف دا، بەداخەوە نەیاندەخوێندنەوە.

لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی کە مێژوو بە «مێژووی هاوچەرخ یا سەردەم» پێناسە دەکرێ، کۆمەڵێک ڕووداو و تێکۆشان لەلایەن ژنان و کچان بوون بە هۆی درووستبوونی ژمارەیەک حیزب و ڕێکخراوی مەدەنی و تا ڕادەیەک تێکەڵاو لەگەڵ سیاسەت لەتاران و شارە گەورەکان لەلایەک و لە ئازەربایجان و کوردستان لەلایەکی دیکە، جێگە و پێگەی ژنان و کچان زۆر بەرز بووە. بۆ وێنە: بۆ یەکەم جار لە مێژوویی جوغرافیای سیاسی ئازەربایجان و ئێراندا کە لە ٢١ی سەماوەزی ١٣٢٤دا، حکوومەتی میللی ئازەربایجان ڕاگەیاندرا؛ ژنان و کچان لە ساڵی ١٣٢٤دا، مافی دەنگدان و خۆبەربژێریان بۆ بەشداریی و بەڕێوەبەری لە شکڵی پەرلەمان و شووراکاندا، وەدەستهێنا و بەکردەوە ئەنجام درا.

لە جوغرافیای سیاسی و دەرفەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا، ٥٢ ڕۆژ دواتر حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا. لە درێژەی ئەو حیزبە بە ڕێکخراوی ژنان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، کە درێژترین مێژووی تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوە بەتوانایە، ٧٩ ساڵە مێژوو و تێکۆشانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی نیشتیمان و تاراوگەدا، بە هەڵکشان و داکشانی خۆیەوە، هەیە.

هەروەها، لە ساڵی ١٩٦٢ (١٣٤١) لە ئێران و زەمانی پەهلەوی دووەم (محەممەد ڕەزا شا) دا، بیری ئیسلامی سیاسی لە درێژی مەشرووعە خوازییدا، دژایەتیی ئەنجوومەنی ئەیالەتی و ویلایەتیی و ڕیفۆرمی شای کرد،



کە لە یەک لە ماددەکانیدا، هەوڵی جێگیرکردنی مافی دەنگدانی کچان و ژنان لە ئێرانێ بە فەرمیی دەرکرد. ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی شیعە موخالیف و دژبەر بوون. ڕێبەریی دژبەران ڕوحوڵڵا خومەینی بوو کە دواتر بۆ ئەوەی ئێعدام نەکرێت پلەی ئایینیەکەی لە حوجەتولئیسلامەوە کرا بە ئایەتولڵا. ئەوە ململانییەکی زۆر گرینگ نێوان بیری ئیسلامی سیاسی و عورفی و سکولار، بەبۆچوونی ئەمڕۆ، بوو کە ١٦ ساڵ، دواتر ئیسلامی مەشرووعە و سیاسی لە شەپۆلی بەهێزی نارەزایەتییەکانی دژی دەسەڵاتی محەممەد ڕەزا شا (پهلوی دووەم) کە لە ٢٦ی بەفرانباری ١٣٥٧ لە ئێران ڕۆیشت، خومەینی هاتەوە ئێران و بە فێڵ و تەڵەکە (تقیە) زاڵ بوو کە دەسەڵاتێکی دژەمرۆیی و دژەژنی جێگیر کرد و پتر لە ٤٥ ساڵە گەلانی ئێرانی تووشی ناخۆشترین ژیان و گوزەران کردووە.

بۆ ئەوەی بەشێک لە بۆچوونەکانی خومەینی سەبارەت بە ژنان و کچان پتر بزانین پێویستە ئاماژە بکەین کە لە ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٤١دا، لە نامەیەک بۆ شا لە دانی مافی دەنگدان بۆ ژنان و کچان نارەزایەتی دەردەبڕێ و بەپێچەوانەی بنەمای قورئان و ئیسلامی دەزانێت. پێشتریش ئەو لە (صحیفەی نور جلد اول، تهران وزارت ارشاد اسلامی ١٣٦١، ص ٢٧) نووسیبووی: «دەسەڵاتی ئێران بە یاسا پیرۆزەکانی ئیسلام دەستدرێژی کردووە و بە یاسا سەلماوەکانی قورئان تەمای دەستدرێژی هەیە و بە یاسای بنچینەیی دەیهەوێ ژنەکانی بەعیفەت و پاک بێزراو و میللەتی ئێران سەرشۆڕ بکا».

لەلایەکی دیکەوە ئایەتولڵا خومەینی بڕوای وابوو: بەجێهێنانی ئەو جۆرە یاسایانە و بەشێک لە ماددەکانی وەک: نیزامی زۆرەملێ [سەربازی] بۆ کچان، یا یەکسانی مافی ژن و پیاو بە ئاشکرا بە مانای لابردنی قورئان و ئیسلام لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دایە. هەروەها خومەینی کاتێک ڕەخنە لە کارنامەی سەرۆک وەزیری و کابینەی عەلی ئەمینی دەگرێ دەڵێ: ئیدارەی سەرانسەری وڵات هەڵەیە. پەروەردە لە قوتابخانەکان و زانستگەکان دا، بە تەواوی هەڵەن و تەنیا کافر بەرهەم دێنن.

کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان توندوتیژی دژی ژنان بە «هەرجۆرە کردەوەیەکی توندووتیژی لەسەر بنچینەی جێندر (ڕەگەز) کە بە برین هەڵگرتن یا جێی لێدان و نارەحەتی لەش و دەروون بە زەبر لێدان پێناسە دەکا، کە هەڕەشە لەو کردەوانە بە زۆری و بەربەست کردنی ئازادی (چ لە کۆمەڵ و چ لە ژیانی تاکەکەس) دا، دەگرێتەوە. هەروەها، هەرجۆرە ڕەفتارێکی توندی ڕەگەزی کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی لەش، دەروون و ناخۆشی و ئازار گەیشتن بە ژنان، چ بە شێوەی هەڕەشە، یا کەند و کۆسپی ڕێگریی بێ ئیختیاریی لە ئازادی چ بەشێوەی ئاشکرا و بەشێوەی نەهێنی، بە توندوتیژی دژی ژنان و کچان پێناسە دەکرێ.

شۆڕشی گەلانی بەرایی لە ئێران کە لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا سەرکەوت، ڕێژیمی پاشایەتی بە مێژوو سپێردرا. ٢٥ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە یەکەم چالاکی ژنان لە ١٧ ڕەشەمە (٨ی مارس)دا، لە تاران و چەند شاری دیکە یەک لەوان سنە، خۆپیشاندانێکی مەزن بەڕێوەچوو. ڕێز لە ٨ی مارس گیرا و بەدژی درووشمی نوێی دەسەڵاتی ئێران واتە «یا ڕوسری یا توسری» کە پاشان «حیجابی زۆرەملێ»ی لێکەوتەوە، هەڵوێستی توند گیرا. ئەو درووشمە و کردەوەکانی دواتر کە لە دەستووریی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی نوێ هاتنە ئاراوە، ژنان و کچان کران بە ئامانجی یەکەمی توند و تیژییەکان.

لە یەکەم بەهاردا کە ناوی «بەهاری ئازادیی» لێنرا، شەڕێکی خوێناوی بە سەر سنەدا سەپا. هێرشی ڕێژیم بۆ نێوشار وێرانی، کوژران و زیندانی کرانی تێکۆشەرانی گەلەکەمانی لێکەوتەوە. ئەو کارە سەرکوتکارانەیە، پێشێلکاریی مافی کورد و کوردستانیان بەگشتیی و مافی ژنان و کچان بەتایبەتی بەتوندترین شێوە لێکەوتەوە.

لە ١٠ی خاکەلێوە کە بۆ ئێمەی کورد ڕۆژێکی زۆر شووم و ناخۆشە و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی، ئامۆزا و سەدری قازی برای پێشەوا، سەردار کرابوون و گیانیان لێئەستێندرابوو، یەکەم ڕێفراندۆمی دیاریکردنی ڕژێمی نوێ ئەنجام درا. لە ١٢ی خاکەلێوە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاگەیەندرا. زۆربەی گەلی کورد، حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتییە میللی – مەزهەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک: حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، کۆمەڵەی شۆڕشگێر، یا بەڕێز مامۆستا شێخ عێزەدەینی حوسێنی بەشدارییان نەکرد. لە ئاستی سەرانسەریشدا، چریکە فیداییەکان، بەرەی دێموکراتیک دا مەتین دەفتەری و ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی وەک: یاد بەڕێز ئەحمەدی شاملوو و هاو چەشنەکانی بەشداری ئەو ڕا پرسییە نەبوون. چونکە مافەکان نەتەنیا پارێزراو نەبوو، نێوەڕۆکی



کۆماری ئیسلامیش نادیار بوو.

گەلی کورد زۆر زوو هەڵوێستی لەبەرانبەردا گیرا کە بە داسەپاندنی شەڕی سێ ڕۆژەی نەغەدە، لە ٢٩، ٣٠ و ٣١ی خاکەلێوەدا، توندوتیژی بۆ جاری دووەم وێرانی و کوشتار، ئەم جار بەجێهێشتنی ماڵ و ژیانیشی بۆ کوردەکانی پێوە بوو. چەند ساڵ هاوژینی و خزمایەتی و ئارامی نێوان کورد و تورکی ئازەری و بوونی شووڕای هاوبەشی ئیدارەی شاری نەغەدە، بەرەو توندوتیژی و مرۆڤکوژی، ژن و منداڵکوژی بە فەرمانی ئاخوند حەسەنی پێشنوێژی هەینی شاری ورمێ و نوێنەری ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەری مەزهەبی ڕژیمی نوێ ئەنجام درا.

دواتر لە شەڕی سێ مانگە و ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨دا، لە گوندی قارنێ لە ٧ کیلۆمیتری نەغەدە، کارەساتی کۆمەڵکوژی ڕووی دا و ٦٨ کەس لە ژنان، کچان و پیاوان و کوڕانی دانیشتووانی ئەو گوندە خنجیلانە و پڕ وەزەیە بۆ ژیان و بەرهەمهێنانی لادێی کرا، تەنانەت مەلای ئاوەدانیش کە قورئانی بۆ تکایە بۆ نەکوژرانی خەڵک بەدەستەوە بوو، بەداخەوە گیانی لێئەستێندرا. ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە کە لە چەند ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چەند پات بۆوە، ژنان و کچانی ئەو دەڤەرانە بە لەدەستەدانی باوک، برا، هاوسەر، خزم و کەس، جیران و هاودەیی، تووشی ژانی ژیانی دوور و درێژ بوون، بۆ ئەوەی سەپاندنی دەسەڵاتی نگریس و پڕ لە ئێش و ئازاری جینایەتکاریی خۆی سەقامگیر بکا. ئێستا پتر لە ٤ دەیەیە بەهۆی بەرگریی و بەرخۆدانی هەموو ئۆگرانی ئازادیی و ژیانی ئینسانی کچان و ژنان، پیاوان و کوڕان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکان، دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسیی سەرکەتوو نەبووە.

جێی ئاماژەیە کە زیندانییەکانی سیاسیی دە ساڵی یەکەمی خۆسەپێنی ئەو ڕێژیمە دژی مرۆییە کە زۆربەی کچ و ژنی لاوی بە تاک و بە کۆ کە کوژران، پێش گیان لێئەستاندیان لاقەشیان دەکردن کە ڕێکخراو و حیزبەکان بە تایبەتی موجاهدین، حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و چریکە فیداییەکان پشکی شێریان پێ برا. بۆ وێنە: شەهین باوەفا لە سنە لە ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٥٩ دا، لەگەڵ فریشتە گوڵعەنبەرایان و غوڵامڕەزا خاکباز، شەهلا و نەسرینی کەعبی دوو خوشکی سەقزیش لە ٧ ی خەرمانانی ١٣٥٩ و سەدان موجاهید لە تاران، تەورێز و شارەکانی دیکەی ئێرانی داگیرکراوی بە هۆی ئیسلامی سیاسییەوە، گیانیان لێئەستێندرا.

وشەگەلی گرینگ و کلیلی، سەبارەت بە توندوتیژی:

توندوتیژی نێوماڵ، توندوتێژی بنەماڵەیی، توندوتیژی دژی ژنان و کچان، زەعیفە، ڕوانگەی ئەمنییەتی لەسەر ژنان، توندوتیژی لەشی و دەروونی، جیا کردنەوەی کچان و کوڕان لە قوتابخانەکان، ڕفاندن، لاقەکردن و دەستدرێژیی جنسی، زیندان، دەستدرێژیی بۆ کچان پێش ئێعدام، ژنان و کچانی زیندانی خەزا بۆ پاسداران، هێزە ئینتیزامییەکان، پۆلیسی فەتا، منداڵانی نێوزیندان، ژووری تاکەکەسی یا ئەشکەنجەی سپی، بە پرچەوە هەڵاوسین لە زیندان، توندوتیژی لەسەر ڕەگەز، دەستئاوڵەبوون بۆ جینایەت (آتش بە اختیار)، سەربڕینی ژنان و کچان، فرۆشتنی کچان و ژنان، وەلانان، نێرسالاری، ئەنجوومەنی ئیسلامی لە زانستگەکان، گەشتەکانی سارئەڵڵا و ئیرشادی ئیسلامی، مەترسی لەسەرسڵامەتی ژنان، منداڵ هاوسەری، منداڵ ئازاری، ئەسڵی ١١٥ی دەستووری ئێران کە ژن ناتوانێ سەرکۆمار بێ، داسەپاندنی سەرپۆش و ڕووپۆش و ڕەنگی لیباس، حورمەت نەگرتنی ژنان و کچان، جنێودان، قسەی ناخۆش، تانە و تەشەر، لێدان و لاتاو پێدادان. شەڕ و کێشەی جەستەیی، بەپرچ ڕاکێشان، بەردباران، ژنکوژی، منداڵکوژی، دایککوژی، هەڵاواردن، ڕۆژنامە نووسانی کچان و ژنانی زیندانی، کۆمیتەی تاوان. گوشار بۆ خۆکوژی، قەتڵی نامووسی، قەتڵی پزیشکان و پەرستاران، دژایەتیی لەگەڵ پێشگیری لە منداڵ بوون، تەجاوزی گرووپی، شاهیدی دوو ژن لە بەرانبەر پیاوێکدا، ئەسید پرژاندن بۆ دەمووچاوان، ئومووری تەربییەتی، حەراسەت، ئەماکن، سپای پاسداران، قەساس، شەقامی وزەرا لە تاران، پانتایی جوغرافیای گەلانی ئێران مەیدانی توندوتیژی دژی ژنان و کچان، تیمارستانی ئیمام حوسێن، بەغی، پەرەستوو، تەقە لە لەشی ژنان بە تایبەتی چاوەکان، کلینیکی تەرکی بێ حیجابی، لایحەی حیجاب و عیفاف و...

شۆڕشی سێیەم بە پێشەنگی ژنان و کچان

بەربەرەکانی ژنان و کچان لە یەکەم هەنگاوەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی نوێی کاتیدا، دواتر کۆماری ئیسلامی لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، تا ئێستا بەشێوەی جۆراوجۆر لەئارا دا بووە و هەیە. ٨ ی مارسەکان، کەمپێنی یەک میلیون ئیمزا، کەمپێنی یاسای بێ سەنگسار، دایکانی خاوەران، ئازادییەکانی بە ئەسپایی، چوارشەمە سپییەکان، چەکی ئێمە دووربینی ئێمەیە کە مەسیح عەلینێژاد، لە زۆربەیاندا، نەخشی بەرچاوی ڕاگەیاندن

و ڕێنونی هەبووە، جێی سەرنجن.
ڕێژیم لە چۆنیەتی درێژەدانی دەسەڵاتی دوای نەمانی ڕوحوڵلا خومەینی، ڕێگەیەکی دیکەی بە یاسایەکی بنچینەیی داخراوتر لە پێشوو و بە ڕێبەرێکی دیکەی لاوزاتر لە پێشتر بەناوی عەلی خامنەای، وەک: وەلی فەقیهی دووەم بەپێی یاسا نووسراو و نەنووسراوەکان بەتایبەتی ئەسڵی ١١٠، هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی توند کرد و ئەوەی بەناوی ئاڵوگۆڕخوازیی و گۆڕان لە ئاستی سەرکۆماریی، نوێنەرانی مەجلیس و شووراکان کە بەشی جمهوریەت لە بەرانبەر ئیسلامییەت دان، تەسلیم کران.
هەتا ساڵی ١٣٩٦ یاری «ئیسلاحتەڵەب و ئوسوڵگەرا » لە ماوەی ٢٠ ساڵدا و سڕکرانی شەپۆل (بزووتنەوەی سەوز) بوون بەهۆی بێئومێدی لەلایەن بەشێکی بەرچاوی گەلان ئارایی لە ئێران و «دوایی ماجەرا» دەستی پێکرد. سەرەڕای ئەوەی توندوتێژی زۆر لەگەڵ ژنان و کچان، ڕۆژنامەنووسان و سیاسییەکانی جیابیر لە دەسەڵات لە نێوخۆی ئێران و دەرەوە «قەتڵی حکوومەتی» و تیرۆرکران، لیستی دوور و درێژ سەبارەت بەو جینایەتانە هەیە.
ناڕەزایەتییەکان لە ساڵەکانی ١٣٩٧-٩٨ دا، لەچوارچێوەی دروشمی «اصلاح طلب، اصولگرا دیگە تمومە ماجرا» خوێناویتر کران بەڵام درێژەیان کێشا و لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ (٢٠٢٠) دا، بە «قەتڵی حکوومەتی» ژینا ئەمینی کە ناوی زۆرە ملێی مەهسای لە پێناسەکەیدا، بۆ داندرا بوو، لە تاران بەهۆی گەشتی ئێرشاد و بە بیانووی نادروستی «کەم ڕووپۆشی» بزووتنەوەیەک لەبەر دەرکی نەخۆشخانەی کەسرا لە تاران دوای گواستنەوەی تەرمی جوانەمەرگی کوردستان، بۆ گۆڕستانی ئایچی لە سەقز، خرۆشی گەلان بەتایبەتی لە کوردستان، هاواری ژینا تۆ نامری و ناوت دەبێتە ڕەمزی خەبات و بەرخۆدان، شەقام و مەیدانەکان بوون بە مەکۆی تێکۆشان و شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» ئەمجار ژنان و کچان کە پێشەنگی ئەو خەباتە بوون جووڵانەوەکەیان بە هاوکاریی پیاوان و کوڕان بەرەو شۆڕشێک برد، کە دەسەڵاتی تارانی هەتا لێواری نەمان برد.

ئێستا لەم وتارەدا باس لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی جیهان، بەکەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدا، ئەو بزووتنەی لە کوردستان دەستیپێکرد و سەرەتا بەشی هەرە زۆری پارێزگەکانی ئێران، زۆر و کەم، تێیدا بەشدار بوون. هاوکات لە دەرەوە و بەشێکی زۆری جیهان دژی جینایەت و «توتالیتاریزمی ئیسلامی» شەقام و مەیدانەکان بە هەزاران کەسیان ئیدانە و دژایەتی ڕێژیمیان کرد. ئەو شەپۆلە مەزنە لەلایەن کەسانێکی شارەزا وەک شۆڕشی سێیەم پێناسەی دەکری کە مەشخەڵەکانی هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی، بە ئومێدەوە، هەرچەند زۆر بە دژواریی، ڕێگەی خۆی دەپێوێ.
ئەو شۆڕشەی کە بەرهەمی پتر لە چوار دەیە خەباتی، حیزب و ڕێکخراوە سیاسی، مەدەنیی و کەسایەتییەکانە و لە نێو ئەواندا، ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، کە بەداخەوە ئێستا لاواز بووە، گەورەترین ڕۆڵی ئەرێنییان گێڕا. بەئامارێکی ناتەواو بەڵام جێی متمانە و باوەڕ پێکراو کە لە بەرنامەی ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر کتێبی سوورخەڵاتان کە ژیان و سەربردەیی ١٤٠ شەهیدی شۆڕشی ژینا «ژن ژیان ئازادی» تێدا، کە لەلایەن خاتوو سۆما ناسری باسی کرا، بەشێک لە تێچووەکە بەجۆرە بووە، کە بەداخەوە هەر درێژەی هەیە.
لە کوردستان و ئێران سەرجەم لە ٣٦ پارێزگە خەڵک ڕژانە سەرشەقامەکان و بەشداری خۆپێشاندانەکان بوون. بەپێی ئامار ٦٠٠ کەس گیانیان لێئەستێندراوە کە ٥٧ کەسیان ژن و ٦٨ کەس منداڵ بوون. لەو ڕێژەیە ١٤٢ کەس کورد بوون. لەو ١٤٢ کەسە ٣٢٪ یان خێزاندار و ٦٧٪ سەڵت بوون، کە تەمەنی ١١٧ کەسیان لە نێوان ١٩ بۆ ٥٠ ساڵ بوو. ژیاننامەی ٩ ژن کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوون نووسراون. ٢٢٢ ژن بە پێی ئاماریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ڕەوتی شۆڕشەکە دا، دەسبەسەر کراون، کە چارەنووسی بەشێکیان تا ئێستاش هەر ناڕوونە. ١٦ منداڵ و [مێر منداڵ] لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ، بە تەقەی ڕاستەوخۆ یا لە ژێر ئەشکەنجە دا، شەهید کراون. کەم تەمەنترینیان ئەمیر حوسێنی سباتی خەڵکی شائاباد بوو کە بۆ قەڵەم و دەفتەر کڕین چووبووە دەر و پەیوەستی ناڕەزایەتییەکان ببوو، گیرا و لە ژێر ئەشکەنجە دا، شەهید کرا. دوو کەس لە سێدراە دران کە دواترین کەس ڕەزا ڕەزایی خەڵکی سەحنە بوو لە مانگی گەلاوێژدا، ئێعدام کرا.
هەروەها، ٩٠ کەس بە چەکی شەڕ، ١٩ کەس بە چەکی ساچمەیی، ١٤ کەس بە هۆی ئەشکەنجەدان، ٦ کەس بە هۆی باتووم لەسەردان، لە جوانڕۆ ٤ کەس بە دۆشکە، ٣ کەس بە دەمانچەی کۆڵت، لە مەهاباد سمکۆ مەولوودی بە چەکی قەناس شەهید کران. لە سەقز سەید محەممەد حوسێنی بە ماشێنی یەکەی تایبەتی، وەبەریان دا و کوشتیان. کەسێکی بەتەمەن لە دیواندەرە بە گازی فرمێسکرێژ گیانی لێئەستێندرا.
بەو ئومێدەی بە درێژەدانی ڕێگای ئەو شەهیدانە، ئامانجەکانیان کە نەمانی ڕێژیمی دژی گەلان لە ئێرانە، بە خەباتی یەکگرتوانە و هەمەلایەنە بێتە دی و ئازادی، یەکسانی، مافی ئینسانی و دیمۆکراسی لە ئێرانی فرە نەتەوەدا، جێگیر بکرێن .



# سۆشیال میدیا و توندوتیژی دژی ژنان


مەحبووبە ڕەحیمی

هەر وەک زۆربەمان دەزانین و دەبینین کە یەک لە مەترسیدارترین توندوتیژی، توندوتیژی دژی ژنان لە فەزای مەجازی یان سۆشیالمیدیایە. توندوتیژی دژی ژنان لە فەزای مەجازی ئاماژەیە بۆ هەر جۆرە هەراسانکردن و هەڕەشەیەک کە لە ڕێگەی فەزای دیجیتاڵی، ئینتەرنێت یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دژی ژنان بەکاردەهێنرێ. ئەم جۆرە توندوتیژییە کە زۆر بەخێرایی لەزیادبووندایە و دەتوانێ کاریگەریی نەرێنی قووڵ لەسەر ژیانی دەروونی، کۆمەڵایەتی و پیشەیی ژنان دابنێت.

بوونی ژنان و چالاکبوونیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە هێشتا نۆرم و بەها سوننەتیەکان بەهێزن، دەتوانێت ببێتە هۆی هەڕەشەی جددی و تەنانەت سووتەمەنی توندوتیژی لە نێو تاک و خێزانیشدا. ئەمجۆرە توندوتیژیانە دەتوانن دەروونی، زارەکی و تەنانەت جەستەیی بن کە بەداخەوە زۆرجار لەلایەن هاوژین، ماڵبات یان کەسوکاری ژنەوە ئەنجام دەدرێن. لە پێوەندی دەربارەی هۆکارەکانی ئەم توندوتیژییانە دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین:

–ترس لە تێکدانی ناوبانگ و شووناسی خێزان:

لە هەندێ کۆمەڵگەدا دەبیندرێ چالاکیی ژنان لەپانتایی گشتیی و کۆمەڵایەتیدا وەک هەڕەشە بۆ سەر ناوبانگی خێزان ئەژمار دەکرێت. ڕەنگە پیاوان یان خێزانەکان وا بیر بکەنەوە کە بوونی ژنان و کچان لە سۆشیالمیدیا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ناوبانگیان هەبێ کە ئەمەش بەجۆرێک بێڕێزیکردن بە متمانە و باوەڕبەخۆبوونی ژنانە.

–کۆنترۆڵکردن و هەستکردن بە خاوەنداریێتی:

هەندێک لە پیاوان و کوڕان بەهۆی بیرکردنەوەی کۆن و نەریتی، دەیانهەوێ کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر ژن، یان دایک و خوشکیاندا هەبێت.ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە بەشداریی ژنان لە فەزای گشتییدا قەدەغە بکەن، لەوانەش سۆشیالمیدیا و پەنا بۆ توندوتیژی بردن. ژنان مەجبوور دەبن جۆرێک هەڵسوکەوت بکەن کە باوک، برا یان مێرد و دەووربەر بۆیانی دیاریکردووە.

–ئێرەیی و نەبوونی متمانە:

زۆرێک لەو توندوتیژیانە بەهۆی ترس و رقی ڕەگەزیی بەرامبەر کە بەداخەوە ژنان دەبنە قوربانی، ناتوانن بەوجۆرەی کە دەیانهەوێ هەڵسوکەوت و بەشداریی لە سۆشیالمیدیا بکەن. ڕەنگە پیاوان بە جۆرێک نیگەران بن لە پەیوەندیی ژنان لەگەڵ کەسانی دیکە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی توندوتیژی نواندن، لە کاتێکدا کە بوونی خۆی لە سۆشیالمیدیا وەک پیاو بەڕەوا دەزانێ.

–گوشارە کۆمەڵایەتییەکان:

لە هەندێک حاڵەتدا گوشارە کۆمەڵایەتییەکان و زێدەدەسەڵاتی کەسانیتر دەبنە هۆی توندوتیژی لەلایەن مێرد یان کەسوکاری ژنەکەوە، بەتایبەتی کاتێک ژنان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاک و بەرچاون.

–ئازاردانی دەروونی لە سۆشیالمیدیا:

ناردنی نامەی هێرشبەرانە، وێنەی جنسی یان ڤیدیۆ بەبێ ڕەزامەندی کەسەکە، یەکێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی، بەتایبەتی ئۆنلاین کە ژنان و کچان لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبن. ئەمجۆرە ڕەفتارانە نەک هەر نارەحەتی و ئازاری فرەچەشن بۆ قوربانییەکان دروست دەکا بەڵکو دەتوانێ متمانە بەخۆبوونیان کەم بکاتەوە یا بەجۆرێکیتر دروستکردنی وێنە و ڤیدیۆی فەیک بۆ هەڕەشەکردنی ژنان کە بەداخەوە دیاردەیکی قێزەونەو بەرۆکی ژنان و کچانی بەتایبەت لە ئێران و کوردستاندا گرتووەتەوە.

–بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاستی کەس یان کەسەکان:

ئاشکراکردنی نایاسایی زانیاریی تاکەکەس یان بەکۆ، لەوانە وێنە یان گفتوگۆی تایبەت. بەتایبەتی لە شێوەی تۆڵەستاندنەوە یەکێکە لەتوندترین جۆری توندوتیژی سۆشیالمیدیا کە دەتوانێت ببێتە هۆی لەدەستدانی تایبەتمەندی و زیانگەیاندنی دەروونی.

–هەڕەشە و قسەی ڕەق:

هەڕەشەی نووسراو یان زارەکی زیانگەیاندنی جەستەیی کە هەندێجار بەداخەوە قەتڵی لێدەکەوێتەوە. ئەم هەڕەشەیە کە ئاراستەی کەسانی دیاریکراو یان گرووپەکان دەکرێت لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، یان بیروباوەڕی سیاسییەوە ڕوودەدات. لە ئێران و کوردستان ئەمە زۆر باوە. هەر وەک دەبینین لە ئێران لە سەر بەکارهێنانی سۆشیالمیدیا و بڵاوکردنەوەی وێنە و هەندێک نووسراوە، ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەوە.

–هاندان بۆ توندوتیژی:

هاندانی کردەوەیی توندوتیژی کە لە ژێر پەردەی پاڵنەری سیاسی یان ئایدیۆلۆژیدایەو ڕەفتاری زیانبەخش بەرەوپێش دەبا.


–هەڕەشەی دیجیتاڵی:

ئەو هەڕەشانەی کە لەسەر پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێن و کاریگەری دەروونی جددی لەسەر قوربانییەکان دادەنێ.

–هەڕەشەی توندوتیژی جەستەیی:

هەڕەشەی زیانگەیاندنی جەستەیی یان تەنانەت کوشتن و لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانێ گشتگیر بێ و هۆی توندوتیژی لە جیهانی ڕاستەقینەیە. ئەم هەڕەشانە دەتوانن ئاسایشی دەروونی ژنان بخەنە مەترسییەوەو لە دونیای سۆشیالمیدیا دووریان بخەنەوە.

–قسە پێگوتن و بێڕێزیکردن:



بێڕێزی و گاڵتەجاڕی یەکێکی دیکەیە لە جۆرەکانی توندوتیژی کە لەسەر ژنان و کچان دەکرێتە ئامانج. هێرشی ئەلیکترۆنی دەتوانێ لە فەزای گشتیی یان تایبەتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا ڕووبدات و ببێتە هۆی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و گۆشەگیری ژنان. نەبوونی پەروەردە و هۆشیاری کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی و تێنەگەیشتن لە گرینگی سەربەخۆیی ژنان و مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران، دەتوانێ ببێتە سووتەمەنی ئەمجۆرە توندوتیژییە.

–دەرئەنجامەکانی توندوتیژی مەجازی بۆ سەر ژنان:

ئەمجۆرە توندوتیژییە نەک تەنها زیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە بەڵکو دەتوانێ ببێتە هۆی کەمبوونەوەی متمانە بەخۆبوون و کێشەی دەروونی درێژخایەن و تەنانەت کشانەوە لە بەشداریکردن بەئۆنلاین یان تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لە جیهاندا. جگە لەوەش ڕەنگە ژنان لە هەلی پیشەیی و کۆمەڵایەتی بەشێوەی ئۆنلاین بەهۆی ترس و هەراسانکردن و هەڕەشەوە بێبەش بکرێن.

بەهەندوەرگرتنی توندوتیژی سۆشیالمیدیا دژی ئافرەتان

توندوتیژی مەجازی دژی کچان و ژنان هەڕەشەیەکی جددییە و پێویستی بە کردەوەی خێرا و کاریگەر هەیە. بەهاوکاری و هاوبەشی حکوومەتەکان و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، چارەسەریی کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی ئەم کێشەیە و پاڵپشتیکردنی ژنان هەیە. هەروەها چارەسەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی سۆشیالمیدیا لە دژی ژنان پێویستی بەهاوکاری و هاوفکری هەمووولایەکمان هەیە. دروستکردنی بەرنامەی ڕاهێنان بۆ ژنان لە بواری ئاسایشی ئۆنلاین و مافە دیجیتاڵییەکان بەمەبەستی کەمکردنەوە و لاوازکردنی جۆرەکانی توندوتیژییە.

–ڕێکخستن و چاودێری یاسایی:

بەهێزکردنی یاساکانی دژی هەراسانکردنی دیجیتاڵی و سەپاندنی سزای توندتر بەسەر ئەو کەسانەی کە توندوتیژی لە فەزای ئەلیکترۆنیدا دروست دەکەن. پاڵپشتی قوربانی و دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری دەروونی و یاسایی بۆ ژنانی لەو چەشنە، بەتایبەتی کاتێک ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئۆنلاین یا هەراسانکردن دەبنەوە.

–ئامرازەکانی پاراستن لە پلاتفۆرمەکاندا:

دیزاینکردن و پەرەپێدانی ئامرازەکان بۆ ڕاپۆرتکردن و لابردنی نێوڕۆکی هێرشبەران لەلایەن پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکانەوە، بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە دونیای مەجازیدا. چارەسەریی بۆ کەمکردنەوەی ئەم توندوتیژیانە دەتوانن بریتی بن لە پەروەردەی گشتیی سەبارەت بە مافەکانی ژنان، هاندانی گفتوگۆ، دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی یەکتر لە خێزانەکاندا، بەهێزکردنی ژنان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشانە و زوڵمانە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەڵوێستە کۆن و نەریتییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا.

توندوتیژی لە سۆشیالمیدیا ئاماژەیە بۆ پەرەپێدان یان بەڵگەمەندکردنی کردەوە توندوتیژییەکان هەروەها هەڕەشەی توندوتیژی کە ئاراستەی تاک یان گرووپ دەکرێت. ئەم دیاردەیە دەتوانێ چەندین شێوەی هەبێ کە بەداخەوە گەشەسەندووە کە کاریگەری لەسەر هەم تاک و هەم کۆمەڵگەدا بەگشتیی هەیە . دەسەڵاتدارانی چەند وڵاتێک پتر بیر لەو یاسایانە دەکەنەوە پێشتر جێبەجێیان کردووە کە داوا لە سۆشیالمیدیا دەکەن نێوەڕۆکی نایاسایی لە ماوەی دیاریکراودا لاببردێ و ئەمە جێی خۆشحاڵییە. دیکیۆمێنتکردنی نێوەڕۆکی توندوتیژیی یا هەڕەشە و بەکارهێنانی ئامرازەکانی، بلۆککردن و سنووردارکردنی بەردەست؛ دەتوانێ لە هێندێک بواردا ڕێوشوێنی زۆر گرینگ بێ.

–خۆپاراستن و هۆشیارکردنەوەی خەڵک

دەروونناس و پسپۆڕان لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن کە چۆن بەرکەوتن بە توندوتیژی ئۆنلاین کاریگەری لەسەر ڕەفتار و تەندروستی دەروونی دەبێ. گرینگە بەکارهێنەران بەتایبەت گەنجان لەسەر مەترسییەکانی توندوتیژی و چۆنیەتی خۆپاراستن هوشیار بن.با هەمووومان بۆ وشیارکردنەوە و بەرەنگار بوونەوەی توندووتیژی دیجیتالی بۆ سەر ژنان و کچان تێبکۆشین.

# ٢٥ی نۆڤەمبر و ئەرکی ژنان

هەروەک ئاگەدارن مێژووی ٢٥ی نۆڤەمبر دەگەڕێتەوە بۆ مەرگی سێ خوشکی خەباتکاری سیاسی کە زیاتر لە ٦٠ ساڵ لەمەوپێش دژبە سیستمی کۆماری دۆمینیکۆ بوون، دوای سێ مانگ لە بەندیخانە دەکەونە ژێر ئازار و ئەشکەنجە، دەبنە قوربانی ویست و ئامانجەکانیان.

٢١ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە لەشاری بۆگۆتا پێتەختی کۆلۆمبیا لە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەربەرین بە بەشداری چالاکوانانی مافی ژن، پێشنیار دەکرێت کە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبر بۆ ڕێز لە خەباتی ئەم سێ خوشکە خەباتکارە بۆ سەرنجراکێشانی بیروڕای گشتیی بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە بە توندوتیژی دژ بەژن، دیاری بکرێت. لە ساڵی ١٩٩٩ ئەم پێشنیارە لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەفەرمی دەناسرێت. دوای ساڵێک ئەنجوومەنی تەناهی لە ژێر ناوی (ژن، ئاشتی، ئەمنییەت) کە هێڵی سەرەکی بڕیارنامەی ١٣٢٥ بوو، پەسند کراو لەو بڕیارنامەیەدا هەر چەشنە توندوتیژییەک بەرامبەر بە ژن ڕووبەڕووی یاسا و لێپرسینەوە ببێتەوە.

بەپێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەرچەشنە توندوتیژیی، ئازار و بێحورمەتییەک بە ژن، لەڕووی جەستەیی، جنسی، ڕەوانی و دەروونی، دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە، زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەو بڕیارە تێپەڕ دەبێت. ئەگەر چاوخشاندنێک بە ئاماری ساڵانەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی ژن بدەینەوە، دەبینین کە توندوتیژی لە گشت وڵاتانی جیهان کەم یان زۆر دژ بەژن بوونی هەیە کە وایە ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە تایبەت بە وڵاتێک، ناوچەیەکی دیاریکراو نییە. ئەم کردەوانە لەگەڵ مرۆڤایەتی دەژین واتە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەڕەوانی مرۆڤەکان بە کەشی ژینگە و کولتوور و نەریتی خۆجێی هەیە. دەکرێ بڵێین ڕێژەی توندوتیژی دژی ژن لە وڵاتانی پێشکەوتوو،


شەهێن زادئەحمەد

دێموکراتیک و وڵاتانی دواکەوتوو و غەیرە دێموکراتیک وەک یەک بەراورد ناکرێت. بۆ نموونە وڵاتێکی وەک فینلاند کە بنەمای دارێژراوە لەسەر سیستمی سۆسیالیستی و دێموکراتیک یا مافی وەکیەک، ئەو وڵاتە بەپێی سەرچاوەیەکی فەرمی لەساڵی ٢٠١٦ کە لە ناوەندێکی ئەورووپاییدا کراوە. ٤٧٪ی ژنانی ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە لە وڵاتانی پێشکەوتوو، یاساو سیستمی حکوومەتی لە کاناڵەکانی جۆراوجۆر بۆ دابینکردن و پەرەپێدان بە ئاسایشی گشتیی و ئەمنییەتی تاکەکانی کۆمەڵگە و بنبڕکردنی کردەوەی توندوتیژی، بەدەیان ناوەندی زانستی، پەروەردەیی، دەروونناسی بۆ ڕاهێنان و پەروەردەی خەڵک دابینکردووە. بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی توندوتیژی دەخولقێنن لە کۆمەڵگەدا، سیستەمی حکوومەتی هەمووی ئەو کردەوانەی کە دەبێتە مایەی بێبەندوباری و توندوتیژی، بە بەرنامەڕێژی و پرۆژەی گونجاو لە هەوڵی چارەسەرکردنیاندا هەن وهەوڵ دەدەن کیشەکانی کۆمەڵایەتی بەڕێژەیەکی کەمتر بگەیەنن بەڵام پێچەوانەکەی لە وڵاتانی دواکەوتوو، سیستەمەکان، دیکتاتۆرن، کۆنەپەرەستن بەتایبەت لە ئێران یاسای حکوومەتی مەزهەبی، سەرەکیترین هۆکاری کێشەکانی کۆمەڵایەتین. رژێمێک کە بۆداسەپاندنی بەردەوامی نیزامەکەی بەرژەوەندی گشتی وڵاتی بەهەموو شێوە فیدای سەرەڕۆیی و سەرکێشیەکانی کردووە بەجۆرێک یارمەتیدەرن بۆ کێشەکانی کومەڵایەتی هەروەها یاسای ئەم نیزامە

بەهۆکاری نافەرمانی لە بەرانبەر یاسای پەسەندکراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، خۆی بووەتە خولقێنەری قەیران، لەکۆمەڵگەدا خەڵک لەوپەڕی بێکاری و هەژارییدا ژیان بەسەر دەبات. ئەمە خۆی هۆکاری کێشەکانی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە، سەرەڕای ئەمانە خەڵک زۆرجار نەخوازراو لە کەشێکی داخراو و ژەهراوییدا لە سیستمێکی دیکتاتۆری ئیسلامی ولە فەرهەنگ و کولتووری داسەپاوی ئەم هێژمۆنییەدا گیردەکات. لە واقعیدا ژیانی ئاسایی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئاسایشی گشتیی ئەم خەڵکە دەستیبەسەردا گیراوە، نیزامێک کە بۆ بەرژەوەندی لە دەستکەوتەکانی مافی مرۆڤ پێشیل دەکات نادموکراتیکە و نامۆیە لەگەڵ یەکسانی و مافی وەکیەک. بۆیە ئەم حکوومەتە ڕێز لە ٢٥ی نۆڤەمبر رۆژی جیهانی دژی توندوتیژی بە ژنان ناگرێت و بەفەرمی ناناسێت. خەڵک نە لە کۆمەڵگە نە لە چوارچێوەی بنەماڵەدا ئەمنییەت و ئاسایشیان بەهیچ جۆر پارێزراو نییە و ژیانیان پڕە لە دەغدەغەی دەروونی و دڵەڕاوکێ، تاکی کۆمەڵگە لەبواری، ئیتنیکی، ئایینی، ناوچەیی، رەگەزی. سەرقاڵی دووچاوگی و بێحورمەتین ئەم ڕاستیانە کە باڵیان بەسەر بواری ڕۆحی و ڕەوانی تاکەکانی کۆمەڵگاکەماندا کێشاوە. سەرەڕای بوونی هەمووی ئەم لەمپەرانە بەخۆشییەوە دەبینین، ڕادەی خوێندەواری وزانیاری لاوەکانی کوڕ و کچەکانی نیشتیمانەکەمان بەرەو هەڵکشان و گەشەکردنە بە فەهمی سەردەمیانە، ئێمەی ژنیش هەست بەم زەرورەتانە دەکەین کە بتوانین بەرەو بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و یەکسانیخواز هەنگاو بنێنەوە. چالاکوانان چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات بۆ بنبڕکردنی هەرچەشنە زوڵم و ستەمێک، هەرشێوە توندوتیژییەک کە لەبەرامبەر ژناندا دەکرێت. بە هەر ڕێگەیەک کە بۆمان مومکینە دەبێ هەوڵ بدەین کاریگەریمان هەبێت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە راستای پرسی



گشتیی و ویست و داخوازییەکانمان، پێویستە ژنی کورد هەنگاوەگان خێراتر بکاتەوە بۆ ئەوەی کە لە ژیانی رابردوودا دەرباز ببێت و وریاتر پێی بنێتە سەردەمی نوێ. ئەگەرچی ژنانی کۆمەڵگەکەمان بەرەوڕووی گیروگرفتی یاسای نیزامی مەزهەبی حکوومەتی ئێرانن کە بەداخەوە زۆربەی ژنان نەیانتوانیوە توانا وهێزی کارامەیی خۆیان بناسێنن و لە بوارە گرنگەکانی وڵات و نیشتیماندا شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی بنەمایی بگێرێت و شوێندانەریان هەبێت بەڵام دەبێ بزانین سەرەڕای بەبوونی بەربەستەکانی کولتووری و یاسایی شەوە کەم نین ژنانی چالاک و خەباتگێڕ، خوێندەوار و ڕووناکبیر، ئەدیب و شاعیر، ڕۆژنامەنوس و میدیاکار.

ژنان لە کەشی داخراوی سەرکوتگەری مەزهەبی، ڕێژەیان لە مەیدانی ناڕەزایەتی، خۆپێشاندانەکان، دیار و بەرچاون، لە ڕیزی حیزبەکان و ڕێکخراوەکاندا چالاکن. دیارە ئەو ڕێژەیە بە لەبەرچاوگرتنی دانیشتووان کە ژن نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنێت زۆر کەمە کە بتوانێت کاریگەریی باشی بەسەر پرسی گشتیی و بەتایبەت پرسی ژن دابنێت. بەبڕوای من ژنانی چالاکی کورد پێویستە لە ڕەهەندەکانی جۆراوجۆرخۆپێبگەیەنێت و لە زانستی نوێ، لەکەرەستەکانی تەکنۆلۆژیا دەبێ بەهەر شێوەیەک کە بۆمان بکرێت کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆمان بەسەر پەروەردەو ڕاهێنانی تاکی کۆمەڵگە هەبێت تا بتوانین ڕێژەی ژنانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەرکدار بکەین بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری ئەوان لە گۆڕەپانی خەبات لەپێناو ئاڵوگۆڕ، چاکسازی و ریفۆرمی گشتیی خۆمان ببێنینەوە. بێگومان ئەرکی قورستر دەکەوێتە سەرشانی ڕێکخراوەکان، بژاردە و نوخبەی ژنی ڕووناکبیر و پیاوانی یەکسانیخواز و دێموکراتی نیشتیمانەکەمان، کۆڕوکۆبوونەوەی سیاسی، زانستی، کۆمەڵایەتی دەبێ پێک بێنن هەتا لۆژیکی دیالۆگ و رۆشنگەرییەکان بتوانێت ڕەفتاری تاکی کۆمەڵ بەنیسبەت پرسی ژن، ماف و ویستی ژنان بەشێوەی سەردەمیانە بێنێتەئاراوەو کاریگەریی ئەرێنی بۆ کۆمەڵگاکەمان هەبێت.

هەر لەو سۆنگەوە ڕێکخراوەکان، چالاکوانانی پرسی ژن پێویستە گرینگی پەیامی ئەم رۆژە پیرۆزە، بە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی خۆمان بگەیەنین هەروەها وەک بایەخێکی بنەمایی لەنێو پلاندا بەشێوەی جۆراوجۆر یارمەتیدەر بن لە بنبڕکردن یان کەمکردنی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە کە دژی ژنان لەئارادایە، ئەگەرچی توانا و ڕەنگ و دەنگی ئێمەی ژنان لە ڕابردوو تا ئێستا، ڕاستەوخۆ نەیانتوانیوە وەک پێداویستییەکی هەقیقی و واقعبینانە، ئەساسنامە و بەندەکانی دەستووری ئێران بگۆڕێت بەڵام ناڕاستەوخۆ ریکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی یەکێتیی ژنانی دێموکرات لە تریبونەکانی جۆراوجۆر لە کەناڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریدا، بە کۆڕ و کۆبوونەوەی پەیوەندیدار لەسەر ئەم هەڵسوکەوتە ناحەزانە کە بەرانبەربە ژن دەکرێت، بەمیدیایی کردووە بەدەیان پسپۆرو شارەزای دەعوەت داوەوە تا زیان و خەساری ئەم کردەوانە لە گشت بوارەکاندا بناسێنێت، تا تاکی نێو کۆمەڵگە ئاگەداری ئەم دواکەوتووییە بکات کە چەندە دەتوانێت لە دژ بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی و ئەمنییەتی وڵاتدا بێت و بەربەست دابنیت بۆ ئازادی یان بەپێچەوانەکەی چەندە کاریگەری نەرێنی لەسەرپێوەرەکانی بنەمای دیموکراتیزەبوونی وڵاتدا دەبێت. ئێمە مانان پەیامی ئەم رۆژە بۆ بەرەنگاربوونەوە بەسەر هەر چەشنە ئازار و توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژن و پرسی ژن بەرز دەنرخێنێن و بۆ جێگیربوونی یەکسانیی کۆمەڵایەتی پێشوازیی و پێشتگیری لە میکانیزمی گونجاو دەکەین. بەوهیوایە هەموولایەکمان بەرپرسانە بەوردبینیەوە خەسارەکانی ڕابردوو بێنینە بەرباس و شیانبکەینەوە تا لەو پێناوەوە بە خوێندنەوەیەکی پێشکەوتووانەوە هەوڵ بدەین بەرەوداهاتوویەکی گەش و ڕووناک تا نەسلی نوێ، لەبەرانبەر پاراستنی بەهاکانی نیشتیمانی و وڵاتپارێزی و وڵات خۆشەویستیدا، لە تالاوی کێشەکانی داسەپاوی دابونەریتی کۆندا قەتیس نەبێ و ئەزموونە تاڵەکان دووپات نەکاتەوە. بەلکو هەموو توانا و وزەکان بەبێ جیاوازیی لە پێناوی دروستکردنی متمانە، خزمەت و خزمەتگوزاریی بە یەکتر و ئاوەدانی نیشتیمانەکەماندا بێت.

# ڕاپۆرتی کار و چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٥ی نۆڤامبرەوە هەتا ١٠ی دێسەمبەر

ئامادەکردنی: سیمین روحانیزادە



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دەستپێکی ڕۆژی جیهانی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ٢٥ی نۆڤامبرەوە هەتا ١٠ی دێسەمبەر واتە ١٦ ڕۆژی پرتەقاڵی لە بنکەکانی ناو حیزب و هەروەها کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات چالاکیکەی بەرفراوانی بەڕێوە برد.

لێرەدا پێکەوە ئاماژە بەو کار و چالاکیانە دەکەین.

لە ڕۆژی ٢٤ی نۆڤامبر بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە دانیشتنێک بۆ بەڕێزان مەحبووبە ڕەحیمی، بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات،دلێر خورشیدی، چالاکی سیاسی، ئەندامی شارەوانی گۆنگسبێرگ جێگری بەرپرسی کرێکارانی نۆرویژ، بەیان کەریمی، چالاکی بواری ژنان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر/X سپیسێک بەڕێوەچوو.

لە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان پەیامێکی بڵاوکردەوە.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا هاتووە کە بێگومان ڕێژیم هەر بە یاساش جیاوازی دادەنێ لەنێوان ژنی فارس و نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد و بەلوچ و نەتەوەکانی تر کێشەی ژن بەگشتی لە ئێران دا یەک کێشەیە سەبارەت بە مافە سەرەتاییەکان، بەڵام ژنی کورد بەهۆی نەتەوەیی بوونیەوە دووجار دەچەوسێتەوە بۆ نموونە لە دووساڵی ڕابردوودا "ژینا ئەمینی" بەهۆی نارێکی سەرپۆشەکەی و دوای ساڵێک "ئارمیتا گراوەند" لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقەوە کوژران و بەهۆی کوشتنیان شۆڕشێکی گەورە بەرپا کرا و چەندین ژن و لاوی دیکە لەو شۆڕشەدا شەهید بوون، بەڵام ژنێکی فارس لە ناوەندی زانکۆ دا خۆی ڕووت دەکاتەوە یاخود بە جلی ژێرەوە پیاسە دەکات زۆر بەهێمنی دەستبەسەر دەکرێ و لێپێچینەوەی لێ دەکرێ و دواتر تەحویلی بنەماڵەکەی دەدرێتەوە، و دەنگۆی ئەوە بڵاو دەکرێتەوە کە کێشەی دەروونی هەبووە. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە لە ئێراندا توندووتیژی سیاسی بەرامبەر ژنانی کورد لە هەموو جۆرەکانی تری توندووتیژی بەرجەستە ترە. بۆیە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا سیاسەت و یاسا سرفەن بۆ توندووتیژی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەش بەکاردێت و یاسا و دین وەک فاکتەری سەرەکی بۆ ئەومەبەستە بەکار دێنێ.

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی ئەو شازدە ڕۆژەدا ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی نۆڤامبری ٢٠٢٤، بە بۆنەی ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، سمینارێک لەلایەن کۆمیتەکانی دەرەوە لە نۆرویژ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان، لە شاری سترۆمێن وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە چوو. خاتوو نەمام زەرینفام بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆرویژ پەیامێکی لەسەر ٢٥ی نۆڤامبر خوێندەوە. لە بەشی یەکەمی سمینارەکەدا "خاتوو ئەوین ڕۆستەمی" چەند کۆپلە شێعرێکی بە نۆرویژی و کوردی پێشکەش کرد. دواتر خاتوو توبا ئەلیاسی چالاکی سیاسی و شارەزای بواری مافەکانی ژنان باسێکی لەسەر جۆرەکانی توندوتیژی و هۆکارەکانی پێشکەش کرد.

لە لایەکی دیکەوە لە درێژەی هەڵمەتی ڕۆژانی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان، ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە ٢٦ی نۆڤامبر سیمینارێکی بۆ خاتوو




«شلێرمەحموودی» شارەزا لە بواری یاسا و ئەندامی ڕێبەری حیزب و ئەندامی بەڕێوبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنا.

لەو سێمینارەدا باسێکی ورد سەبارەت بە توندووتیژی و جۆرەکانی و توندووتیژی بنەماڵەیی کرا بەشێکی دیکەی باسەکە بریتی بوو لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان که سەبارەت بە نەهێشتنی هەر چەشنە جیاکاریەک دامەزراون وەکوو پەیماننامەی سیداو.

دواتر هەر لە درێژەی سیمینارەکەدا باس لە کۆماری ئیسلامی کرا کەچۆن هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاریدا بە میکانیزمی جیاواز ژنان سەرکوت دەکات و توندووتیژیان بەرامبەر دەکات.
پاشان باسێک لەسەر ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە بەرنگاربوونەوەی توندووتیژی کرد و لەکۆتایشدا باسی ئەرکی ژنانی کرد کە دەبێ چی بکەن بۆ کەمکرنەوە و نەهێشتنی توندووتیژی.

هەروەها لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی یەکشەممە بەرامبەر بە ٢٤ی نۆڤامبر ٢٠٢٤ی زایینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیتەی ئاڵمان، لە درێژەی کار و چالاکیەکانی خۆی دا و بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە توندوتیژی دژ بە ژنان، سمینارێکی بەڕێوەبرد.

لەو سێمینارەدا پەیامی کۆمیتەی ئاڵمانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەم بۆنەیەوە لەلایەن بەهار حسێنی، ئەندامی کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوێندرایەوە.
پاشان ئیلهام چایچی، بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمانی یەکیەتی ژنان، بابەتەکەی لە ژێر ناوی توندوتیژی لە ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی دا پێشکەشی بەشداربووان کرد.

برگەی کۆتایی سمینارەکە تەرخان کرابوو بە جۆرەکانی توندوتیژی کە لەلایەن شەهین مورتەزازادە، ئەندامی بەرێوەبەریی کۆمیتەی ئاڵمانی یەکیەتیی ژنان پێشکەش کرا.

لەلایەکی دیکەوە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی نۆڤامبر ڕۆژی بەرەنگاری توندووتیژی دژبە ژنان ڕێپێوانێک لە کوینە لۆبی بۆ ١٨ لە لایەنی ڕێکخراوی نورویژی بەڕێوەچوو.
لەو ڕێپێوانەدا یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ، ڕێکخراوی ژنانی سوودانی و ژنانی فەلەستینی و چەند ڕێکخراویکی دیکەی دانیشتووی نۆروێژ بەشدار بوون.
بەشدار بووان لە بەردەرگایوێشتگەی شەمەندەفەر لە شاری ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆروێژ کۆبوونەوە و پەیامی ڕێکخراوەکان سەبارەت بەو زوڵم و زۆر و توندووتیژیانە کە ڕۆژانە بە بێ جیاوازی ڕەگەز، تەمەن، بەرەوڕووی مرۆڤەکان دەبێتەوە خوێندرایەوە.

پاشان بەشدار بووان بە ڕێپێوان و بە بەرزکردنەوەی شوعار، مەشعەل، وێنەی شەهیدان، وێنەی زیندانیانی سیاسی و هەروەها وێنەی ئەو ژنانەی کە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە حوکمی





سێدارەیان بە سەردا سەپاوە بۆ بەر دەرگای پارلمانی نۆرویژ وەری کەوتن.

درووشمی ژن، ژیان، ئازادی یەکێک لەو درووشمانە بوو کە لەلایەن بەشدارانی ڕێپێوان بە دوو زمانی کوردی و نۆرویژی دەوترایەوە.

هەروەها لە بەردەوامی چالاکییەکاندا،هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەشتی خاتوو مەلیحە مەحمەدی و ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە هۆڵی نەجیبە خان لە شاری کۆیە لە سێمینارێک کە بە بۆنەی ٢٥ی نوامبەر ڕۆژی جیهانی بەرنگاربویەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە لایەن ڕێکخراوی یەکگرتوی خوشکان لقی کۆیە بەڕێوە چوو بەشداری کرد.

هەروەها لە دەرەوەی وڵات هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەپەرەشتی خاتوو شەهین مورتەزازادە بەرپرسی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان لە ئاڵمان بەشداریان لە کۆڕ و سیمینارێک لە شاری کۆڵن کرد ، ئەم سیمینارە لەلایەن سەنتەری ژنانی کورد لە شاری کۆڵن بەڕێوە چوو بوو.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی سەرماوەز بەبۆنەی ٢٥ی نوڤامبر و ١٦ ڕۆژی پرتەقاڵی بۆ بەرەنگاربوونەوە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بە توندوتیژیدژی ژنان لە مەڵبەندی یەکی کوردستان و لە لایەن کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانەوە سێمینارێک بەڕێوەچوو.

سێمینارەکە لە دوو پانێل پێکهاتبوو لە پانێلی یەکەمدا شەهاب کاکە خزری چارەسەرکاری دەروونی بابەتێکی لەژێر ناوی «توندوتیژی و لێکەوتە دەروونییەکانی پێشکەش کرد ناوبراو بە وردی باسی لە لێکەوتەکان و کاریگەریی توندوتیژی بەرانبەر هەر مرۆڤێک کرد

لە پانێلی دووهەمدا خاتوو فاتمە عوسمانی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بابەتێکی لەژێر ناوی بە یاساییکردنی تندووتیژی پێشکەش کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا باسی لە ئەو یاسانەنووسراوانەی کرد کە لە کۆمەڵگەدا هەن و دەبنە هۆی چەوساندنەوە و توندوتیژی دژی ژنان کە بە بەراورد لەگەڵ یاسا نووسراوەکان مەترسیدارترن.

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی کومیتەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ژنان و کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆرویژ سێمینارێک بەڕێوەوەچوو بە مەبەستی زانیاری پێگەیاندن و شرۆڤەی چەند باس و بابەت لەلایەن بەڕێوەبەرانی سێمینارەکە بە بەشداری بەڕێزان دلێر خورشیدی، خاتوو شەهین زادئەحمەد، خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی بەڕێوەچوو.

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ سەرماوەز بەبۆنەی ٢٥ی نوڤامبر و ١٦ ڕۆژی پرتەقاڵی بۆ بەرەنگاربوونەوە بەدژی تووندوتیژی، سمینارێکی لە ژێر ناوی تاکی هۆشیار کۆمەڵگەی هۆشیار بونیاد دەنێ، بۆ ئەندامان ولایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب لەکۆیە پێک هێنا.

سمینارەکە پێک هاتبوو لە دوو پانێل، پانێلی یەکەم لەلایەن بەڕێز دانا حاجی بەرپرسی نووسینگەی کۆیە/بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان پێشکەش کرا، ڕێزدا داناحاجی باسێکی لە سەرتۆرە کۆمەڵایەتییەکان ولێکەوتەکانی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.
پانێلی دووهەم لەلایەن خاتوو شنە دروودگەر سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا کە باسێک بوو سەبارەت بە تووندوتیژی ولێکەوتە دەروونییەکان.

هەر وەها لە لایەن ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنان چەندین پۆستێر و وتەی ئەندامانی ڕێکخراو و چەندین ویدیو کە پەیامی ئەندامانی بەرچاوی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات بۆ لە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بڵاو کرایەوە.

# «ژنێک لە مندا پێدەکەنێ»

## کورتەچیرۆک

فەوزییە سوڵتانبەیگی

ئەم ڕۆژانە لێچکەکەی شل و ملتر گرێ دەدات، تیسکێ لە قژە شەڕابییەکەی بە لاجانگیدا شۆڕ بۆتەوە و لەبەر ئاوێنەکە خەریکی سوور کردنی لێوەکانیەتی. هەست بەوە دەکات لە پشت سەری ڕاوستاوم، بە بەپێکەنینەوە ئاوڕ دەدەداتەوە و دەڵێ: فەوزیە جوانم؟ کە پێدەکەنێ لە ژێر بریسکەی چاوەکانیدا چینەکانی بەر چاوی شیرینتر دەنوێنن. دڵم نایەت بڵێم... بەدڵپڕییەوە کیفەکەم لە شان دەکەم و دەچمە دەرێ.

قورسایی نیگای شۆفیر تاکسیەکە لە ئاوێنەکەوە بێزارم دەکات، لە دڵی خۆمدا دەڵێم ڕەنگە ماتیکەکەم زۆر زەق و لەچاو بدات، لە شەرمان هەمووی دەلێسمەوەوە و قووتی دەدەم. پێش ئەوەی بگەمە جێ، کرێکەی بۆ دادەنێم و دەڵێم دەستت خۆش بێت کاکە ئا لەم نزیکانە دادەبەزم. دەست دەبات لە داشبۆردی ماشێنەکە کارتێک دەردێنێ و دەڵێ: «ئەوە شومارەکەمە هەر وەخت تاکسیت ویست زەنگم بۆ لێدە.» دەڵێم: «دەستخۆش پێویست ناکات، بۆ خۆمان ئۆتۆمبێلمان هەیە، بەدەستەوە نەبوو دەنا قەت بە تاکسی تەلەفوونی هاتوچۆ ناکەین.»

دەڵێ: «قەیناکە با هەر پێت بێ.»

بەڕقەوە دەرگەی تاکسیەکە پێوە دەدەم و تیژ تێدەپەڕم. دەڵێم:» هەمووی فیتی ئەو قژە شەڕابییەتە بیخە ژێر لێچکەکەت. هەنگاوی وەپێش هەنگاوم دەخات و دەڵێ: «خودای دەکرد شار بە هەموو شەقام و چراسوور و دارتێل و جامخانەکانەوە مەست دەبوون».

لە بەر دەم کیوسکی ڕۆژنامەفرۆشی ڕۆژ ڕادەوەستێ سەردێڕی ئەو ڕۆژنامانەی بە تەنافەکەوە هەڵواسراون دەخوێنێتەوە. کەیهان، هەمشەهری، سیروان ...

سەردێڕی هەواڵێک بە بەشی هەواڵەکانی ڕۆژنامەی «شار»دا دامدەچڵەکێنێت: «سەر لەبەیانی ئەمڕۆ حوکمی سەنگساری چیمەن.م بەڕێوە چوو». ئەژنۆم وەلەرزین دەکەوێ و تف لە گەروومدا ویشک دەبێ. من و چیمەن ئەندامی نهێنی ڕێکخستن بووین. دوای ئەوەی من بە جانتایەک تراکت و ڕۆژنامە و وێنەوە دەستگیر کرام و ماڵی چیمەن بەوەیان زانی لە ترسان خێرا بە مێردیان دا و ئیتر بەخەیاڵی خۆیان ناوی لە ناوان سڕایەوە.

وێنە خوێناویەکەی چیمەن بە بەرچاومەوە دەکەێتە ڕێشکە و پێشکە.




تا سینگم بەرەوخوار لە گڵ چەقیبوو. حەشیمەتێکی زۆر بە کۆگای وردکە بەردەوە دەوریان دابووم.

نەمهێشت چاوم ببەستن. بەردێک و دوان و سیان... زرینگ زرینگ بەسەرم، ملم، شانمدا. تەنیا چاوەکانم نەترسانە زەق زەق دەیانڕوانییە ئەو ڕوخسارانەی بەقینەوە مستە پڕ لە بەردەکانیان بە ڕوومدا بەتاڵ دەکرد. چاوم پێی کەوت لە ڕیزی پێش پێشەوە ڕاوەستابوو بە ریشە بۆز و چاوە دەرپۆقیوەکانیەوە، نقێمی ئەنگوستیلەکەی لە وردکە بەردەکانی نێو مستی گەورەتر بوو.

هێشتا حوکمەکەم نەهاتبۆوە لە نێو هاوبەندیەکانمدا قاو بڵاو بۆوە حامیلەم، بە دڵ تێکەڵ هاتن و هێقە هێقەکەمدا تێگەیشتبوون، من خۆم عەقڵم بەم شتانە نەدەشکا، هەر بیریشم بۆی نە دەچوو.

دوای ئەوە بوو ڕۆژێک بانگیان کردمە دەفتەرەکەی. بەدەستی بەستراووەوە ڕووبەڕووی خۆی دانیشاندم، پێش ئەوەی شتێک بڵێت هالاوی بۆنە ئارەقی بەسەرمدا هات و وەک ئەوەی بە حەوت نەفەر چنگ لە دڵم خەن، دڵم لە ژێڵا هات و هێق هێق ڕشامەوە بەسەر مێز و قەندان و ئیستیکانەکەی بەردەمیدا. ترس دایگرتم، گوتم تازە کارم تەواوە ئێعدامیش نەکرێم دەمبەنەوە ژووری تاکەکەسی، کەچی ئەو زۆر مێهرەبانانە دەستی خستە سەر شانم و گوتی: « نگران نباش، چیزی نیست سرایدار تمیزش می کنە، فقط تو دختر خوبی باش!» نەمزانی مەبەستی لە دختر خوب چییە؟ سەعاتێ دواتر بە دەستی کراووەوە لە ژووری قابیلە بووم، گوتی: «بەوە چاکە زۆر گەورە نییە بە دەرزییەک هەڵدەکەندرێ». نەمهێشت، هەرچی خۆی لە دار و بەرد دا. گوتی: «ئەوە زۆڵە، حەرامزادەیە! ئاخەر تۆ منداڵی دووژمنێکی جەلادت بۆ چییە؟».

گوتم: «تەنیا منداڵە حەرامزادەکان دەتوانن پاشا زاڵمەکان لەقاو بدەن.»

وردە وردە لە نێو کۆگایەک وردکە بەرددا نوقم بووم ئاگەم لێبوو بۆ هەوەڵ جار لە کەلەکەی چەپمدا تەکانی خوارد، وەک لێدانی ڕەگێک، دوایە وەک خوشینی مارێک. هەستم کرد گەرماییەک بە نێو لەشمدا هات دوایە تەڕاییەک. ئیتر هیچم ئاگە لێ نەما.

کابرای ڕۆژنامەفرۆش گۆڤارێکی دایە دەستم و بە بزەیەکەوە گوتی: «دادە ئەمە ئابوونەکەت، چیرۆکێکی تۆشی تێدایە سەمای کچم لە بەیانییەوە زیاتر لە دە جار بۆی خوێندووینەتەوە. ڕۆژنامەکەم خستە تۆی گۆڤارەکەوە و وەڕێکەوتم».

تیسکێ لە قژە شەڕابییەکەم بە بەرچاومدا شۆڕ بۆتەوە و هەست دەکەم شەقامەکان بە هەموو پیادەڕەو و جامخانە و چراسوورەکانەوە تل دەخۆن. ئەم هەنگاوەکانی پێش هەنگاوم دەخات و بەدەم خوێندنەوەی چیرۆکەکەم قاقا پێدەکەنێ.

نووسەرانی بەهێزی پیاو
بەناوبانگانی سەردەم
ئازا دەنگ دلێرەکان
براوەی خەڵاتەکان
ڕایان وایە جیهانبینێکی بەرین لە بەرۆک دەم
بڕیارم دا
گەر کرا جیهانبینی هاوسەرەکەم بگۆڕم و
پێناسەیێک لە کۆمەڵگاە بۆ سەربەخۆییم وەر بگرم
کەلتووری سەپاو ڕازی کەم
موجەوزی ژنی تەنیا لە بارەگای ئایدولۆژی و
دەسەڵاتی پیاو پەرەست وەربگرم
گەر حوکمی ناشیزەیم نەدرا
وگومان لە ژن بوونم نەکرا
سەرێک بەنێو شاری خۆمدا پیاسە بکەم
زۆر شەقام وزۆر کۆڵانی شارەکەی خۆم نامۆیە بۆم

گەر بڕیاری هەرزەگەریم نەدرا
وابڕیارە
قەدەغەی شار بەزاندن بشکێنم
نیوە ڕۆژێک سەردانی شارەکەی تەنیشتمان کەم
گەرتوانیم پێناسە هەڵەکانی پیاوانەی سەرشەقام
لە تەنیا بوونم بگۆڕم
گەر بەر پەلاماری پیاوانەیان نەکەوتم
بڕێک بە دووی ئازادیدا بگەڕێم
دێموکڕاسی وپێشکەوتوویی وڵاتەکەم
ئەو ناوە گەورە گەورانەی کەپیاوانەن تاو توێ کەم

گەر بەرشاڵاوی پێوەری پیاوەتیان نەکەوم
ئەمەوێ   شێعرێک بڵێم هەموو جیهان بگرێتەوە
بەڵام تەنیا مەتبەخم لێ دیارە ودیوارەکان
ڕواڵەتێکی یەکجار پیاوانەو
پانتای بینینی داسەپاو
چوومەتە خانەی حەرامەوە
دوڵابێکم  داپۆشراو
پڕلە شەرەفی پیاوانە
چاوەکانم کلیلی شەرەفی پیاوە
گەر بمهەوێ جیهان بینیم فراوان کەم
ئەوان شەرەفیان  دەدۆڕێ
حکوومەتی پاشایەتی چەن ساڵانەیان دادەڕووخێ
شلێر ڕیشیدی

لـــە   لاپـــەڕەی   تلگرامـــی
شـــاعیر    هەڵگیـــراوە

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی ۲۵ی نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان

۲۵ ی نۆڤەمبەر وەک رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە جیهاندا دیاری کراوە،بۆ یەکەمجار لە ساڵی (۱۹٦۰) پاش کوشتنی سێ ژنە چالاکوانی سیاسی کە بە (خوشکانی میراباڵ) ناسرابون. خوشکانی میراباڵ پێکهاتبوون لەسێ خوشک بەناوەکانی (پاتریا، مینرا، ماریا ترێزا) بە شێوەیەکی دڕندانە لە ۲۵ی نۆڤەمبەری ساڵی ۱۹٦۰لە وڵاتی دۆمێنیکان لەلایەن دەست و پێوەندەکانی (ڕافائیل ترۆخیلۆ) تیرۆرکران.

چالاکوانان لە ئەمەریکای لاتین و ناوچەکانی کاریبی دژبەم پێشێلکاری و کوشتنە کاریان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان کرد و داوایان کرد ئەم رۆژە بە فەرمی بناسێنرێت بۆ وەستاندن و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان،دوای هەموو ئەو هەوڵانە لە ساڵی (۱۹۹۹) ئەم رۆژە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان بە فەرمی ناسێنرا . بۆ باس کردن لەم رۆژە باشتر وایە بزانین توندوتیژی چییە؟ وە چ میکانیزمێک هەیە بۆ وەستانەوە دژی توندوتیژی... کاتێک باس لە چەمکی توندوتیژی دەکرێ دەبینین تا ئێستا پێناسەیەکی کۆنکرێت و دیاریکراو لە توندوتیژی نەکراوە، بەشێک لە کۆمەڵناسان و دەروونناسان لەوانە ”گێلز و ستراوس“ توندوتیژی بە هەڵسووکەوتێکی مەبەستدار دەزانن کە خەساری جەستەیی و دەروونی هەیە بۆ سەر تاک. بۆیە توندووتیژی هەڵگری پێناسەی جیاوازە و خۆی لە چەندین کاری جیاوازدا دەبینێتەوە کە لەلایەن دەسەڵات، کۆمەڵگا و خێزانەوە بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت، بەڵام دیارترین پێناسەی توندوتیژی ”بریتیە لە هەرکردەوەیەک ببێتە هۆی ئازاردانی جەستە یاخود دەرونی ژنان.“

بە درێژایی مێژوو لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ژنان بە شێوازی جیاجیا ڕووبەڕووی توندوتیژی بونەتەوە لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەوە لەوانە (ئازاردانی جەستەیی،دەستدرێژی سێکسی، بەزۆر بە شودان، هاوسەرگیری پێشوەخت ،خەتەنەکردنی کچان، بازرگانیکردن بە کچان و ژنانەوە...هتد.)

کاتێک باس لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکرێ، دەتوانین بڵێین کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم دیاردەوە هەیە و یەک لەوانە سیستەمی باوک سالارییە، سیستەمی باوک سالاری و کولتووری بەرهەم هاتووی ئەم سیستەمە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهاندا یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی توندوتیژییە دژ بە ژنان. لە چوارچێوەی ئەم کولتوورەدا تەنانەت بەشێک لە ژنانیش هەندێ جار دەبن بە هێزی توندوتیژی نوێن بەرامبەر بە هاوڕەگەزەکانیان.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی توندوتیژی لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان ئایینە، ئایین لە بەشێکی زۆر لە وڵاتان پێوەندییەکی دوولایەنەی پەیدا کردووە لەگەڵ کولتوور، لەگەڵ ئەمەش هەندێ لە فەرمانە ئایینییەکان خۆیان هۆکارێکی مەشرووعیەت دانن بە توندوتیژی دژ بە ژنان. هەندێ جاریش عورفە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگ و بۆی فەرمانێکی ئایینی دەگرنە خۆ و دەبن بە هۆکاری توندوتیژی دژ بە ژنان وەک ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

لە بەشێک لە کۆمەڵگاکاندا، سیستمی کۆمەڵایەتی، وەک سیستەمی عەشیرەیی لە کوردستان و بەشێک لە کۆمەڵگاکانی تر هۆکاری توندوتیژین دژ بە ژنان. لە کولتووری عەشیرەیی و تایفییدا ژن موڵکی عەشیرە و تایفەیە و ئەرکی هەموو پیاوانی عەشیرەیە پارێزگاری لێ بکەن، زۆر جاریش بە بیانووی نامووس و شەرەف و پارێزگاری لە نامووسەوە ژنان لەم چەشنە سیستەمەدا دەبن بە قوربانی.

دەکرێ یاسا هۆکارێکی تری توندوتیژی بێ لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان، لەوانەش وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەک ئێران، یاسا دواکەوتووەکەی کۆماری ئیسلامی هۆکارێکە بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان. لە ڕێگای یاساوە ئیزن دراوە بە هەر چەشنە توندوتیژیەک دژ بە ژنان. ئەو کاتەی هەر بە دوو ژن پیاوێکن لە بەرامبەر یاسادا، ئەو کاتەی شاهیدی ژن قبووڵ ناکرێ، ئەو کاتەی ژن بۆی نییە لە بەشێکی زۆر لە پۆستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیدارییەکاندا بەشداری بکات، ئەو کاتەی یاسا ئیزن بە فرە ژنی دەدات، ئەو کاتەیە ڕەنگ و بۆی یاسا وەک لایەنێکی توندوتیژی نوێن دژ بە ژنان دەردەکەوێ. جگە لەمانەش هەر بە یاسا چەندین گەڵاڵە بەناوی یاسا دەردەکات وەک ”حیجابی زۆرەملێ و گەڵاڵەی نوور“ و گەڵاکەی ”تووبا“ و تازەترین و دەکرێ بڵێین گاڵتەجاڕترینیان، کردنەوەی ”کەمپی ترکی بێحیجابییە“ و هەزینەیەکی زۆری بۆ تەرخان کردوە و هەوڵێکی تری کۆماری ئیسلامیە بۆ سەرکوتی زیاتری ژنان و بەهەموو ئەوانە مافە هەرە سەرەتاییەکانی ژنانی زەوت کردووە و بە توندترین شێوە و هەر ڕۆژە و بەبیانوویەک ئەشکەنجەیان دەدا، هەر ئێستا چەندین چالاکی مافەکانی ژنان لە چاڵە تاریکەکانی کۆماری ئیسلامی دان و دوو کەسیان بەناوەکانی پەخشان عەزیزی و وەریشە مورادی، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاوە. ڕێژیم لە چوار دەیەی لەسەرکاربوونیدا لە زیندان و کوشتنەوە تا قامچی بەبیانووی جۆراوجۆر توندوتیژی بەرامبەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت ژنان ئەنجام داوە.

بێگومان ڕێژیم هەر بەیاساش جیاوازی دادەنێ لەنێوان ژنی فارس و نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد و بەلوچ و نەتەوەکانی تر □ کێشەی ژن بەگشتی لە ئێران دا یەک کێشەیە سەبارەت بە مافە سەرەتاییەکان، بەڵام ژنی کورد بەهۆی نەتەوەیی بوونیەوە دووجار دەچەوسێتەوە بۆ نموونە لە دووساڵی ڕابردوودا ”ژینا ئەمینی“ بەهۆی نارێکی سەرپۆشەکەی و دوای ساڵێک ”ئارمیتا گراوەند“




لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقەوە کوژران و بەهۆی کوشتنیان شۆڕشێکی گەورە بەرپا کرا و چەندین ژن و لاوی دیکە لەو شۆڕشەدا شەهید بوون، بەڵام ژنێکی فارس لە ناوەندی زانکۆ دا خۆی ڕووت دەکاتەوە یاخود بە جلی ژێرەوە پیاسە دەکات زۆر بەهێمنی دەستبەسەر دەکرێ و لێپێچینەوەی لێ دەکرێ و دواتر تەحویلی بنەماڵەکەی دەدرێتەوە، و دەنگۆی ئەوە بڵاو دەکرێتەوە کە کێشەی دەروونی هەبووە. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە لە ئێراندا توندووتیژی سیاسی بەرامبەر ژنانی کوردلە هەموو جۆرەکانی تری توونددووتیژی بەرجەستە ترە. بۆیە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا سیاسەت و یاسا سرفەن بۆ توندووتیژی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەش بەکاردێت و یاسا و دین وەک فاکتەری سەرەکی بۆ ئەومەبەستە بەکار دێنێ.

یەکێکی تر لە شێوەکانی توندوتیژی، توندوتیژی خێزانی یان توندوتیژی بنەماڵەییە. لە ڕاستییدا زۆربەی زۆری ژنان لەلایەن کەسانی نیزیکیانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. وەک هاوسەر، باوک و برا و کەسانی تری بنەماڵە هۆکاری ئەم توندوتیژیەن و زۆر جاریش بە هۆکاری جۆراوجۆر لەلایەن ژنانەوە بێدەنگی لەو جۆرە توندووتیژیە دەکرێ. لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکان و لەوانە کۆمەڵگای کوردیدا ، خێزان بە چوارچێوەیەکی پیرۆز دەزانرێ کە پێویستە هەموو شتێکی ئەم چوارچێوەیە لەنێو خێزاندا بمێنێتەوە و نەچێتە دەرەوە. بەشێکی پیاوانیش کە بەڕێوەبەری بنەماڵەکانن وەک دیکتاتۆرێک لەنێو خێزانەکاندا هەڵسووکەوت دەکەن. شەرم یان ترسی ژنان لەوەی کە سکاڵا دژ بە ئەندامانی بنەماڵە بەرز بکەنەوە، هۆکارێکی گەورەی چەوساندنەوەی ژنانە لەنێو ئەو ماڵانەدا.

کاتێک باس لە توندوتیژی و کاریگەرییەکانی دەکەین، ئەوە نییە توندوتیژی تەنها کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر تاک یان گرووپی قوربانی ببێت، بەڵکوو هەر کردەیەکی توندووتیژ کاریگەری خراپی هەیە لەسەر کۆمەڵگا و دەوروبەریش. ڕاستە بە شێوەیەکی هەست پێکراو کەسێک دەبێت بە قوربانی، بەڵام بازنەی قوربانییەکانی توندوتیژی زۆر زیاتر لە تاکێکە. توندوتیژی کاریگەری دەروونی، ماددی و مەعنەوی هەیە لەسەر کەسانی دەورووبەری تاکی قوربانی، بۆیە ئەرکی سەرجەم کۆمەڵگایە دژ بە توندوتیژی و کاریگەرییەکانی بوەستنەوەو دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان تەنها گرێ نەدەنەوە بە ژنان، بەڵکو ئەرکی هەموو کۆمەڵگایە و بە تایبەت چالاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چالاکانی مافی مرۆڤ و یاساناسانە دژ بە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بوەستنەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی ئارام و سەقامگیر بۆهەموو تاکێک پێک بێ و هەست بە ئاسوودەیی بکا و بزانێ لەباری جەستەیی و دەروونییەوە پارێزراوە، لەوکۆمەڵگایانەدا پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستییەکان زۆر خێراترە لەو کۆمەڵگایەی تاکەکانی کۆمەڵ هەست بە ئاسوودەیی ناکەن.

ئەوەی جێگەی باس و بایەخە بۆ پرسەکانی ژنان لەم ساتەدا ئەوەیە، ژن دەبێت زۆر هۆشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ پرسەکاندا بکات، ئەو بەربەرستە دەستکردانە لاببات کە ڕێگرن بۆ چوونە پێش و بەچارەسەر گەیاندنی گرفتەکان. بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا دەرک بەوە بکەن توندوتیژییەکانی ڕووبەڕووی ژن و کچی کورد دەبێتەوە لەو خاڵانەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانیان بە دەیان ساڵ بەجێیانهێشتووە بەڵام ئەوانیش بەدەر نەبوون لە قوربانیدان و دەبێت هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دینی و یاساییەکان هەماهەنگ بن بۆ نەهێشتن و ڕێگریکردنی دیاردەکانی توندوتیژی لەم کۆمەڵگەیەدا

**سەرکەوێ خەباتی ڕەواو بەردەوامی ژنانی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٠٢٤/١١/٢٥**

# woman, Life, Freedom



69

# women

democratic Woman Union of Kurdistan

december 2024